دامەزرانی هاوپەیمانیی

هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

کۆمەڵێک بەیاننامە، لێداون و هەڵوێستی نووسەران

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

پێڕست:

- ڕاگەیاندن، پەیام و لێدوانەکان:

١- بەیاننامەی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران... ٦
٢- ڕاگەیەندراو؛ لە وەڵامی هەڕەشەکانی ڕەزا پەهلەوی دژ بە نەتەوەی کورد... ٩
٣- ئامانجی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێرانی نامەرکەزی و دێموکراتیکدایە.. ١٢
٤- هاوپەیمانیی: لە بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆماندایین.. ١٣
٥- ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە سەبارەت بە بەشداری لە هاوپەیمانی کوردستان.............................. ١٦
٦- هاوپەیمانی: پێشوازی لە بڕیاری دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بۆ هاتنە نێو هاوپەیمانییەکەمان دەکەین.... ١٨
٧- هێرشەکانی ڕێژیم هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا... ٢٠
٨- هاوپەیمانیی: بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئامانجەکانی شەهیدانمان دێنە دی.................................. ٢٢
٩- کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو... ٢٤
١٠- هاوپەیمانیی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ لەهەمبەر هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڵوێستی هەبێت... ٢٥
١١- پەیام؛ بۆ نەتەوەکان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران، نەتەوەی تورکی ئازەربایجان و وڵاتانی دراوسێ............. ٢٧
١٢- هاوپەیمانیی: ئامانجی دوژمنانمان لە قڕکردنی نەتەوەکەمان هەرگیز وەدی نایە.................................... ٣٠
١٣- پەیامی نەورۆزیی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران... ٣٢
١٤- ئاگادارییەکی بەپەلە: هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پەنابەران و حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکەین.. ٣٤
١٥- هێرشی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاکانی پێشمەرگە پێشێلکردنەوەی سەروەریی سیاسیی هەرێمی.........
کوردستانە.. ٣٧
١٦- هێرشکردنە سەر ماڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرەدان بە ناسەقامگیریی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستانە.... ٣٩
١٧- ڕاگەیەندراو؛ بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد................................... ٤١

١٨- ڕاگەیەندراوی؛ هێزە سەبارەت بە ئاگربەست... ٤٤
١٩- هاوپەیمانیی: هێرش لە کاتی ئاگربەستدا، نیشانەی بنبەستی سیاسی و سپاییی ڕژیمی ئێرانە..................... ٤٦
٢٠- هاوپەیمانیی: سازان لەگەڵ تاران ڕێخۆشکردنە بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و ناسەقامگیری............................ ٤٨
٢١- کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران - سوید لەگەڵ "تۆڕی سویدی - کوردی"............. ٥١
٢٢- ڕاگەیەندراو؛ بۆ ڕای گشتی، وڵاتان، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!....................... ٥٤
٢٣- پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار............................ ٥٦
٢٤- هاوپەیمانیی: گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بە هێزی خەڵک و یەکگرتوویی سیاسی بەدی دێت............................ ٥٧
٢٥- ڕاگەیەندراو: سەبارەت بە لەسێدارەدانی "یەعقووب کەریم‌پوور" و "ناسر بەکرزادە".............................. ٥٩
٢٦- ڕاگەیەندراو:لەبارەی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە کوردستان و....ئێران ٦١
٢٧- وتاری نوێنەری هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە پارلەمانی ئورووپا........................ ٦٤
٢٨- هاوپەیمانیی: گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بە هێزی خەڵک و یەکگرتوویی سیاسی بەدی دێت.......................... ٦٦
٢٩- بەیاننامە: لەبارەی ڕۆژەڤی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە.. ٦٨
٣٠- تیرۆری چالاکوان و هونەرمەندی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەهدی تەوەکولی و بنەماڵەکەی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مەحکووم و شەرمەزار دەکەین... ٧١
٣١- پەرەسەندنی لەسێدارەدان ستراتیژییەکی کۆماری ئیسلامییە بۆ ڕێگریی لە ڕابوونێکی دیکەی نەتەوەکانی ئێران..... ٧٣
٣٢- هاوپەیمانیی ؛ هێرشەکانی ئێران دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، مەحکووم دەکا........................ ٧٥
٣٣- فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانی داگیرکردنەوەی کوردستان بوو................................ ٧٧
٣٤- بە یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکاریی مەیدانی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانمان مسۆگەر دەکەین.................. ٧٩
٣٥- شاندێکی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ سێناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا ئەنجام دا... ٨١
٣٦- ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە لاپەڕە فەرمییەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان... ٨٣
٣٧- بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرماناندا.. ٨٥
٣٩- ڕاگەیەندراو: بەبۆنەی چوارەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا — ژن، ژیان، ئازادی................................ ٨٨
٣٨- سپاسنامەی هاوپەیمانیی؛ سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان..................................... ٩١

- پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان: "بەبۆنەی پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"............... ٩٣

- بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز پیرۆزبایی پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"ی کرد......
- پەیەدە پیرۆزبایی دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» دەکات..............................
- ڕێکخراوی فەدائیانی خەڵکی ئێران پیرۆزبایی پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی کرد.........
- هاوپەیمانیی سیاسیی هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران پشتیوانیی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کرد...
- پەیامی پیرۆزبایی پارتی سۆسیالیستی کوردستان (PSK)بەبۆنەی پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران...
- حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی هەوڵی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بەرز نرخاند.........................
- کاک مستەفا هیجری ئامانجی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی خەباتی هاوبەش بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند..
- پیرۆزبایی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەبۆنەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران...
- ڕێکخراوی جیهانیی کورد پیرۆزبایی لە هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات..............................
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەبۆنەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- پەیامی پیرۆزبایی پێنج لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران........

بەشێک لە وتار، دیمانە و لێدوانەکانی نووسەران:

١- هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؛ چۆن مەتەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەڵدەهێنێت؟...... شاڕوخ حەسەنزادە ١١٦
٢- پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هەژانێک لە هاوسەنگیی هێز لە ئێران.........................

....حەسەن قارەمانی ١٢٠
٣- یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ خاڵێکی وەرچەرخان............................ مستەفا شڵماشی ١٢٤
٤- هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران.. ئیبراهیم لاجانی ١٢٧
٥- هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران......... ڕەحیم نزهەت زادە ١٣٥
٦- مستەفا هیجری: ئێمە زیاتر لە هەموو کات پێویستە هاودەنگ و بەهێز بین.. ١٣٩
٧- ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەو هاوپەیمانە ستراتیژییەی ئورووپا ناتوانێت پشتگوێی بخات..... حەسەن قارەمانی ١٤٣
٨- هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە گوتار ڕا هەتا کردەوە!........... د. کامڕان ئەمین‌ئاوە ١٤٩
٩- هاوپەیمانەتیی کوردستانی لە ڕوانگەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە................ د. ئازاد محەممەدیانی ١٥٣
گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی !.. ئیبراهیم لاجانی ١٥٨
١٠- سازبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسی لە نێو تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێراندا...................
.... حەسەن قارەمانی ١٦٢
١١- پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.............................
.... د. خالید خەیاتی ١٦٨
١٢- مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!..........................
.... ئیبراهیم لاجانی ١٧٢
١٣- کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی.. عەلی بداغی ١٧٥
١٤- پژاک: هاوپەیمانییەکەمان لەسەر باوەڕی و متمانە درووست بووە و ناچاری نییە.......... دیمانە: ڕۆژ نیوز ١٧٩
١٥- هاوپەیمانیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ستراتیژی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی
ناوچە.. د. ڕامین مەفاخری ١٨٤
١٦- هاوپەیمانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چی بۆ دۆزی کورد بەرهەم دەهێنێت؟................. ناوەندی هەواڵەکان ١٨٩
١٧- هاوپەیمانی کوردستانی؛ هەنگاوێک بەرەو گوتاری هاوبەشی کوردی........................ د.ئازاد محەممەدیانی ١٩٢
١٨- لە سەر پێویستی هاوپەیمانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات.................................. د.کامران مەتین ١٩٦
١٩- محەممەد نەزیف قادری: کوردستانی ئێران دەبێتە سەرمەشق و نموونەی یەکگرتوویی بۆ هەموو گەلانی ئێران تاوەکو
پێکەوە کۆتایی بەم دەسەڵاتەی ئێران بهێنین... دیمانە: قەندیل پرێس ٢٠٠
٢٠- حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە تەنگەژەی بڕیارێکی دژوار: یەک دەلاقە و چواردیوار......... د. محەممەد حسێن‌زادە ٢٠٤
٢١ هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پێویستییەک لە قۆناغی گۆڕانکاریی ئێراندا..............................
.... شەهێن زادەحمەد ٢١٢

بەیاننامەی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!
ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی سەرانسەری وڵات!

بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە بە شێوەی ڕێکخراو و بەردەوام دژی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ناوەندگەرا لە پێناو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا خەبات دەکات. کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییش هەر سەنگەر و ناوەندی سەرەکیی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بووە. کوردستان لەو ماوەیەدا تێچوویەکی زۆری بۆ خەبات و خۆڕاگریی خۆی داوە. شەڕی بەسەردا سەپاوە، دەیان ڕێبەری سیاسیی ئێعدام و تێرۆر کراون، هەزاران ڕۆڵەی خەباتکار و چالاکیی سیاسیی شەهید بوون و لە زیندانەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە، کوردستانیش وەک جوغرافیایەکی داگیرکراو میلیتاریزە کراوە و بە سیاسەتی سەرکوت و تالانوبڕۆ لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئیدارە کراوە.

ئێمە ئەم حیزبە سیاسییانەی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"مان واژۆ کردووە، بە پشتبەستن بە

مێژووی خەبات و تێکۆشانمان و بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی وەڵامدانەوە و خۆدیتنەوە لە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام مخابن بەهۆی پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە دژبەرەکانی ڕاوەستاو بووە؛ لە کوردستان وزە و ڕیزەکانی خەباتگێڕیی خۆمان یەک خستووە و هاوپەیمانییەکی سیاسیمان ڕاگەیاندووە. مەبەستی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە کە پاش قۆناغی گۆڕینەوەی بیروڕا و کاری مەیدانی لە "ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری"دا پێکهاتووە، یەکڕیزی و هاوخەباتیی پتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و پیدانی قورسایی و دەوری زیاتری کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئێرانی داهاتوویە.

ئامانجە سەرەکی و هاوبەشەکانمان لەو هاوپەیمانییەدا خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە بە پشتیوانی لە خەبات و ناڕەزایەتیی سەرانسەریی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا پێ لەسەر پێویستیی هەماهەنگی و هاوخەباتی سیاسی و مەیدانیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دادەگرین. ئێمە وێڕای داکۆکی لە شکڵگرتنی قۆناغێکی گواستنەوەی دێموکراتیک و گشتگیر، بنەمای هەر هاوکاری و هاوپەیمانییەکمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە ڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان، قبووڵکردنی دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک دەبێت.

ئێمە لەو هاوپەیمانییەدا باوەڕمان بە پاراستنی ژینگە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد، دابینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و سێکۆلار لە ئێران کە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات؛ بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

ئێمە باوەڕمان وایە لە ئێستادا پتر لە هەرکاتێک یەکیەتیی سیاسی و هاوگوتاری لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشانی هاوبەشی مەیدانییان مەرجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە بەردەوام بگۆڕەکانی ئێرانە. بۆیە ئامادەی هاوکاری کردنین لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکەمان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆدیتنەوە لە هاوپەیمانییەدا بانگهێشت دەکەین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٣ - ١٢ - ١٤٠٤) ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٦)

ئەندامانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:

– پارتی ئازادیی کوردستان
– پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
– سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢٦

ڕاگەیەندراوی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" لە وەڵامی هەڕەشەکانی ڕەزا پەهلەوی دژ بە نەتەوەی کورد

کۆمەڵانی مافخوازی کوردستان!
خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕاگەیاندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» شەپۆلێک لە شادی و جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە، خەڵکی کوردستان، نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی گرتەوە. ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە نێوان هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی ئێران و نێوەندە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانیشدا هەبوو. لە بەرانبەردا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها تاقمێک لە دژبەرانی مافی نەتەوە بندەستەکان و ئازادییە دێموکراتیکەکان کە خۆیان لەژێر بەرگی ئۆپۆزیسیۆندا حەشار داوە، کاردانەوەیەکی هیستیریک و ڕقئەستوورانەیان نیشان دا کە دیارە بۆ ئێمە چاوەڕوانکراو بوو.

هەر لە درێژەی ئەو دژکردەوانەدا ئەمڕۆ چوارشەممە ٦ی ڕەشەممە، ڕەزا پەهلەوی بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە پلاتفۆرمی ئێکس، ئەویش بە ئەدەبییاتێکی خۆپێشازانانە و تۆمەتبەشینەوەی بێبنەمای هەمیشەیی، نەتەوەی مەزنی کورد و حیزبە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستانی دایە بەر شاڵاوی تانە و تەشەر. ناوبراو وێڕای بەرزکردنەوەی گۆپاڵی هڵۆڵی "جیاییخوازی"، هەڕەشەی ئەوەی کردووە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، سوپا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد ڕادەسپێرێت.

ڕەزا پەهلەوی هەر دەڵێی ئەم ڕاستییە مێژووییەی لەبیر چووە کە هەر کاتێک ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ پارچەپارچەکردنی ئێران لە ئارادا بووبێت، کەس ئێزنی لە باوک و باپیری تاجداری ئەو وەرنەگرتووە و تۆزی ئەوانی نەشکاندووە؛ وەک چۆن لە بەخشینی "ئاراراتی بچووک"، دەستبەرداربوون لە "بەحرەین" و سەرچاوەکانی رووباری "هیرمەند"، لە فرۆشتن یان ڕادەستکردنی بەشە جیاجیاکانی خاکی ئێران درێغییان نەکردووە. ئەوان هەمیشە لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا بە تەقەی یەکەم فیشەک و تەنانەت بە ئیشارەتێکی لاوەکیی لایەنە دەرەکییەکان، یان ڕایان کردووە و پەرشوبڵاو بوون یان کونەمشکیان لێ بووەتە قەیسەری. لەڕاستیدا ئەوان تەنیا شوێنێک کە توانیویانە خۆیانی تێدا بنوێنن، گۆڕەپانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی مەدەنی و سەرکوتکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت نەتەوە بندەستەکانی ئەم وڵاتە بووە.

هەرچەشە بەردەوامەکانی ناوبراو بۆ بەکارهێنانی سوپا بە مەبەستی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ داخوازییە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران، پەردە لەسەر ئەو ڕاستییەش لادەدات کە لە ئێرانی پاشەڕۆژی مەبەستی ئەودا، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ داخوازییە مەدەنی و خواستە دیموکراتیکە نووسراوەکان لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەر بە ئەمنییەتی و سەربازی دەمێنێتەوە و هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ڕێژیمی سیاسیی ئارمانیی ئەو و ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانی ڕابردوو و ئێستای ئێراندا نابێت. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆچی وا بیر دەکەنەوە کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ئامادەن مل بۆ ئەو و هاوبیرانی وەک بەشێک لە ئاڵترناتیڤ بۆ ئێرانی داهاتوو ڕابکێشن؟

لە لایەکی دیکەوە، دیارە ناوبراو وێڕای بێئاگایی لە مێژوو و جوغرافیا، تێگەیشتنێکی دروستیشی بۆ کاتی ئێستا نییە. ئەگەرنا دەبوو بزانێت کە ئەرتەش و تێکڕای ئامرازەکانی سەرکوتی حکوومەتی و هەر ئەو سوپای "پاسداران"ە تیرۆریستییەی کە جێگەی نازی هەمیشەیی و پشتیوانیی ئەو بووە و هەیە، لە سەدەی ڕابردوودا هیچ کات لە کوردستان دوور نەبووە و نین؛ هەروەها هیچ میکانیزمێک بۆ سەرکوت نەماوە کە لەسەر کوردستان تاقی نەکرابێتەوە و شکستی نەهێنابێت، هەتا ناوبراو بیەوێت دوای تاجگوزارییە خەیاڵییەکەی خۆی، لەو بوارەدا داهێنان و نوێگەرییەک پێشان بدات. خەنجەر لە کالان دەرهێنانی ڕەزا پەهلەوی دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە کاتێکدایە کە بە شایەتیی سەرجەم ئازادیخوازان و شارەزایانی کاروباری ئێران، لە بزووتنەوەی «ژینا» (ژن، ژیان، ئازادی) و هەروەها ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییەی خەڵکی ئێراندا، ناوبراو بە هاوکاریی دەستەوتاقمە گوماناوییەکانی دەوروبەری، ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە دروستکردنی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی لە ڕیزەکانی گەل و نەیارانی ڕێژیمدا بووە. تەنیا ڕەوتێکی سیاسی کە لەم ماوەیەدا هێشتا پەیمانی برایەتیی لەگەڵدا ماوە و هاوسۆزیی بۆ نیشان داون، هەر ئەو هێزە چەکدار و ئەمنییەتی و سەرکوتکەرە تیرۆریستییانەی ڕێژیم بوون؛ تا ئەو ڕادەیەی لە نوێترین لێدوانەکانیدا بۆ بێبەریکردنی ئەوان لە تاوان و کارەساتە

سامناکەکانی مانگی بەفرانباردا، ئیدیعا دەکات هێزە چەکدارەکان دەستیان لە سەرکوتەکاندا نەبووە و تەواوی ئەو تاوانانە دەستی دەرەکیی لەپشت بووە! هەروەها لە کاتێکدا دۆست و دوژمن شایەتیی ئەوە دەدەن نەتەوەی کورد و حیزبە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستان بە درێژایی تەمەنی ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە دڕکێک بوون لە چاوی سەرەڕۆیی ڕێژیمی خومەینیدا و بەردوام پەناگە و پشتیوانی ڕاستەقینەی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران بوون و لە ڕێگەی خەبات دژی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرەدا تێچووی قورسیان داوە؛ کەچی ئەم کەسە حیزبە کوردییەکان بە هاوکاری لەگەڵ خومەینی تۆمەتبار دەکات. ئەم تۆمەتبارکردنەش لە کاتێکدایە کە هەر ئەوکاتەی کوردستان لەسۆنگەی فەتوای جیهادی خومەینییەوە لە زەوی و ئاسمانەوە کرابووە ئامانجی هێرشی خوێناوی، ڕەزا پەهلەوی خۆی چەندین جار گوتوویەتی کە نامەی بۆ خومەینی نووسیوە و داوای کردووە وەک فرۆکەوانێکی سادە لە ڕیزی هێزەکانیدا وەری بگرێت!

جێگەی سەرسوڕمانە کەسێک بەو ڕابردووە پڕ لە شەرمەزارییەوە، حیزبەکانی کوردستان بە هاودەستی لەگەڵ خومەینی و هۆکارە دەرەکییەکان تۆمەتبار دەکات؛ لە حاڵێکدا خۆی بە پێدانی بەڵێنی درۆ بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ناوخۆی وڵات سەبارەت بە بوونی دەیان هەزار هێزی هەڵاتوو لە ڕیزەکانی سەرکوتکەران، بوونی سەدان هەزار ئامێری "ستارلینک" و مەحاڵبوونی پچڕانی ئینتەرنێت و گەیشتنی یارمەتیی دەرەکی، هەزاران کەس لە ئازادیخوازانی ئێمەی کێشایە نێو داوی ڕێژیمی تاوانباری کۆماری ئیسلامی. بێگومان لە دوای ئازادیی ئێران و دوای دادگاییکردنی سەرانی خیانەتکاری حکوومەت و بکوژان و تاوانبارانی ڕێژیم، ناوبراویش دەبێ لە بەرامبەر ئەم جۆرە هەڵە خیانەتئامێزانەی خۆیدا وەڵامدەر بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی ئەم جۆرە لێدوانە سووک و بێبنەمایانەی ڕەزا پەهلەوی، جەخت لەسەر هەڵوێستە بنەڕەتییەکانی خۆی لە پاراستنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەکاتەوە و پێی وایە ئەم جۆرە قینلەزگی و لێدوانی دوژمنکارانە لە کۆتاییدا ناگەنە هیچ ئەنجامێک، بەڵکوو ئیرادەی نەتەوە ئازادیخوازەکان و تێکۆشەرانی ئێران لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئازادیخوازانەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و ناشتنی هەمیشەیی دیکتاتۆری و فاشیزم لە هەر جۆر و ڕەنگێک قایمتر دەکات. بۆیە جارێکی دیکەش داوا دەکەین لە سەرجەم هێزەکانی کوردستان کە خوازیاری ئازادی و بەرگری لە مافی نەتەوەکەی خۆیانن، بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گوتارە پاوانخواز و تۆتالیتێرەکان، بێنە ڕیزی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»ەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٦ی ڕەشەمەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی (٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی)

ئامانجی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێرانی نامەرکەزی و دێموکراتیکدایە

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران شەپۆلێکی گەورەی پشتگیریی جەماوەریی لێ کەوتەوە و پشتیوانی هەراوی ڕەوت و کەسایەتییە سیاسییەکانی بە دووی خۆیدا هێنا. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەکی کەم لە هاوبیرەکانیان بە گومان و بۆچوونی خۆیان هەوڵیان دا ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و دژ بە ئەم هاوپەیمانییە و بڵاوبوونەوەی پشتگیری بۆی، لەسەر دەنگی «جیابوونەوەخوازی» بدەن.
هەروەها ڕاگەیاندنی پشتگیری و هاودەنگی لە ئازەربایجانەوە هەتا بلوچستان، لە ئەهوازەوە هەتا تورکمنسەحرا و گیلان لە هەڵوێستەکانی ئەم هاوپەیمانییە، ئەوەی دەرخست کە سەردەمی تۆمەتبەشینەوە و بەکاربردنی بەرچەسپە کۆن و هەمیشەییەکان بۆ سەرکوتکردنی داواکارییە ڕەوا و دێموکراتیکەکان بەسەر چووە.

بۆیە وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی پشتگیریی ئەم یەکگرتن و هاوپشتییەیان کردووە، جارێکی تر ڕادەگەیەنین ئەم هاوپەیمانییە بە مەبەستی دابڕان و دابەشکردنی ئێران پێکنەهاتووە، بەڵکووئامانجەکەی بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کوردە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێرانێکی دێموکراتیک و ناناوەندا.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٨ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ (٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی)

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: لە بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆماندایین

ڕاگەیەندراوی ژمارە ١

خەڵکی خەباتکار و مافخوازی کوردستان!

لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەشەمەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتی دەچن. ئەو شەڕەی کە لە ئێستادا هەڵگیرساوە ئاکامی دەیان ساڵ سیاسەتی زێدەخوازیی ڕێژیم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، پاڵپشتیی تێرۆریزمی دەوڵەتی، پێداگری لەسەر دەسخستنی بۆمبی ئەتوم و پێشخستنی پیشەسازیی مووشەکی، دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی جیهانی و پێملنەبوونی ڕێژیم بە ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانە؛ سیاسەتێک کە دواجار هەم ئێرانی کردە وڵاتێکی وێران بە ئابوورییەکی دارماو و هەم ڕێژیمەکەشی بەرەو ڕووخان برد. کوژرانی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و دەیان فەرماندەی نیزامی و کاربەدەستی سیاسیی ئەم ڕێژیمەش دۆمینۆی ئەو ڕووخانەی خێراتر کردووە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کە ئەم شەڕە، شەڕی کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوەکانی ئەم

وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانی نییە، بگرە ئەوە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە کە هەموو خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە، هەموو ماف و ئازادییەکی لێ زەوت کردوون و هەر لە بەفرانباری ئەمساڵدا هەزاران کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو و مافخوازی ئێرانی کۆمەڵکوژ کرد.

لە ئێستاشدا کە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆیان‌دان، ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەین:

١- خەڵکی کوردستان پێ‌بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان پێویستە لەسەر هەست بن و وشیارانە بەرەوڕووی پێشهاتەکان ببنەوە و هەڵسوکەوتی سیاسیی خۆیان لەگەڵ داوا و ڕاسپاردەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕێکبخەن و ئەم هەماهەنگی و پێوەندییە زیندوو و بەرهەمدار بکەن.

٢- لە ڕۆژانی بەچۆکداهاتنی ڕێژیم و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکدا پێویستە سەرجەم بنکە و دامودەزگا ئیداری و خزمەتگوزارییەکان لەپێناو بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی گشتیدا بپارێزرێن.

٣- داوا لە هێزە چەکدارەکان ڕێژیم لە کوردستان دەکەین ڕیزی خۆیان لە پاشماوەکانی کۆماری ئیسلامی جیا کەنەوە. پێیان ڕادەگەیەنین وا باشە ئەم دوا دەرفەتە بۆ پشتتێکردن لە دوژمن و هەڵبژاردنی بەرەی نەتەوەکەیان لەکیس خۆیان نەدەن.

٤- پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان بە ژیری و پێگەیشتووییەوە بەرەوڕووی گۆڕانکارییەکان بچن و خۆ لە هەڵەشەیی و تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی کە زیان بە ئەمنییەت و پاراستنی گشتیی کۆمەڵگە دەگەیەنێ بپارێزن.

٥- داوا دەکەین لەپێناو پارێزراوبوونی زیاتردا چەندی دەتوانن لە بنکە و ناوەندە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دوور بکەونەوە.

٦- داوا دەکەین لە ڕۆژانی سەختی بەردەمماندا خەڵکەکەمان بەتایبەت توێژی بازاڕ و دووکاندار و خاوەن‌ماڵەکان زیاتر لە هەر کاتێک ئاگاداری یەکتری بەتایبەت خەڵکی کرێچی، هەژار و بێ‌ئەنوا بن و بە دەسگرۆیی یەکتر ئەو ڕۆژە سەخت و دژوارانە تێپەڕینین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا سیاسەت و بەرنامەکانی لە ڕێگەی

ڕاگەیەندراوەکانی دیکەی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١١ی رەشەمە ٢٧٢٥

٢ی مارچی ٢٠٢٦ی زایینی

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە سەبارەت بە بەشداری لە هاوپەیمانی کوردستان

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان،
دۆستان و دڵسۆزانی یەکگرتوویی گەلی کورد،

هەموان لە تێکۆشانی چەندەها ساڵەی ئێمە لە پێناو یەکریزیی گەلی کورد و هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئاگادارن. لە درێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەدا بوو کە لە مانگەکانی ڕابردوودا بەشدارییەکی چڕ و پڕمان لە ناوەندی دیالۆگدا کرد.

ئەوەشتان لێ شاراوە نییە کە ئێمە بە تایبەت لەسەر ڕوونتر کردنەوەی زۆرتری دوو بابەت، واتا هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها بەڕێوەبەری هاوبەشی کوردستان لە قۆناغی گوزاردا پێداگریمان دکرد و خوازیاری دیاریکردنی میکانیزمگەلی کردەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بابەتانە بووین. ئەو بابەتانە ئێستاش و لە داهاتووشدا بە گرینگ دەزانین و وەکوو ئامانجێک هەوڵیان بۆ دەدەین.

بەڵام هەموان دەبینین کە لە ڕۆژانی ڕابرووda قۆناغێکی بەتەواوی نوێ هاتۆتە ئاراوە. تەوژمی گۆڕان زیاتر لە هەموو کات

ڕووی لە ناوچەکەی ئێمە کردووە و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە بەردەم هەلومەرجێکی زۆر هەستیار و مێژوویی کە ئەوەش لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکڕیزی، هەماهەنگی و کاری هاوبەشە.

هەروەها زۆرێک لە دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردستان لەم ماوەیەدا پەیوەندییان پێوە کردووین و لەسەر ڕۆڵ و نەخشی کاریگەری کۆمەڵە لە پتەوترکردن و کارامەترکردنی یەکگرتوویی و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد دواون و داواکاری بەشداریمان لە هاوپەیمانی بوون.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە و لەو سۆنگەیەوە کە کۆمەڵە هەمیشە ئەرکە مێژوویی و بەرژەوەندە نەتەوەییەکان دەخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە، دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بڕیاری دا لەمڕۆوە بەشداری هاوپەیمانی حیزبەکانی کوردستان بکات و ئەو بابەتانەی بۆ بزووتنەوەکە و بۆ داهاتووی کوردستان بە گرینگیان دەزانێ لە ناوخۆی هاوپەیمانیەکە و بە دیالۆگی هاوڕێیانە چارەسەر بکات.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

بژی کوردستان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٤ی مارچی ٢٠٢٦ی زایینی

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران :پێشوازی لە بڕیاری دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بۆ هاتنە نێو هاوپەیمانییەکەمان دەکەین

کۆمەڵانی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان!

دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ڕاگەیەندراوێکدا بڕیاری دا لەمڕۆوە بەشداری لە هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا بکات. هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە گەرمی پێشوازی لەو بڕیارەی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەکات و لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم هەنگاوە گرینگە، ئەویش لەم قۆناغە هەستیارەدا یەکڕیزیی زیاتر و تەبایی پتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە.

دڵنیاین وەک چۆن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە داڕشتنی بڕگە و خاڵەکانی پلاتفۆڕمی پەسەندکراوی هاوپەیمانییەکەدا دەور و نەخشێکی گرنگیان هەبوو، لە بەردەوامی کاری مەیدانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم پلاتفۆڕم و هاوپەیمانییەشدا دەوری کاریگەری خۆیان دەبێت.

هێز لە یەکگرتن و یەکڕیزی دایە و بێگومان ئەو یەکگرتن و هاوپەیمانییە لە ئامانجەکانمان نزیکیتر دەکاتەوە. سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

۱۲ی ڕەشەمەی ۱٤۰٤ی هەتاوی

۳ی مارچی ۲۰۲٦ی زایینی

هێرشەکانی ڕێژیم هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا

خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەردەوامی بە مووشەک و درۆن بنکەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانج گرتووە. ئەم هێرشانە شەهیدبوونی جەلال ڕەشیدی، پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان و برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی ئەم حیزبە و هەروەها چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نێوخۆی کوردستانیش و لە چەند شارێک، بەهۆی بوردومانەکانەوە کۆمەڵێک کەسی مەدەنی شەهید و بریندار بوون.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید جەلال ڕەشیدی و پارتی ئازادیی کوردستان، هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییانی ئەو شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەڵیگیرساندووە، ڕادەگەیەنێ:

سەرچاوە
Serchawe

هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نیشانەی زەبوونی و ترسی گەورەی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە ئێرانە، نەک هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا، بەڵکوو ئیرادەمان بۆ خەبات و لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ڕزگاریی کوردستان بەهێزتر دەکات.

هەروەها جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە لە کاتێکدا ڕێژیم هێزەکانی خۆی لە مزگەوت و قوتابخانەکان مۆڵ داوە و کۆبوونەوە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی لە ناوەندە ئیدارییەکاندا بەڕێوە دەبا، پێویستە بە زووترین کات لە بنکە سەربازی و ناوەندە ئەمنییەتی و ئیدارییەکانی ڕێژیم و هەروەها لە شوێنی کۆبوونەوەی هێزەکانیان دوور بکەونەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤

٤ی مارچی ٢٠٢٦ی زایینی

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئامانجەکانی شەهیدانمان دێنە دی

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شەڕەوە بە بەردەوامی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئامانج، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەستدرێژی و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چڕتر کردووە. هەر لە درێژەی ئەو دەستدرێژییانەدا شەوی ڕابردووش بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی هەولێر، سلێمانی و چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان بە خەستی بەئامانج گیران. لەو هێرشە کوێر و تیرۆریستییانەی کۆماری ئیسلامی و هێزەکانیدا بەداخەوە "ئیسماعیل ڕەحیمی"، پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و "وڵات تاهیر"، کارمەندی ئاسایشی فڕۆکەخانەی هەولێر شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بریندار بوون.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنەوەی دەستدرێژی و شەڕفرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئیدی هەموو ناوچەکەی تووشی ناسەقامگیری ئەمنییەتی کردووە، سەبارەت بە شەهیدبوونی ئیسماعیل ڕەحیمی و وڵات تاهیر سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە، خەڵکی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەکات.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە هێرشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشاندەری زەبوونی و دەستەوەستانی و هەروەها دوا پەلەقاژەکانی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەیەتی.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە خۆڕاگری و خەباتی بێوچان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان کە ئامانجی هەموو شەهیدانی کوردستانە شێلگیرانە بەردەوام دەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی (١٧ مارچی ٢٠٢٦)

کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە کاروباری بەڕێوەبەریی هاوپەیمانی تاوتوێ کران و بڕیاریان لەسەر درا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، دەرەنجامەکانی شەڕ و ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان هەڵسەنگێندرا و بۆ چەند ئەرکێکی هاوپەیمانی بڕیار وەرگیرا. بابەتی ئاییننامەی نێوخۆیی هاوپەیمانی، پەسندکردنی لۆگۆی هاوپەیمانی، خاڵە جەوهەرییەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری مەیدانیی هاوپەیمانی لە قۆناغی گوزار و چەندوچۆنیی دیپلۆماسی و چۆنیەتیی دەرکەوتنی هاوپەیمانی لە دەرەوەی وڵات چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون. دوا بەشی کاری کۆبوونەوەکە ڕاگواستنی بەرپرسایەتیی دەورەیی هاوپەیمانی بوو.

١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی (١٧ مارچی ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ لەهەمبەر هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڵوێستی هەبێت

هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!
ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!

هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەرەتای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەتا ئێستا سەدان جار بە مووشەک و درۆن هێرشی کراوەتە سەر. لەو نێوەدا بنکەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئیران و کەمپە مەدەنییەکانی ئەم حیزبانەش لە هەرێمی کوردستان بەئامانج گیراون کە لە تازەترینی ئەو هێرشانەدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ناوی ئۆمید وەیسی و دوو پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە ناوی فەخرەدین مورادی و ئیقباڵ ساڵحی شەهید بوون.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە توندی دەستدرێژی و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی و گرووپ و تاقمە تێرۆریستییەکانی سەر بەو ڕێژیمە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەئامانج گرتنی شوێن و جێگەی ژیانی سڤیلی پەنابەرانی کوردستانی ئێران نیشتەجێ لە هەرێم و هەروەها هێرش بۆ سەر کۆنسوولخانە و بارەگای سیاسیی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکات. هاوکات داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات دژی هێرشە بەردەوامەکانی

ئەم ڕێژیمە و میلیشیاکانی هەڵوێستی بەکردەوەی هەبێت. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بە کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەران و بەبارمتەگرتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە دەرەوەی سنوورەکانی بە قەیرانخولقێنی و هەڵگیرساندنی شەڕ و ناسەقامگیری هەوڵ دەدا تەمەنی دەسەڵاتەکەی چەندی دەکرێ درێژتر بکاتەوە. بۆیە پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی پشتیوانی نەتەوەکانی ئێران و ماف و داخوازییە ڕەواکانیان بن. هەروەها دژی دەستدرێژی و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی سڤیل لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی ناوچە بوەستنەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی (١٣ مارچی ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ نەتەوەکان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران، نەتەوەی تورکی ئازەربایجان و وڵاتانی دراوسێ

نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران!

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم بڕگە هەستیارەی خەباتدا، بە پشتبەستن بە پێشینەی مێژوویی و بنەماکانی خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردستان و، بە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی لە بارودۆخی هەستیاری ئێستای ئێراندا، جارێکی دیکە بۆ تێپەڕین لە سەرەڕۆیی و بونیادنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، جەخت لەسەر پێویستیی هاوپێوەندی و یەکیەتیی نێوان تەواوی هێزە ئازادیخوازەکان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەکاتەوە.

ئێمە لەو بڕوایەدایین داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ ئێران تەنیا لە سایەی جێگیربوونی سیستمێکی دێموکراتیک، و لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان، دادپەروەری و یەکسانی، و زامنکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان چێ دەبێت. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم پێناوەدا و بە مەبەستی بونیادنانی

سەرچاوە
Serchawe

ئێرانێکی ئازاد، دێموکراتیک و فرەچەشن ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسی و مەدەنییە دێموکراتیکەکان ڕادەگەیەنێت.

خوشک و برایانی ئازەری!

هەمووان ئەم ڕاستییە مێژووییە دەزانین کە لە چەند شار و ناوچەدا، بەتایبەت لە ئازەربایجان و کوردستان، ئازەرییەکان و کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە تەنیشت یەکدی ژیاون. بۆیە داهاتووی ئەم ناوچانەش هەر دەبێت لەسەر بنەمای هاوکاری، بەڕێوەبردنی هاوبەش و زامنکردنی مافی یەکسانی هەموو پێکهاتەکان بێت. هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ناوچە تێکەڵاوانەدا پشتیوانی لە دروستکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبەریی هاوبەشی خۆجێیی دەکات کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتووان و ویستی خەڵک بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە ئەمنییەت و سەقامگیریی بەردەوام تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە هەموو خەڵکی ناوچەکە، لەوانە کورد و تورک لە ئازەربایجان، کوردستان و ناوچەکانی دیکە، خاوەنی مافی سیاسی، کولتووری و زمانیی یەکسان بن و کاروباری خۆجێیی لە ڕێگەی دامەزراوە دێموکراتیک و وەڵامدەرەکانەوە بەڕێوە ببرێت.

ئێمە وەک هەمیشە دەستی هاوکاری بۆ لای نەتەوەی تورکی ئازەری و هێزە سیاسییەکانیان درێژ دەکەین و ئامادەیی خۆمان بۆ گفتوگۆ، هاوئاهەنگی و دروستکردنی میکانیزمێک کە ئەمنییەتی گشتی و سەقامگیریی ناوچە هاوبەشەکان دەستەبەر بکات، ڕادەگەیەنین. داهاتووی ناوچەکە دەبێت لەسەر بنەمای پێکەوەژیان، ڕێزی دوولایەنە و بەشداریی یەکسانی هەموو خەڵکەکەی بونیاد بنرێت. هەروەها بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە مێژووییەکان و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکی ئازەری، پێمان وایە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دەبێت لەسەر بنەمای گفتوگۆ، ڕێزی دوولایەنە و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، جارێکی دیکە پابەندیی خۆمان بە نیوەڕۆک و ڕۆحی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان ڕادەگەیەنین و بە نەخشەڕێگە و هێمایەکی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کوردستان و ئازەربایجانی دەزانین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی ڕێگەکەیدا، بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هێزە دێموکراتیکەکان و پەرەپێدانی گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان بۆ دروستکردنی میکانیزمی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی دادپەروەرانە، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گەیشتن بە داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ تەواوی نەتەوەکانی

ئێران دەزانێت و لەم پێناوەدا پێشوازی لە هەر جۆرە هاوکاری و هەوڵێک دەکات.

سەبارەت بە نەتەوە و وڵاتانی دراوسێ، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر پێویستیی دراوسێیەتیی باش و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی یەکدی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە دەکاتەوە و بڕوامان وایە ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی تەنیا لە ڕێگەی گفتوگۆ، هاوکاری و ڕێزی دوولایەنەی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانەوە بەهێز دەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٤ی ئازاری ٢٠٢٦ی زایینی

٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥ (١٤ی مارچی ٢٠٢٦)

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: ئامانجی دوژمنانمان لە قڕکردنی نەتەوەکەمان هەرگیز وەدی نایە

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

دەسەڵاتداران و ڕێژیمەکانی داگیرکەری کوردستان هەمیشە ئامانجیان قڕکردن و قەڵاچۆکردنی نەتەوەی کورد بووە و لەو پێناوەدا لە هیچ جۆرە کۆمەڵکوژی، ڕاگواستنی زۆرەملێ، ئەنفال دەستیان نەپاراستووە. بەڵام هەموو ئەو جینایەتانە کە بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان یەک لەوانە، نەیتوانیوە ئیرادەی خەبات و خۆڕاگریی کورد تێکبشکێنێ و ئەو تاوان و کارەساتانە ئێستا بەڵگەی ڕەوایی خەباتی ناسنامەخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانن.

٣٨ ساڵ پێش ئێستا و لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ زایینیدا ڕێژیمی پێشووی عێراق بە بەردانەوەی بۆمبی کیمیایی بە سەر شاری هەڵەبجەدا تاوانێکی دژەمرۆیی گەورەی خوڵقاند. لەو کارەساتەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ پیاو و ژن و منداڵی کورد تەنیا بە تاوانی کوردبوون شەهید کران و هەزارانی دیکەش بریندار بوون. بۆمبارانی هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەی لەو کات و سەردەمەدا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی و کۆمەڵکوژییەکی دەگمەن بوو، بەڵام بەهۆی سات و سەودا سیاسی و بازرگانییەکانی زلهێزەکان جیهان و بێ پشتیوانیی گەلی زوڵملێکراوی کورد پەردەپۆش کرا و ئەوانەی ئەو تاوانە گەورەیان خوڵقاندبوو هیچ

سەرچاوە Serchawe

لێپرسینەوەیەکیان لێ نەکرا و لە هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتیشدا دادگایی نەکران. بەڵام لەم کارەساتە مێژووییەدا پشکی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش کەم نەبوو.

ڕێژیمی پێشووی عێراق پێش بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان شارەکانی سەردەشت، شنۆ و زەردەی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی بە بۆمبی شیمیایی بەئامانج گرتبوو. هەر لە کاتی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەدا و هەر لەو ڕۆژەدا گوردانی شوان کە لەو دەمەدا لە نزیک ئەو ناوچەیە جێگیر ببوون، دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ژارە کیمیاییە و سەرەڕای هەوڵ و تەقالایەکی زۆر بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە لە کاتی پەڕینەوە لە چۆمی سیروان دەکەونە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و تووشی شەڕێکی قورس، دەستەویەخە و نابەرابەر دەبن کە لە ئاکامدا ٧٢ پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سەنگەردا گیانیان بەخت کرد و ژمارەیەکیان بە برینداری و نیوەگیان بەدیل گیران و لە دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئێعدام کران. هەر ئەو کاتە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم و پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، لە ناوچەی شارەزوور لە هەورامان، بەداخەوە کۆمەڵێک پێشمەرگە شەهید بوون. هەمدیسان لە کاتی بۆمبارانەکەی نێوشاری هەڵەبجەشدا دەیان ئەندامی حیزبی دیموکرات کە لەو شارە نیشتەجێ بوون بەداخەوە شەهید بوون و زۆر ئەندامی دیکەی حیزبیش لەو ناوچەیە کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گیران و ژمارەیەک لەوان لە زیندانی دیزلئاوای کرماشانلە دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لەسێدارە دران.

لە ٣٨ ساڵەی تاڵیادی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجەدا یاد و ناوی شەهیدانی ئەو کارەساتە و سەرجەم شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بەتایبەت ئەو شەهیدە نوێیانەی گەلەکەمان کە لەو ڕۆژانەدا بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون، بەرز ڕادەگرین. هەروەها ڕادەگەیەنین کە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان هەتا گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری بەردەوام دەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ هەتاوی

١٦ی مارسی ٢٠٢٦ زایینی

پەیامی نەورۆزیی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
ئازادیخوازان و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی!

نەورۆز بۆ کورد هەر وەرزی نوێبوونەوەی سروشت نییە، بەڵکوو ڕەمزی خەبات و خۆڕاگری، هەستانەوە و ژیانەوەیە. بۆنە نەورۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە دەرفەتێک بووە بۆ بە گژداچوونەوەی سیاسەت و نەریتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ساڵێ خەڵکی کوردستان بە هیممەتی چیایی و خۆڕاگریی ئازایانە و لەبڕاننەهاتوویان چۆکیان بە خواست و ئیرادەی ڕێژیم داداوە. دەسکەوتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەڕێوەبردنی بۆنە نەورۆزییەکان گرینگ و بەبایەخ بوون، دەسکەوتێک کە ئاکامی خەبات و بەربەرەکانییەکی بەردرێژ و کۆڵنەدەرانەی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانیەتی کە لەبەرانبەر هیچ چەشنە زەبروزەنگ و سەرکوت و بەکارهێنانی هەر جۆرە سیاسەت و پیلانێکی کۆماری ئیسلامیدا سەریان نەوی نەکردوە و کۆڵیان نەداوە.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ڕۆژەکانی کۆتایی ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێ دەکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگری شەڕێکی ناوچەیی هەڵگیرساندووە. پێش ئەو شەڕەش هەزاران خۆپێشاندەری ناڕازیی لەسەر شەقامەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران کوشت و هەزاران هەزار کەسی دیکەشی خستە بەندیخانەوە. ئەوە لە تەنیشت بەردەوامیی لە پێشێلکاریی سیستماتیکی هەموو مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد و بەوەش ژیانی کوردی لە سەر خاک و نیشتمانی خۆی کردووەتە دۆزەخ. هەر ئێستاش کە لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی، و پاڵپشتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و هەڵگرتنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچە و جیهان شەڕێکی گەورەی هەڵگیرساندووە؛ ڕۆژانە بنکە و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مووشەک و درۆن بەئامانج دەگرێ؛ بەو مەبەست و خەیاڵەی ڕێی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارییان لێ بەربەست بکات. بە دڵنیاییەوە ئەو هێرشانە دوا پەلەقاژەکانی ڕێژیم لە قۆناغی سەرەمەرگە و نەک نیشانەی بەهێزبوون بەڵکوو سەلمێنەری زەبوونی و داماوییەتی.

نەورۆزی ئەمساڵ بۆ خەڵکی کوردستان مزگێنیدەری سەرکەوتنێکی گەورەیە. لە لایەک حیزبە خەباتکارەکانیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیاسیدا هێز و وزەی خەباتگێڕییان ڕێکخستووە، لە لایەکی دیکەش هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت ژنان بە لێبڕاوی و شێلگیرییەوە پشکی زیاتریان خستۆتە سەر خەرمانی دەسکەوتی خەباتی مافخوازانەمان.

لە بەرەبەری نەورۆزدا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە نە مووشەکباران و تێرۆر و، نە هیچ چەشنە گوشارێکی سیاسی و ئەمنییەتی و تەنگپێهەڵچنین پێ بە هەنگاوەکانمان شل ناکا. هەروەها بە یەکریزی و هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێ دەنێینە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی پێکەوەییمان کە ئاسۆکانی سەرکەوتنمان بۆ نیزیکتر و ڕوونتر دەکاتەوە.

وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ لە خەڵکی کوردستان و نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی ئەمدواییانەی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی خوارووتری کوردستان و هەروەها هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی داوا لە خەڵکی کوردستان بە هەموو چینوتوێژەکان دەکەین لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی بەردەوام و لە قۆناغی هەستیاری ئێستادا پارێزەری دەسکەوتەکانی خەباتی دەیان

ساڵی ڕابردووەمان بن.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا پەیمانی خەبات و خۆڕاگری نوێ دەکەینەوە، بە سەردانی بنەماڵەی شەهیدان یاد و ناوی ڕۆڵە جوامێرەکانی نیشتمانمان بەرز ڕادەگرین و بە پێداگری لەسەر ڕوحی یەکگری و هاوپەیمانیمان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

نەورۆزی ١٤٠٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٧٢٦ی کوردی

٢٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

١٩ی مارچی ٢٠٢٦

ئاگادارییەکی بەپەلە و بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پەنابەران و حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکەین

ڕوو لە:

سکرتێری گشتی و شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان!
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان!
حکوومەتی ناوەندیی عێراق و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ!

لە ماوەی ٢١ ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی تاوانە سیستماتیکەکانی خۆیدا، دەیان جار سەروەریی سیاسی و نیشتمانیی عێراق و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بە شێوەیەکی زەق پێشێل کردووە. ئەم ڕێژیمە بە زنجیرە هێرشی بەردەوام و دڕندانەی مووشەکی و درۆنی، کەمپی پەنابەران و بنکەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بە بەردەوامی کردووەتە ئامانج. ئەم دەستدرێژی و سنووربەزاندن و هێرشە مووشەکییانە لە کاتێکدا دەکرێن کە حیزبە سیاسییە کوردەکانی ئێران ساڵانێکە چالاکییەکانی خۆیان لەسەر خەباتی سیاسی چڕ کردووەتەوە و هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی

سەربازی بۆ سەر ناوچەکە نەبوون و نین. بۆیە ئەم هێرشە بەردەوامانە، تەنیا بیانوویەکن بۆ دووبارەکردنەوەی سووڕی توندوتیژی و سەرکوت و دروستکردنی ترس و تۆقاندن.

ئەم کردەوە دەستدرێژکارانەیە، ژیانی سەدان کەسی سڤیل لەوانە ژمارەیەکی زۆر منداڵی ڕووبەڕووی مەترسییەکی جیدی کردووەتەوە و بووەتە هۆی ئاوارەبوونەوەی دووبارەی خێزانە مەدەنی و بێبەرگرییەکان لە بارودۆخێکی سەختی مرۆییدا.

ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان دەکەین:

١- بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی کاریگەریی خۆیان، فشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم هێرشانە و گەرەنتی کردنی ئەمنییەتی پەنابەران زیاد بکەن.

٢- بۆ پاراستنی ژیانی خێزانەکان و خەڵکی سڤیل لە بەرامبەر هێرشە درۆنییەکاندا، ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر، ئەویش بە تەیارکردنی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی پەنابەران بە سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی.

٣- تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی ئەم تاوانانە و دەستنیشانکردنی ئەو زیانانەی بەر پەنابەران کەوتوون بەڕێی ناوچەکە بکرێت.

ئێمە داوا لە حکوومەتی عێراق وەک وڵات و حکوومەتی میواندار دەکەین:

بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، حکوومەتی عێراق بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە لە پاراستنی ژیانی پەنابەران و چالاکانی سیاسیی کورد لەسەر خاکی خۆی. حکوومەتی عێراق دەبێ لە بەیاننامە ڕواڵەتییەکان زیاتر هەنگاو بنێت و ئەمنییەتی گیانیی ئەم کەسانە گەرەنتی بکات و بە شێلگیری و لێبڕاوییەوە لە هەمبەر پێشێلکردنی سەروەرییەکەی لەلایەن ئێرانەوە بوەستێتەوە و لە ئاستە باڵا نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتەکە بۆ بکات.

کاتی هەنگاونان هەر ئێستایە. بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم تاوانانە، گڵۆپی سەوزە بۆ بەردەوامیی تیرۆریزمی دەوڵەتی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی (٢٠ی مارسی ٢٠٢٦ی زایینی)

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران:

هێرشی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاکانی پێشمەرگە پێشێلکردنەوەی سەروەریی سیاسیی هەرێمی کوردستانە

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سێشەممە ٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی (٢٤ی مارسی ٢٠٢٦ی زایینی (لە دوو هێرشی جیاوازی مووشەکیدا لە ناوچەی سۆران بارەگایەکی فیرقەی ٧ی پیادەی دەڤەری ١ و هێزێکی فیرقەی ٥ی پیادەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی کردە ئامانج. لەو کردەوە دژمنکارانەیەدا ٦ پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگە و هەروەها ژمارەیەک لە دانیشتووانی سڤیلی هەرێمی کوردستان بریندار بوون.

هێرشی مووشەکی و درۆنی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندە سەربازی و مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی هەڵگیرسانی شەڕەوە بەردەوام بوون، پێش هەموو شتێک دەرخەری دژمنایەتیی ئەو حکوومەتە جینایەتکارە لەگەڵ نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.

هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و خەڵکی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکەش هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی لە نێوخۆی عێراق بۆ سەر هەرێمی

کوردستان بە توندی مەحکووم دەکا و داوا لە وڵاتانی هاوپەیمان و کۆمەڵگەی جیهانی دەکا بەرهەڵستی دەستدرێژی و دژمنکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و هەڵوێست و کاردانەوەی خێرایان لەهەمبەر پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی هەرێمی کوردستان و تاوانە جەنگییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێت.

هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران

٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی (٢٤ - ٣ - ٢٠٢٦)

هێرشکردنە سەر ماڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرەدان بە ناسەقامگیریی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستانە

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، ٨ی خاکەلێوە بە شەش دڕۆن هێرش کرایەوە سەر دهۆک و هەولێر کە یەک لەو شوێنانە ماڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هێرشکردنە سەر ماڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دهۆک بە توندی مەحکوم دەکات و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئەم هێرشانە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتیی گەورە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەشێک لە پیلانی تێکدەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دوژمنانی دیکەی کورد لە عیراق بۆ تێکدانی ئارامی و ئەمنییەتی سەقامگیری هەرێمی کوردستانن.

ڕێژیمی ئێران لە یەک مانگی ڕابردوودا بە بەردەوامی هەرێمی کوردستانی کردووەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ و شەڕەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و لە سۆنگەی ئەم سنووربەزاندن و دەستدرێژییانەوە زیانی گیانی و ماددیی زۆر بە خەڵک و هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان کەوتووە. بۆیە پێویستە حکوومەتی فیدراڵ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپەلە سنوورێک بۆ ئەم دەستدرێژییانەی تاران دابنێ و ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکەش هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دروست بکات.

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو هێرشانە هاوکات پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ پاراستنی سەروەریی سیاسیی هەرێمی کوردستان دووپات دەکاتەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (٢٨ - ٣ - ٢٠٢٦)

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری!

١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٧٩ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان تێپەڕی. ٧٩ ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرەبەیانیی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لەلایەن حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارە دران. لە ڕۆژانی پێش و دوای ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦شدا، کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێبەران و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان ئێعدام کرابوون و بەمجۆرە شەهیدانی کۆمار بوونە سەرقافڵەی کاروانێک کە هەتا ئێستاش لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا هەر بەردەوامە.

پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی ئایینی، ڕووناکبیر و نەتەوەیی کورد لە بنەماڵەیەکی ڕێزداری ناوچەی موکریان بوو. زانایی و پێگەیشتوویی قازی محەممەد بووە هۆی ئەوەی دوای وەرگرتنی ئەندامەتی لە "کۆمەڵەی ژێکاف"دا زوو ببێتە

سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە و دواتر بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگە بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان خۆش بکات. بێگومان دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو کات و سەردەمەدا بڕیارێکی بوێرانە و بیرێکی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێویست بوو کە پێشەوا و هاوبیرانی بوویان و بە لەخۆبوردوویی و گیانفیداییەوە خەونی نەتەوەیەکی بندەست و مافزەوتکراویان بەدی هێنا.

پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکدا کە دیکتاتۆریی پەهلەوی باڵی ڕەشی بەسەر ئێران کێشابوو و هەموو نەتەوەکانی لە مافە نەتەوەیی، سیاسی و مەدەنییەکانیان بێبەش کردبوو، خەباتی سیاسی بۆ ڕزگاریی کوردی لە فۆرمی مۆدێرنی حیزبیدا ڕێک خست و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نموونەیەکی سەردەمیانە و هەرە پێشکەوتووانەی لە حوکمڕانیی کوردی پێشان دا. بەڕێوەبردنیکۆماریکوردستان بەو پەڕیلێوەشاوەیی، بەشداری تێکۆشەرانی کورد بۆ پشتیوانی لە کۆمار، پێکهێنانی زۆرترین تەبایی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری، بەدیهێنانی کۆمەڵێک دەسکەوتی مێژوویی لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی، ئەمنییەت، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا، دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕێکخراوی سینفی کە تا ئەوکاتە لە مێژووی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا وێنەی نەبیندرابوو، ژیری و پێگەیشتوویی و گەورەیی کەسایەتیی پێشەوامان بۆ دەردەخەن.

دادگاییکرانی قازی محەممەد لە بێدادگای ڕژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا ڕەهەندێکی دیکەی کەسایەتیی پێشەوای کوردی سەلماند. پێشەوا کە بە بڕیاری ئازایانە و قۆستنەوەی هەلێکی مێژوویی توانیبووی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگ بۆ کورد بەدی بێنێت، هەروا بوێرانەش لە بەندیخانە و بێدادگاکانی حکوومەتی پەهلەویدا بەرگریی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی کرد و بە سەربەرزییەوە گیانی خۆی فیدای کورد و نیشتمانەکەی کرد. ۷۹ ساڵ دوای شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، بەردەوامبوونی ڕێبوارانی مەکتەبی پێشەوا لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە بندەستی، بیری پێشەوا قازی محەممەدی لەنێو خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی هێشتۆتەوە. بۆیە لەمێژ ساڵە پێشەوا قازی محەممەد بووەتە گەورەترین سیمبول و ناونیشانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لە هەموو شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێگا و ئامانجەکانی بوون بە خاڵی لێککۆکەرەوەی هێز و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری. ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی پەهلەوی، نەک هەر نەتەوەی کوردی لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کردووە، بەڵکوو بە سیاسەتە شەڕخوازانەکانی، چارەنووسی ئێران و سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی بەرەو هەڵدێر بردووە. بێگومان هەتا ئەو ڕێژیمەش مابێت، نە نەتەوەکانی ئێران مافەکانیان وەدی دێن و نە ئەمنییەت و سەقامگیری لە نێوخۆی ئێران و هەروەها لە وڵاتانی ناوچەشدا سەقامگیر دەبێت.

سەرچاوە
Serchawe

لە ٧٩ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەددا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێداگری لەسەر ڕێبازی پێشەوا و هەموو ئەو سەرکردە و تێکۆشەرانەی لە شۆڕشی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەور و کاریگەریی تایبەتیان بووە دەکاتەوە و ڕادەگەیەنێ خەباتمان بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەمان بەردەوام دەبێ. لەوەش دڵنیاین کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە قەیرانخوڵقێنیی نێوخۆیی و دەرەکی و دروستکردنی شەڕ و تەنگەژە لەگەڵ ئامریکا و ئیسرائیل، دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکات. بۆیە خەباتی ئێمە هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەبێت و دژی هەموو جۆرە شەڕخوازییەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەوەستینەوە. پێ لەسەر ئەوەش دادەگرینەوە کە یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان تاقە وەڵامی بەهێزە بۆ مایەپووچکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم و پاراستنی کوردستان لە هەر ئاڵۆزییەکی نێوخۆیی و ناوچەیی.

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و سەرجەم شەهیدانی کوردستان!

شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان و سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی (٢٩ - ٣ - ٢٠٢٦)

٢٩ی مارچی ٢٠٢٦ی زایینی

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئاگربەست

لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەی ٣٩ ڕۆژ لە نێو ئاگری شەڕێکی قورسدا بوو؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر زەبری هێرشە توند و ڕاستەوخۆکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بوو، سەرەنجام ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ لە ئاکامی تەسلیمبوونی ڕێژیمی ئێران بە ئۆلتیماتۆمی سەرۆکی ئەمریکا (کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکاتەوە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین)، ملی بە ئاگربەست دا.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، وێڕای چاودێریکردنی وردی بارودۆخەکە، ڕوانگەی خۆی لەم چەند تەوەرەدا دەخاتە ڕوو:

یەکەم: بەرپرسیارێتیی ڕێژیم لە جەنگ و ماڵوێرانییەکان، بەرپابوونی شەڕ و تێکچوونی ئاسایشی ناوچەکە، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەنێو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانیکردنی تیرۆریزم و پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و درۆن، جیهانی بەرەو ناسەقامگیری بردووە. ئەم جەنگە بووەتە هۆی زیانگەیاندنی زۆر بە هاووڵاتییان و ئاوارەبوونی هەزاران خێزان.

دووەم: پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکرێت کە ببێتە هۆی ڕاگرتنی خوێنڕشتن و پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی سڤیل، بەڵام هۆشداری دەدرێت کە ئاگربەست نابێت ببێتە دەرفەتێکی تاکتیکی بۆ ڕێژیم تا وەک جارەکانی پێشوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و نزیکبوونەوە لە چەکی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەربگرێت. هەر ڕێککەوتنێک ئیرادەی گەلانی ئێرانی تێدا فەرامۆش بکرێت، تەنیا ئاشتییەکی کاتی و مەترسیدار دەبێت.

سێیەم: ئاگربەست تەنیا کاتێک مانای دەبێت کە ببێتە سەرەتایەک بۆ:

١- کۆتاییهێنانی یەکجاری بە دەستوەردانی سەربازی، هەواڵگری، ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕێژیم.
٢- هەڵوەشاندنەوەی بنەڕەتیی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکان.
٣- پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و داننان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ناو ئێران، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد.

چوارەم: ئەزموونی ٤٧ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیی تێدا ناکرێت و تەنیا بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دیموکراسی، ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە.

بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بوون و بەردەوامی و هێزی خۆی لە نەتەوەکەی و ویستی ئازادی و سەروەری وەردەگرێ و بەرهەمی شەڕ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان نییە؛ بۆیە نە ئاگربەست و نە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامییەکەی ڕاناگرێ. هیچ جۆرە ئاگربەست و ڕێککەوتنێکی سیاسی نامانوەستێنێت لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەروەری.

سەرکەوێت خەباتی ڕەوای گەلی کورد

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦ی کوردی (١٤٠٥ی هەتاوی)

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: هێرش لە کاتی ئاگربەستدا، نیشانەی بنبەستی سیاسی و سپاییی رژیمی ئێرانە

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ڕای گشتی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران، جارێکی دیکە لە ڕێگەی هێرشی درۆنییەوە، سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانی پێشێل کرد و کەمپی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ئامانج گرتەوە. ئەم هێرشانە کە لە کاتی ڕێککەوتنی ئاگربەستدا کران، جارێکی دیکە پەردەی لە سەر نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیمێک لادا کە هیچ کات بڕوای بە ئاشتی و چارەسەری سیاسی نەبووە و سەرکوت، زەبروزەنگ و تیرۆر کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەیەتی. ئەم پەلامارانە نەک نیشانەی هێز نین، بەڵکوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕێژیم لە حاست ئیرادەی گەلەکەمان و ئەو بنبەستە سیاسی و نیزامییەی کەوتووە، تووشی شڵەژان و ناهومێدی بووە.

بەداخەوە، لە نوێترین شەپۆلی ئەم هێرشانە بۆ سەر کەمپەکانی "ئازادی"ی حیزبی دێموکرات و "سووررداش"ی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، دوو پێشمەرگە بریندار بوون و "غەزاڵ مولان"، کچە پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، شەهید بوو.

هاوپەیمانیی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێت کە بە ئامانجگرتنی شوێنی ژیانی خەڵکی سڤیل و پەنابەران، پێشێلکردنێکی زەقی یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەروەها کۆنڤانسیۆنی ژنێڤە. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران داوا لە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا، تەنیا بە مەحکوومکردنی ئەو هێرش و دەستدرێژییانە نەوەستن و هەنگاوی کردەیی بۆ ڕاگرتنی ئەم پەلامارانە بنێن کە هەم بێ ڕێزی و پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و هەرێمە و هەم بەهێندنەگرتنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە.

ڕێژیمی ئێران دەبێ بزانێت کە تیرۆر، تۆقاندن و درۆنباران، ناتوانێت ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی سست بکات و ئەم هێرشانە یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان بۆ کۆتایهێنان بە ستەمکاری و داگیرکاری بەهێزتر دەکات.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان وێڕای نوێکردنەوەی بەڵێن لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری ڕادەگەیەنێت کە هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبێت.

سڵاو لە شەهیدان و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی

١٥ - ٠٤ - ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: سازان لەگەڵ تاران ڕێخۆشکردنە بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و ناسەقامگیری

بۆ ڕای گشتی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان!
ڕوو لە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان!
ڕوو لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق!

ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی و نیزامی و ستراتیژییە ئایدۆلۆژییەکانی لە ماوەی شەڕی ٣٩ ڕۆژەی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بە بەردەوامی هێرشی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمپی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی خاوخێزانی کادر و پێشمەرگەکانیان لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە ماوەی ئاگربەسی ئێستاشدا ئەو هێرشانە هەر درێژەیان بووە. لە نوێترینی ئەو هێرشانەشدا کە ڕۆژی ڕابردوو ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (١٧ - ٤ - ٢٠٢٦) بە مووشەک و درۆن کرایە سەر کەمپە مەدەنییەکان و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ مخابن سێ پێشمەرگە و تێکۆشەری ڕێگای ئازادیی ئەم حیزبە بە ناوەکانی شاهین ئازەربەرزین، نەدا میری و سەمیرا ئەڵلایاری شەهید بوون و دوو پێشمەرگەیەکی دیکەش بریندارن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشتریش جگە لە بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانیان، بە بەردەوامی هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە ئەو هێرشانەش ١١ شەهید و قوربانیی لێ کەوتبۆوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنەوەی توندی ئەم تاوانە و سەرجەم هێرشە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و شەهیدکرانی ١٠ ڕۆڵەی تێکۆشەری حیزبەکانی ئەندامی هاوپەیمانیی ڕایدەگەیەنیت:

١- ڕوو لە حکوومەتی عێراق ڕایدەگەیەنین پێویستە هەڵوێست و کاردانەوەکانی جدییان هەبێ و هەنگاوی بەکردەوە، یاسایی و ڕاشکاوانە بنێن بۆ پاراستنی گیانی پەنابەرانی سیاسی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانانە. پاراستنی سەروەریی خاک و گیانی نیشتەجێبووانی هەرێم، ئەرکێکی دەستوورییە، بەتایبەت کە ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی نێوان دوو وڵاتی پێشێل کردووە.

٢- ڕەخنەی توند لە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرین و پێمانوایە بێدەنگی و پاسیڤبوونی ئەوان لە بەرامبەر ئەم جینایەتە جەنگییانە و پشتگوێخستنی ئەرکە مرۆییەکانیان، دەستی ڕێژیمی تارانی بۆ دەستدرێژی و تێرۆری زیاتر ئاوەڵاتر کردوە. داوا دەکەین و پێویستیشە ئەم هێرشانە وەک تاوانی جەنگ و تێرۆری نێودەوڵەتی لەقاو بدرێن، تۆمار بکرێن و هەڵوێستیان لە سەر بگیرێ.

٣- بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتی ساتوسەودای وڵاتان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەگرین و پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرینەوە کە ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە ئەمنییەت و سەقامگیریی هەموو جیهانی بە بارمتە گرتووە و هەموو کاتێک دانوستان و سازان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ کڕینی کات و بردنە پێشێی ئامانجەکانی قۆستۆتەوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردانەوەی خێرای هەبێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سازان لەگەڵ تاران چیدی دەستی ڕێژیم بۆ بەردەوامیی تێرۆر و کوشتار ئاوەڵاتر نەکات.

٤- داوا لە هەموو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات دەکەین بە پلان و بەرنامەی تۆکمە، بە ڕێکخستنی ئاکسیۆن و ڕێپێوانی هێمنانە و بەشێوەی بەردەوام بێنە سەر شەقامەکان و بە کۆبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانە و کۆنسوولگەرییەکانی ڕێژیم و ناوەندەکانی بڕیار دەنگی بێزاری نەتەوەکەمان بەرز بکەنەوە.

لە کۆتاییدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە دۆست و دوژمن دڵنیا دەکاتەوە ئەم هێرشانە و گیانبەختکردن و قوربانیدانی هێزەکانمان نەک هەر ئیرادەمان نالەرزێنێت، بەڵکوو باوەڕمان بە ڕەوایی خەبات بۆ رزگاریی کوردستان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و سووربوونمان لەسەر بەردەوامیی خەباتەکەمان قایمتر دەکات.

نەمری بۆ شەهیدان و سەرکەوتن بۆ ڕێگای ئازادی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (١٧ - ٠٤ - ٢٠٢٦)

٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

١٧ی ئەپریلی ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران - سوید لەگەڵ "تۆڕی سویدی - کوردی"

ڕۆژی چوارشەمە ٢٩ی مانگی ئاپریلی ٢٠٢٦، وەفدێکی هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە سوید کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان و گرنگیان لەگەڵ نوێنەرانی "تۆڕی کوردی لە پارلەمان **(Svensk-Kurdiska nätverket i riksdagen)**" ئەنجام دا.

ئەم کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ناوەندی هاوپەیمانی بۆ ئاگادارکردنەوەی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئوروپا لە دوایین گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا وەک پرۆژەی سیاسی و یەکگرتوویی نەتەوەیی، وەفدی ناوەندی هاوپەیمانی جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم ناوەندە وەک هاوپەیمانییەکی ستراتێژی، نوێنەرایەتیی زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەکات. ئاماژەش بەوە درا کە کورد فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و دێموکراسی لە ناوچەکەدا و پرۆژەی سیاسیی ئێمە لەسەر بنەمای پلورالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە.

هەروەها جەخت کرایەوە کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕەگی لە ناو خەباتی گەل و نەتەوەی کورددا هەیە و خاڵی

هاوبەشی هەموو ئازادیخوازانە لە ئێران.

لەم کۆبوونەوەیەدا بە وردی تیشک خرایە سەر ئەو مەترسییانەی کە لە پەراوێزی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا دروست بوون. ئەو تێبینییەی کورد بۆ پەرلەمانتاران ڕوون کرایەوە کە لە کاتێکدا جیهان باس لە ئاگربەس و کەمکردنەوەی گرژییەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات، ڕێژیم ئەم هەلەی قۆستووەتەوە بۆ چڕکردنەوەی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر بنکەکانی هێزە کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستان و ناوچە نیشتەجێبووەکان. ئەمە وەک "پارادۆکسێکی مەترسیدار" وەسف کرا کە تێیدا بێدەنگیی نێودەوڵەتی بووەتە هۆی زیادبوونی دەستدرێژییەکانی تاران.

لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها باس لە دەوری سەرکوتکاری حکوومەتی ئێران لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کرا، کە بە کاری تێکدەرانە ئامانجیان شێواندنی ئەزموونە بەنرخەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانە.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا، ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ پێشکەش کرا، کە تێیدا ئاماژە بەم خاڵانە درا:

- بە ئامانجگرتنی خەڵکی سیڤیل: هێرشەکان تەنها بنکە سیاسییەکان ناگرنەوە، بەڵکوو ژیان و ئاسایش و ئارامیی بنەماڵەکان و منداڵانی کوردیان خستووەتە مەترسییەوە.
- هێزی پێشمەرگە: باس لە بارودۆخی پێشمەرگە و شەهیدانی ئەم دواییانە بە هۆی هێرشە درۆنییەکانی ڕێژیمی ئێران و ئەسپەردەکردنی ئەو هاوڕێیانە لە هەلومەرجێکی دژواردا کرا.
- سەرکوتی ناوخۆیی: بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد و بەردەوامیی گرتن و ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا.
- گەمارۆی دیجیتاڵی: داخستنی ئینتێرنێت بۆ پتر لە ٥٠ ڕۆژ لە ئێران و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە گەیشتنی دەنگی نارەزایەتییەکان بە جیهان.

هەروەها، پارلەمانتارانی سوید نیگەرانیی خۆیان لە مەیلی شۆڤینیستی-فاشیستی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەربڕی. وەفدی هاوپەیمانی جەختیان کردە سەر ئەوەی کە کێشەی کورد بە بەدەسەڵات گەیشتنی حکوومەتێکی ناوەندگەرا کە مەیلی سیاسی بۆ پاکتاوکردنی نەتەوە جیاوازەکانی نێو ئێران، لەوانە کورد، بەلووچ، عەرەب و ئازەری هەیە، چارەسەر نابێت.
نوێنەرانی پارلەمان سەبارەت بە هاوکاری و هاودەنگیی نێوان نوێنەرانی نەتەوەکانی نێو ئێران پرسیاریان کرد و وەفدی هاوپەیمانی بە وردی وەڵامیان دایەوە.

لە درێـژەدا نـوێنەرانی هاوپەیمـانی بە فەرمـی داوایـان لە پارلەمانتـارانی سـوید کـرد کە لە ڕێگەی حکـوومەتی سـوید و یەکیەتیی ئورووپاوە ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر:

- گفتوگۆکردن لەسەر مێکانیزمێکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاسمانی ناوچەکە لە هێرشە ئاسمانییەکانی کۆماری ئیسلامی.

- هەڵوێست گرتنی فەرمی بەرانبەر بە هێرشەکان و ناچارکردنی ئێران بۆ ڕاگرتنی تیرۆری دەوڵەتی
- پشـتیوانی مرۆیـی: دابینکردنـی هاوکـاریی تەندروسـتی و مرۆیـی بـۆ ئەو ناوچـانەی کە بەهـۆی هێرشـەکانەوە زیانیـان پێگەیشتووە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی پەرلەمانی سوید وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد، بەڵێنیان دا کە ئەم پرسە لە لێژنەکانی دەرەوەی پارلەمان و لە ئاستی وەزارەتی دەرەوەی سویدا بەلێبڕاوی بخرێتە بەر باس.

کۆبوونەوەکە بە جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیی دیـالۆگ و هـاوئاهەنگی نێوان ناوەنـدی هاوپەیمـانی و پارلەمـانی سـوید و ناوەندە ئورووپاییەکان کۆتـایی هات.

جێی ئاماژەیە کە لایەنە سویدیەکانی بەشدار بـوو برییتی بـوون لە Serkan Köse :، Leif Nysmed, Kadir Kasirga، Denis Begic لە حیزبی سۆسیال دێموکراتەکان. هەروەها Fredrik Malm لە حیزبی لیبراڵەکان.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٦

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بۆ ڕای گشتی، وڵاتان، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!

ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی، سەربازی و ستراتیژییە ئایدۆلۆژییەکانی، جارێکی دیکە پەرەی بە هێرشە دڕنییەکانی بۆ سەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان داوە. ئەم هێرشانە نیشانەی دەستەوەستانی و لاوازیی ڕێژیمە لە بەرامبەر گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ٣ خاڵدا بۆچوونی خۆی لەسەر دۆخی ئێستا ڕادەگەیەنێت:

١- هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێداگری دەکاتەوە ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانە، شەڕی کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ جیهان نییە؛ بگرە ئەوە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری تارانە کە تەواوی خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتووە. ئەو شەڕەی ئێستا هەڵگیرساوە، ئاکامی دەیان ساڵ سیاسەتی زێدەخوازی، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و پاڵپشتیی تێرۆریزمە؛ سیاسەتێک کە دواجار هەم ئێرانی تووشی دارمانی ئابووری کرد و هەم کۆماری ئیسلامییشی بەرەو لێواری ڕووخان بردووە.

٢- ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەم قۆناغەی شەڕەوە تا ئێستا، زیاتر لە ٧٠٠ جار سەروەریی خاکی عێراقی

بەزاندووە و هەرێمی کوردستانی کردووەتە ئامانج. لەم نێوەدا، زیاتر لە ١٥٠ هێرشی ڕاستەوخۆ کراوەتە سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ئەنجامی ئەم جینایەتانەدا، تا ئێستا ٢١ کەس شەهید بوون؛ کە ١٠ کەسیان تێکۆشەران و پەنابەرانی ئەندامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانن. ئێمە بە ئامانجگرتنی کونسوڵخانەکان، کەمپە سیاسییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل بە پێشێلکردنی "کۆنڤانسیۆنی ژێنێف" و تاوانێکی جەنگی دەزانین. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران داوا لە وڵاتان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دەکات لە هەمبەر ئەم هێرشانەی کۆماری ئیسلامیدا هەڵوێستی جدی و بەکردەوەیان هەبێت.

٣- داوا لە سەرجەم هاونیشتمانییەکانمان لە دەرەوەی وڵات دەکەین، بە شێوەیەکی یەکگرتوو و بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانییەوە، لەسەر شەقام و لە بەردەم باڵوێزخانەکان و ناوەندەکانی بڕیاردا دەنگی خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەکەمان بن. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێشوازی لە هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئۆگران و لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری بۆ پاڵپشتی لە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەقاودانی تاوانەکانی ئەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکات.

لە کۆتاییدا، ڕایدەگەیەنین هێرش و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی و لێکەوتەکانی، نەک هەر ئیرادەمان نالەرزێنێت، بەڵکوو باوەڕمان بە ڕەوایی خەبات بۆ ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و ڕزگاریی کوردستان قایمتر دەکات.

نەمری بۆ شەهیدان و سەرکەوتن بۆ ڕێگای ئازادی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٦

پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

کرێکاران هێزی گۆڕان و خەباتن

ڕۆژی یەکی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپشتیی جیهانیی چینی کرێکار و سیمبۆلی ناڕەزایەتییە بەرامبەر بەو سیستەمەی کە نان، کار، کەرامەت و ئازادیی مرۆڤ دەکاتە قوربانیی قازانجپەرەستی و دەسەڵات. ئەم ڕۆژە، هێمای ڕاپەڕینی ڕەنجدەرانە دژی مافخواراوی و چەوسانەوە. بۆ کرێکارانی کوردستان، ئەم یادە تەنها ڕەهەندێکی پیشەیی و ئابووری نییە، بەڵکوو خەباتێکی مێژووییە دژی ستەمێکی چەند لایەنە. کرێکاری کورد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، تەنها قوربانیی سیستەمێکی ئابووریی نادادپەروەر نییە، بەڵکو بە هۆی "داگیرکراوبوونی نیشتمانەکەی" و "سیاسەتی بە ئەنقەست هەژارکردنی کوردستان"، لە ناو جەرگەی پەراوێزخستنێکی سیاسی و ئابووریدایە.

قەیرانی ئابووری و دۆخی کرێکاران ئەنجامی ڕاستەوخۆی سروشتی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە. حکوومەتێک کە ئازادیی ڕێکخستن قبووڵ ناکات، مانگرتن دەکاتە بابەتی ئەمنی، چالاکانی کرێکاری ڕادەکێشێتە بەناو دادگای شۆڕش و هەر داواکارییەکی سەندیکایی بە هەڕەشەیەک بۆ مانەوەی خۆی دەبینێت. لە کۆماری ئیسلامیدا، هەموو چینی زەحمەتکێش لە کرێکاری کارگەوە تا مامۆستا، پەرستار، خانەنشین، کرێکاری ژن، کرێکاری نارەسمی، کۆڵبەری کورد و سووتەمەنیهەڵگری بەلووچ، هەموویان بە شێوازی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دژە کرێکار و دژە مرۆڤی ئێران

دەبنەوە.

لە ڕوانگەی هاوپەیمانییەوە دادپەروەری بۆ چینی چەوساوەی کوردستان بە توندی گرێدراوی ڕزگاربوون لە ژێر چنگی داگیرکەری و ستەمی سیاسییە. لە کوردستان ڕزگاریی نیشتمان خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لە ڕەخسانی دەرفەت و ڕۆشتنی چینی کەمداهات و هەژار بەرەو ڕزگاری لە ستەمی چینایەتی و گەیشتن بە ژیانێکی شیاو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر بە درێژایی دەسەڵاتی سامانی کوردستانی تاڵانکردووە و بە سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستاندا بووەتە هۆکاری کاوڵکاریی ئابووریی، بەڵکوو ئێستا زیاتر لە هەمیشە داهاتی گەلانی ئێران دەکاتە سووتەمەنیی ئاگری شەڕە هەرێمییەکان و خەرجی گرووپە تێرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا. ئەم شەڕخوازییەی ڕژێم ئاکامی کارەساتباری بۆ سەر کوردستان و بەتایبەت خەڵکی کەمداهات و چینی هەژاری کۆمەڵگا هەبووە، سامانێک کە دەبوایە خەرجی ئاوەدانی و بووژانەوە ئابووری بکرایە کە دەرفەتی ژیانێکی باشتری بۆ کرێکارانی کوردستان دەبوو خەرجی شەڕ و تیرۆریزم کراوە و باری قورسی کەوتووەتە سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە داهاتووی کوردستان دەبێت لەسەر بنەمای دادپەروەری، ئاشتی، سەقامگیری و دیموکراسی بونیاد بنرێت. تەنها لە سایەی سیستمێکی سیاسیی دوور لە شەڕ و ستەمدایە کە دەرفەتی یەکسان و ژیانێکی شایستە بۆ چینی چەوساوە دەستەبەر دەبێت. ڕزگاریی ئابووریی ئێمە، گرێدراوی کۆتاییهێنانە بەو ٤٧ ساڵە لە شەڕ و سەرکوت کە کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی خۆی بەکاریهێناوە. بۆ هێنانەدیی دادپەروەری، پێویستە کوردستان لە مۆڵگەیەکی سەربازییەوە بکرێتە ناوەندێکی ئاوەدانی و ئاشتی. هاوپەیمانی دژی چەوسانەوەی چینایەتی و هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی مرۆڤ لە لایان مرۆڤەوەیە و خوازیاری گەڕاندنەوەی حورمەتی ئینسانی بۆ تاکی کوردە.

پێویستە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و چەوساوەکانی کوردستان، ئەم یادە بکەنە هەوێنی یەکخستنی دەنگەکان دژی ئەو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەی کە مافی ژیان و گوزەرانی شایستەی لە خەڵکی کوردستان زەوت کردووە. کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و خوێندکاران و هەموو ئەوانەی حکوومەتی ئێران بووەتە هۆی بێمافی و چەوسانەوەیان لە کوردستان سەرچاوەی هێزی جەماوەری دژی حکوومەتی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامین. تێکۆشانی ئەمڕۆ و داهاتووی ئێمە بۆ گەیشتن بە سیستەمێکی کارامەی ئابوورییە کە بە بەکارهێنانی دروستی سامانی وڵات و دامەزراندنی ژێرخانی ئابووریی بەهێز و ڕێکخستنی ڕێوشوێنی گونجاو و پێشگرتن لە قۆرخکاریی و چاوچنۆکیی کۆمپانیا ئابوورییەکان، ئاستێکی بەرزی

ژیان و، گوزەرانی بەختەوەرانە و دوور لە هەژاری بۆ هەموو چین و توێژەکان دابین بکات.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە هەر هەنگاوێک دەکات کە ڕیزەکانی نەتەوەکەمان بەرەو ڕزگاری و کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی سیستماتیک ڕێکبخات. یەکگرتوویی، کلیلی سەرکەوتن و گەیشتنە بە مافە ڕەواکانمانە.

بژی هاوپشتیی کرێکاران و مافخوازانی کوردستان

شکۆدارە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

٣ی مای ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی "یەعقووب کەریمپوور" و "ناسر بەکرزادە"

لە درێژەی شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو چالاکی سیاسیی دیکەی بە ناوەکانی "یەعقووب کەریمپوور" و "ناسر بەکرزادە" بە تۆمەتی بێبنەما و ناڕەوا لە سێدارە دا. ئەم تاوانانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە دەسەڵاتی تاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا تووشی شکستی سیاسی و ستراتیژی بووە و دەیەوێت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە شکستی خۆی بشارێتەوە.

کۆماری ئیسلامی کە جەوهەرەکەی لەسەر بنەمای دیکتاتۆری و توندئاژۆیی ئیسلامی داڕێژراوە، لە کوردستان و بەرامبەر بە نەتەوە ژێردەستەکان وەک هێزێکی داگیرکەر ڕەفتار دەکات و بەرانبەر بە ئازادیخوازان و ژنان و هەموو مافخوازان دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر و دژە مرۆڤە. هەر بۆیە حکوومەتی ئێران هەر جۆرە دەنگێکی مافخوازیی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و هەر هاوارێک کە دژی سیستەمی دیکتاتۆری بێت، تەنیا بە گرتن، شکەنجە و پەتی سێدارە وەڵام دەداتەوە. ئەمە سیاسەتێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە بووە لە کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە بازنەی ئەم سەرکوتکارییە بەرە بەرە گەورەتر بووەتەوە و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی گرتووەتەوە، بە چەشنێک کە

سەرچاوە
Serchawe

ئێستا هەموو جوگرافیای سیاسیی ئێران بووەتە زیندانێکی گەورە بۆ ئازادیخوازان.

ئێمە وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای شەرمەزارکردنی توندی ئەم کردەوە نامرۆییانە، پێداگری دەکەینەوە کە پەنابردن بۆ سێدارە نیشانەی لاوازیی ڕێژیمە نەک هێز، و ئەم خوێنە ڕژاوانە ئیرادەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری بەهێزتر دەکەن.

لە کۆتاییدا، داوا لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و بیرورای گشتیی ئازادیخوازی جیهان دەکەین، بێدەنگی بشکێنن و بە گوشاری هەمەلایەنە بەر بە ئامێری کوشتاری کۆماری ئیسلامی بگرن. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگری لەم تاوانە سیستماتیکانە بکات کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێن. ئێمە سوورین لەسەر تێکۆشان تا ڕووخانی یەکجاریی ئەم دیکتاتۆرییە و تێپەڕین لەم زیندانە گەورەیەی کە بۆ دانیشتوانی ئێرانیان دروست کردووە؛ دڵنیاین کە پەتی سێدارە ناتوانێت ڕێگری لە کاروانی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئازادیی کوردستان و تێکۆشانی ڕەوای نەتەوەکەمان بکات.

نەمری بۆ گیانبەختکردووان و سەرکەوتن بۆ ڕێگای ئازادی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

٣ی مای ٢٠٢٦

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە کوردستان و ئێران

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی، نیزامی و ئەمنییەتییەکانی شەپۆلێکی نوێی ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکانی لە ئێران، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ خستووە.

تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەم دواییانەدا بە شێوەی سەرسووڕهێنەر زیاتر بوون و شەپۆلی نوێی سەرکوت و زەبروزەنگەکان دژی تێکۆشەرانی ئازادیخواز، بەتایبەت لە زیندانەکان بابەتێکی ئاسایی نین و نابێت ڕێگە بدرێت ئاسایی بنوێنن. ئەو ئێعدام و کوشتنە سیاسییانە کوشتاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراون و بۆ هەمووان ئاشکراشە کە کۆماری ئیسلامی ئێعدامەکان بۆ تۆقاندنی زیاتری کۆمەڵگە و وەک قەڵغانێکیش بۆ مانەوەی پتری خۆیان لە دەسەڵاتدا بە کار دێنن.

سەرکوت و ئێعدامەکان لە نێوخۆ و بەردەوامیی مووشەکبارانی حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا پەرە دەستێنن کە ڕێژیم لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و لە شەڕ و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا تووشی شکستی ستراتیژی و کەلێنی ئەمنییەتیی قووڵ بۆتەوە، بۆیە بە پیشەی پێشووی پەنای بۆ قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی وڵات و قەڵتوبڕ و

سەرچاوە
Serchawe

زەبروزەنگی زیاتر لە نێوخۆی وڵاتدا بردووە. هاوکات بەردەوامیی تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەویش لە کاتی ئاگربەستی کاتیی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیم شەڕی خۆی لەگەڵ ئازادیخوازان، مافویستانی و دژبەرانی نێوخۆیی نەک نەوەستاندووە؛ بەڵکوو هەموو دەرفەتەکان بەتایبەت ئەو ئاگربەستەش بۆ پاکتاوی فیزیکیی نەیارانی بە کار دێنێ.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران پێی وایە هەڵخستنی پەتی سێدارە بۆ ئەو کەسانەی بە تۆمەتی بێبنەمای «سیخوڕی» بۆ بیانییەکان یان «شەڕی چەکداری» دژی ڕێژیم گیراون، لە ڕاستیدا چەکی تۆڵەسەندنەوەیە لە خەڵکی خەباتکار و مافخواز. ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە لە هەموو ماوەی تەمەنی خۆیدا هەوڵی داوە بە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی تێچووی خەبات و خۆراگری دژی دەسەڵاتە نگریسەکەی بباتە سەرێ و مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران و بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان بەچۆکدا بێنیت. بۆیە کۆمەڵگەی جیهانی نابێ و ناشکرێ ئێعدامی سەدان بەندکراو لە ساڵێکدا لە ئێران تەنیا وەک «پێشێلکاریی مافی مرۆڤ» سەیر بکات، بەڵکوو پێویستە ئەم کردەوانە بە «تاوانی جەنگ» و «تاوان دژی مرۆڤایەتی» بناسێ و هەڵوێست و بڕیاری بەکردەوەی لەدژی ئەم جینایەتانەی ڕێژیم هەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران هاوکات ڕادەگەیەنێ کە هەر دیپلۆماسییەک، هەر دانوستانێک و هەر جۆرە ئاگربەستێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێگە لە وەستاندنی زەبروزەنگی نێوخۆیی لە ئێران و ئێعدام و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ بەهۆی ئەم ڕێژیمەوە نەگرێت؛ هەم دەبێتە پاڵنەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی لە سیاسەتی کوشتن و قڕکردنی خەڵکی ئازادیخواز و هەم دەرفەت بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژ و سەرکوتکارە دەڕەخسێنێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلەمانی ئورووپا و حکوومەتە دێموکراتیکەکانیش دەکا بۆ وەستاندنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی تاوان و جینایەتەکانی گوشاری پتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە ڕابگرن. هەروەها پێویستە پرسی سەرکوتی نێوخۆیی لە ئێران و ئێعدامەکان بببێتە باسێکی بنەڕەتی لە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری توند لەدژی ڕێژیم بدرێت. بێگومان بێتوو تێچووی ئێعدامەکان و زەبروزەنگی نێوخۆیی لەسەر کۆماری ئیسلامی -چ سیاسی و چ ئابووری- زیاد نەکرێت، ڕەفتار و سیاسەتی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات گۆڕانی بەسەردا نایەت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەروەها داوا لە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەکا بە یەکڕیزی و هاوخەباتیی بەکردەوەیان پاشەکشە بە سیاسەتەکانی ڕێژیم بکەن. دڵنیاین خەڵکی کوردستانیش بە ڕێکخستنی پتری ڕیزەکانیان و خەبات و خۆڕاگریی خۆیان وەک هەمیشە بەرسڤی سیاسەتەکانی ڕێژیم دەدەنەوە.

سەرکەوتوو بێ خەباتی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی (١ - ٦ - ٢٠٢٦)

١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

١ی جوونی ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

وتاری نوێنەری هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە پارلەمانی ئورووپا

برۆکسل – کۆنفرانسی "بونیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیک"

(وتاری هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا لەلایەن فەریبا محەمەدی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە نوێنەرایەتی لە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"ـەوە پێشکەش کرا.)

لە بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی "بونیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیک" لە پەرلەمانی ئورووپادا، فەریبا محەممەدی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە نوێنەرایەتی لە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" گوتارێکی پێشکەش کرد. ئەم ئامادەبوون و هەڵوێستە لە کاتێکدایە کە لە پێشخستنی بەرنامەکانی ئەم هاوپەیمانییەدا، "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بەرپرسیارێتیی خولیی هاوپەیمانییەکەی لە ئەستۆدایە.

بەڕێز فەریبا محەممەدی لەم گوتارەدا، وێڕای بردنەژێرپرسیاری پێکهاتەی نەریتیی دەسەڵات و خوێندنەوە فەرمییەکان بۆ چەمکی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێراندا، ڕەخنەی لە بەئەمنییەتیکردنی ناسنامە نەتەوەییەکان گرت و ئاماژەی بەوە کرد کە داخوازیی مافە ڕەواکانی ئەم نەتەوانە و جەختکردنەوە لەسەر «مافی دیاریکردنی چارەنووس» لە ماوەی سەد ساڵی

ڕابردوودا، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە تۆمەتی جیاییخوازی لە پاڵ دراوە، بە تاوان زاندراوە و بە سەرکوتی توندوتیژ وڵام دراوەتەوە. لە کاتێکدا دابەزاندنی ئاستی ئەم ئیرادە نەتەوەییانە بۆ وشە سنووردارکەرەوەکانی وەک قەوم یان ئەتنیک، پشتگوێخستنی ڕاستییە مێژوویییەکانی کۆمەڵگە و ڕەسەنایەتیی ئەم خەباتگەلەیە.

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا بە پشتبەستن بە نموونە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە و ڕوانگەی شیکەرەوە سیاسییەکان، جەختی لەوە کردەوە سنوورەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی ئیرادەی ڕەهای خودی نەتەوەکان نەبووە، بەڵکوو دەرەنجامی ڕێککەوتنەکان و جێگیربوونی هێزە نێودەوڵەتییەکانە لە درێژایی مێژوودا. وەک چۆن نەتەوەی کورد وەک نموونەیەکی بەرچاو، بەهۆی سنوورە سەپێندراوانەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە.

نوێنەری هاوپەیمانی، بە بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کە سنوورە سیاسییەکان لە ڕەوتی مێژوودا هەمیشە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و نابێت بە دەمارگرژیی چەقبەستووەوە سەیریان بکرێت، جەختی لەسەر پێویستیی تێپەڕین لە گێڕانەوە فەرمییە سەد ساڵەکان کردەوە و بەرهەمهێنانەوەی بیرۆکەی دیموکراسیی یەکپێکهاتەیی لە نێوان بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەک تابوویەکی سیاسی لەقەڵەم دا کە دەبێت بشکێنرێت.

لە بەشی کۆتاییی وتارەکەدا، ڕوون کرایەوە کە بۆ ڕۆژی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناتوانرێت کۆمەڵگە بە دروشمی گشتگیر بەڵام لێڵ و ناڕوونەوە بەجێ بهێڵرێت و هەر جۆرە پێکەوەژیانێکی هاوبەش و بەردەوام لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا، مەرجدارە بە دەستەبەرکردنی یەکسانیی پێکهاتەیی لە سێ بواری سەرەکیی، مافە نەتەوەییەکان، فرەیی زمانەوانی – کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٤ی جۆزەردان ٢٧٢٦

١٣ی ژوئەنی ٢٠٢٦

١٣ی جوونی ٢٠٢٦

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بە هێزی خەڵک و یەکگرتوویی سیاسی بەدی دێت

بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ڕای گشتی و ئازادیخوازان!

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی (١٦ی ژوئەنی ٢٠٢٦) کۆبوونەوەیەکی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئەرکە مێژووییەکانی هاوپەیمانی لەم قۆناغەدا پێکهێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، لێکەوتەکانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و هەوڵەکانی دواتر بۆ ئاگربەس و واژۆکرانی لێکتێگەیشتنی نێوان ئەمریکا و ئێران و دوورەدیمەنی داهاتووی سیاسیی ئێران ئەو ئاکامگیرییە کرا ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێرانن کە بە بەردەوامییان لە خەبات و مافخوازییان کۆتایی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دێنن و لە ڕاستیدا ڕێژیمیش ترسی هەرە گەورەی هەر خەباتی مافخوازانەی لە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێرانە کە هەتا ئێستا لەو پێناوەدا ڕووبارێک خوێنیان داوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە دۆزی ڕەوای کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم نەتەوەیە پاشخانێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی هەیە و تابعی هیچ جۆرە شەڕ و هاوکێشەیەکی هەرێمی نییە. لە ڕوانگەی ئێمەوە پێچەوانەی تێگەیشتنێک لە ئاستی لە نێودەوڵەتیدا هەیە، کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی داخراوی ئەزموون کراوە و ئەم جۆرە لێکتێگەیشتن و تەنانەت ڕێککەوتنانەش جەوهەر و نێوەرۆکی ڕێژیم ناگۆڕن، بۆیە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە هێزی نێوخۆیی خەڵک، یەکگرتوویی هێزە کوردستانی و دێموکراسیخوازەکانی ئێران و بەردەوامیی بزووتنەوە مەدەنییەکانەوە بەدی دێت و هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتوودا، پێش هەر شتێک پشت بە ئیرادە، خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران دەبەستێت.

هاوپەیمانی هاوکات لەسەر ئەم باوەڕەیە لەگەڵ ئەوەدا لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا دەتوانێ یارمەتیدەری بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران بێ، بەڵام ئێمە پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێڕیی خۆمان دەبەستین و چارەنووسی خەباتی خۆمان بە ڕێککەوتن و شەڕی وڵاتان و لایەنە دەرەکییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە نەبەستۆتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ئەم شەڕە بە زیادکردنی شاڵاوی گرتن و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گوشارەکان بۆ کۆمەڵگە و هێرشە تێرۆریستییە بەردەوامەکانی بۆ سەر حزبە کوردستانییەکان لە باشووری کوردستان هەوڵی لاوازکردنی ئەم بزووتنەوەیە دەدات، بەڵام جووڵانەوەی کورد بەم سەرکوت و گوشارانە بەچۆک دانایەن.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، لەم قۆناغەدا پێ لەسەر پەرەپێدانی کاری هاوبەش، پێداگری لەسەر بەردەوامی، پتەوکردنی یەکگرتوویی نێوخۆیی، بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە میدیاییەکان و بەشداریی کارا و بڕوابەخش لە پرۆسەی بڕیاردانی هاوبەشدا لە ڕێزدانان بۆ ویستی جەماوەر و پێویستیی بزووتنەوەی کوردستاندا دادەگرێتەوە. هاوکات لە هەوڵەکانی بۆ نێزیکبوونەوەی هەرچی زیاتر لە پێناو گوتاری هاوبەش و کاری مەیدانیی پێکەوەیی و بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە بێهیواییەک بەردەوام دەبێ و پێ لەسەر بەردەوامیی خەبات تا بەدیهاتنی مافە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دادەگرێتەوە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای بزووتنەوەی کوردستان

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران

٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ (٢١ - ٦ - ٢٠٢٦)

٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦ (٢١ی جوونی ٢٠٢٦)

بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی ڕۆژەڤی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە

(هەڵسەنگاندنی دۆخی مەیدانی و ئەرکەکانی هاوپەیمانی)

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ڕای گشتی و ئازادیخوازان!

لە کاتێکدا دۆخی سیاسی و ژێئۆپۆلەتیکی ناوچەکە و ئێران لە گۆڕان و قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە گرژیدایە، کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی گەلاوێژی ١٤٠٥ (٢٣ی ژووئیەی ٢٠٢٦) لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی دۆخەکەدا بەڕێوە چوو.

ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا پێکهات کە هاوکێشە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانی ئێران تووشی گۆڕانکاریی قووڵ بوونەتەوە و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دواپەنا بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە نێوخۆییەکانی، زیاتر لە جاران پەرەی بە تێرۆر و هێرشی ئاسمانی و زەوینی داوە.

شکست و ناکامبوونی زنجیرە دانوستانەکانی نێوان ڕێژیمی ئێران و ئامریکا، نیشانەی ڕوونی بنبەستێکی سیاسییە کە ئەم ڕێژیمەی لەپێ خستووە. سیستەمێک کە لە نێوخۆدا تووشی دارمانی متمانەی گشتی و قەیرانی ئابووریی بێوێنە بووە، و لە دەرەوەش ناتوانێت بە دیپلۆماسی قەیرانەکانی مودیرییەت بکات. کۆی قەیرانە ئاڵۆز و بەربڵاوەکانی ڕێژیم وای لێ کردووە لە هێرشە یەکبەدوای یەکەکانی سەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بێت، تەنانەت بەپێی دۆخی بریندارەکانیشمان لە هێرشەکاندا، ئەگەری بەکارهێنانی «مادەی سووتێنەر یان فۆسفۆڕی سپی» زۆرە کە بێگومان ئەمە جگە لە نیشاندانی زەبوونی و داماویی زۆری ڕێژیم لەهەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هێز و وزەی شاراوەی خەڵک و حیزبەکانیان، تاوانی دژی مرۆڤایەتیشە.

مەحکومکردنی توندی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، هێرشە مووشەکی، درۆنی و زەمینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بنکەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنها ئاگادارکردنەوەیەکی ئینسانیی نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی سیاسییشە بۆ خەسارە گەورەکانی ئەم بزووتنەوەیە و شەرمەزارکردنی تاوانێکی گەورەی جەنگە. لەم هێرشە دڕندانەیەدا بزووتنەوەکەمان تێچووی قورسی بووە. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، پۆلێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ژمارەیەک لە گریلاکانی یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون و هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە بریندار بوون. بەڵام هەروەک گوترا ئەمە دوا پەلەقاژەکانی ڕێژیمێکە لە سەرەمەرگدایە و نیشانەی بێهیوایی و زەبوونیی ڕێژیم لە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەیەکە کە لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیدا کۆڵ نادات.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەم گیانبەختکردووانە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان، ئەم زیانانە بە خەسار بۆ تەواوی بزووتنەوەی کوردستان دەزانێت. هاوکات هاوپەیمانیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە بڕیار یەکریزی و پێکەوەیی لەنێو بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا بژاردە نییە، بەڵکوو زەروورەتێکی ستراتیژییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشانە. لەلایەکی دیکەشەوە پاراستنی خاوەنداریتی لە هێزەکان و بەهێزکردنی سەقامگیریی نێوخۆیی هاوپەیمانیی بوار بۆ ئەوە دەڕەخسێنێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەوڵەکان بۆ ناساندنی دۆخی مرۆیی لە کوردستان و تاوانەکانی ڕێژیم فراوانتر بکرێن. بۆیە پێداگری لەسەر چارەسەری پرسی ڕەوای کورد لەم قۆناغەدا، بەهێزترکردنی پردی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاست ئەم دەستدرێژییانەدا بێدەنگ نەبێت و پشتڕاستی بکاتەوە کە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی خۆی بەم شێوازە دڕندانەیە دانامرکێتەوە.

لە کۆتاییشدا، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار بۆ بەردەوامیی هەرچی زیاتری کارە مەیدانییەکانی هاوپەیمانی درا و، ڕاگەیەندرا کە خەبات و تێکۆشانی پێکەوەیی و هاوپێوەندیی سیاسی و مەیدانی حیزبە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژەی دەبێت.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١ی گەلاوێژی ١٤٠٥ (٢٣ی ژووئیەی ٢٠٢٦)

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

٢٣ی جوولای ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

تیرۆری چالاکوان و هونەرمەندی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەهدی تەوەکولی و بنەماڵەکەی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مەحکووم و شەرمەزار دەکەین

ڕۆژی دووشەممە ٥ی گەلاوێژی ١٤٠٥ لەسەر ڕێگەی بانە و مەریوان، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆوە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپای تیرۆریستیی پاسدارانەوە، چالاکوان و هونەرمەندی خۆشناو و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سنە، «مەهدی تەوەکولی» هاوڕێ لەگەڵ دایک و خوشکی بە ناوەکانی دایە «مریەم ئەسڵانی» و «سومەیە تەوەکولی» شەهید بوون.

تیرۆری چالاکوانانی مەدەنیی کۆمەڵگەی کوردستان لە کاتێکدایە کە ڕژێم لە پاش شۆڕشی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی» و ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤ و هەروەها دوو شەڕی ١٢ و ٣٩ ڕۆژە، لەوپەڕی قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکیی خۆیدایە و بەم کردارە دڕندانەیە دەیهەوێ کە قەیرانەکان لە خۆی دوور بکاتەوە و بە ترس و تۆقاندن کۆمەڵگە بێدەنگ بکات. جێگەی ئاماژەیە کە لە پاش ٤٨ ساڵ دەسەڵاتداریی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە و لە مانگی گەلاوێژدا بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای «بەرەنگاربوونەوەی تاوان دژی مرۆڤایەتی» بە مەجلیس، لە هەوڵی دووپاتەکردنەوەی فەتوای جیهادی خومەینیدان، تا بەم شێوەیە ڕەوایەتی بە کردەوە تیرۆریستییەکانیان دژی چالاکوانانی مەدەنی بدەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کەوتووەتە دۆخی لەناوچوونی یەکجاری، ترسی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانان گەیشتووەتە

بەرزترین ئاستی خۆی لە ٤٨ ساڵی ڕابردوودا؛ هەر درێژە بە تاوانەکانی وەک لەسێدارەدان، دەستریژکردن و هەروەها بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا. کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٤٨ ساڵی ڕابردوودا مەکۆی سەرەکیی خۆڕاگری و بەرخۆدان لە بەرانبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، هەر بۆیە لەم بەردەوامیی سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندنیشدا جارێکی دیکە چالاکوانانی کوردستان بوونەتە ئامانجی سەرەکی و لە هەموو ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ڕێبازی جۆراوجۆر هەوڵی تیرۆر و تۆقاندنی نەتەوەکەمان دەدەن.

هەموو کردارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە ئەو ڕژێمە تیرۆریستییە بە فەرمیی شەڕی لە دژی نەتەوەکەمان و گەلانی دیکەی ناو ئێران ڕاگەیاندووە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە، پێویستیمان بە تێکۆشان و هەڵوێستێکی گشتی و هەمەلایەنە لە بەرانبەر ئەو ڕژێمە تیرۆریستییەدا هەیە.

لە کۆتاییدا وێڕای ئاراستەکردنی پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بۆ خزم و دۆستانی بنەماڵەی تەوەکولی و هەروەها نیشتمانپەروەران و چالاکانی مەدەنیی کوردستان، ڕادەگەیەنین کە ئەم کردەوە تیرۆریستییەی ڕژێمی داگیرکەری ئێران بە توندی مەحکووم و شەرمەزار دەکەین. هەروەها بانگەواز لە گشت چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و ئێران دەکەین کە لە بەرانبەر ئەم کردەوە تیرۆریستییانەی ڕژێمدا هاوهەڵوێست بین و بە تێکۆشانی هاوبەش کۆتایی بەم ڕەفتارانە بهێنین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی

٢٨ی جوولای ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

پەرەسەندنی لەسێدارەدان ستراتیژییەکی کۆماری ئیسلامییە

بۆ ڕێگریی لە ڕابوونێکی دیکەی نەتەوەکانی ئێران

ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ئاماژە بە پەرەسەندنی کەموێنەی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن. لەسێدارەدانی زیاتر لە ۸۵۰ زیندانی لە دەستپێکی ساڵی ۲۰۲٦ەوە تاوکو ئێستا و لەنێویدا بەرزبوونەوەی بەرچاوی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و ژنان ئاماژەیە بۆ خێراکردنی ئەو ڕەوتە مەترسیدارەی کە دەتوانێت کوشتارێکی دیکەی بێوێنەی حکومەتی لە مێژووی ئێراندا تۆمار بکات. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ململانێ و گرژییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکەدا، بەڵگەکان دەریدەخەن سزای لەسێدارەدان زیاتر لە جاران، وەک دەزگایەکی کوشتار بۆ دروستکردنی ترس لەنێو کۆمەڵگە و پاشەکشە بە داواکارییەکانی خەڵک، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکان بەکاردەهێنرێت.

لەم چوارچێوەیەشدا، سەرکوت و بێدادیی دەزگای ئەمنی و دەسەڵاتی دادوەری حکومەتی ئێران لە بەرانبەر خۆپیشاندەران و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لایەنی فراوانتری بەخۆوە بینیوە. دوای ڕاپەرینەکانی مانگی بەفرانباری ڕابردوو، سزای لەسێدارەدانی دەیان کەس لە خۆپیشاندەران بە ڕێکاری نایاسایی و پێشێلکردنی بنەماکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بە پشتبەستن بە دانپێدانانی زۆرەملێ و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر جێبەجێ کراوە. لەو نێوەشدا کوردستان

یەکێکە لە سەرەکیترین ناوەندەکانی سەرکوتکردنی سیستماتیک لە ئێران و بە تۆمەتەکانی وەک بەغی و ئەندامبوون لە حیزبەکان، چالاکوانانی کورد لەسێدارە دەدرێن و هەڕەشەی مەرگیان لێ دەکرێت.

هاوکات ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستبەسەرکراوانی نارەزایەتییەکان و زیندانییانی سیاسی، بەتایبەتی گیراوانی سیاسیی ژن، کە سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوە ڕووبەڕووی مەترسی جدی بوونەتەوە. هەر بۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی مافی ژیانی ئەو گیراوانە، لە هەموو توانا یاسایی و دیپلۆماسییەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە کەڵک وەربگرن. بێگومان وەلانان یان پەراوێزخستنی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، دەرفەت بۆ بەردەوامبوونی ڕەوتی کوشتار خۆش دەکات.

هەروەها پێویستە میکانیزمە یاساییەکانی وەک کۆکردنەوەی سیستماتیکی بەڵگەکان و بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و گوشار بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە بە پەلە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت.

لە بەرانبەر ئەو ستراتیژیەی ڕێژیم کە لەسەر بنەمای ترس و تۆقاندن بەڕێوە دەچێت، گرنگیی ڕۆڵی بنەماڵەی زیندانییان، کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیاکان و ڕای گشتی زیاتر لە هەموو کاتێک دەردەکەوێت. بڵاوکردنەوەی زانیاری و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕێگر بێت لە پەراوێزخستنی دۆسییەکان و جێبەجێبوونی ئەم تاوانانە. پێویستە بە زیادکردنی تێچووی سیاسی و نێودەوڵەتی لەسەر ڕێژیم، پێش بە پەرەسەندنی ڕەوتی سەرکوت و جێبەجێکردنی سزاکانی لەسێدارەدان بگیرێت و کۆتاییان پێ بهێنرێت.

لەسێدارەدان، بێ گوێدانە هەر پاساوێک، پێشێلکاریی ئاشکرای مافی ژیانە و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕای گشتی نابێ تەنیا دەربڕینی نیگەرانی بێت و پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێرا، هەماهەنگ و کاریگەر هەیە بۆ وەستاندنی دەستبەجێی جێبەجێکردنی سزاکانی لەسێدارەدان و هەروەها لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دژە مرۆییە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦ (٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٦)

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، هێرشەکانی ئێران دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، مەحکووم دەکا

بە پەلامارە درۆنییەکانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر نووسینگەی تایبەتی بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بارەگای ئاژانسی پاراستن و زانیاریی هەرێمی کوردستان، دژایەتیی و پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێتیی و نەپرینگانەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رەفتاری دوژمنکارانە دژی هەرێمی کوردستان، گەیشتە ئاستێکی دیکە. بەر لەوەش کۆمەڵێک دامەزراوەی لەشکریی و هەواڵگریی حکوومەتی هەرێم لە شاری سلێمانی، سەرەڕۆیانە و بێپاساو درانە بەر پەلاماری خەستی هاژەکیی و درۆنیی ئێران.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەڕی ئەمریکا - ئیسرایل و ئێران زیاتر لە ١٠٠٠ هێرشی لەو چەشنەی کراوەتە سەر کە نیوەی ئەو هێرشانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی خاو و خێزانەکانیان بووە.

پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای لەم شەڕەدا هەڵوێستی بێلایەنی ڕاگەیاند و نەکەوتە بەرەی دژبەرانی ئێرانەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە دژایەتی

کورد و شەڕفرۆشیی بە هەر کیان و قەوارە و ئیرادەیەکی خۆبڕیاردەریی کوردستانیی لە ناوچەکە؛ سیاسەتێکی بنچینەیی کۆماری ئیسلامییە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داودەزگا حکوومیی و حیزبیی و مەدەنییەکانی مەحکووم دەکات و پشتیوانیی لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ. هەروەها سەبارەت بەوەی ئەو دەسدرێژییانە لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی دەوڵەتی عێراقە، داوای هەڵوێستی شیاو لە بەغدا دەکات. ئەزموون سەلماندوویە کە بێدەنگبوون بەرانبەر ڕەفتاری دوژمنکارانە و تێکدەرانەی ئێران و دانەنانی تێچوو بۆ ڕەفتارەکانی، دەرفەتی پەرەپێدان و هەڵکشانی هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی زیاتر بۆ دەخوڵقێنێ.

هاوپەیمانی کوردستانی داوا لە وڵاتانی خاوەن کۆنسولخانە و نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان دەکا کە بۆ پێشگرتن لەو هێرشانە و پاراستنی سەروەری، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، تاران بخەنە ژێر گوشارەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانی داگیرکردنەوەی کوردستان بوو

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ خاڵی گۆڕانی پێوەندیی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ڕۆژی دەرکردنی فتوای جیهاد دژی نەتەوەی کورد بوو، فتوایەک بۆ تۆڵەسەندنەوەی سیستماتیک لە گەلێک کە هۆشیارانە و یەکدەنگ «نا»ی بە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی گوت. ئەو فتوایە نەک بڕیارێکی کتوپڕ، بەڵکوو لەڕاستیدا بەریەککەوتنی دوو پارادایمی هزری و سیاسی بوو. لە لایەکەوە تێڕوانینی داگیرکاری و تۆتالیتاریزم بوو کە هەوڵی دووبارە دارشتنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتداریەتی دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەل بوو بۆ گەیشتن بە مافە بنچینەییەکانی خۆی و گەلانی دیکە لە ئێراندا.

فتوای ٢٨ی گەلاوێژ، فەرمانێکی نوێ بوو بۆ سیاسەتێکی ناسراو کە سەرچاوەی لەو تێڕوانینە گرتبوو کە پێشتریش و لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دژی نەتەوەی کورد بەکار هێنرابوو. لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، دەسەڵاتی نوێ بە درێژەدان بە سیاسەتی حاشا و تواندنەوە و بە هێرشکردن لە زەوی و ئاسمانەوە، سیاسەتی داگیرکاریی بۆ سەر کوردستان دووبارە کردەوە. لەشکەرکێشیی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاری خومەینی لە کاتێکدا بوو کە نەتەوەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ماف و داواکارییە ڕەواکانی خۆی لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسیی دادپەروەرانە و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، بە شێوازێکی دیموکراتیک و لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە بەرەوپێش دەبرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران نەیانتوانی نیازی خۆیان لە دوژمنایەتیکردنی کورد بشارنەوە.

سەرچاوە
Serchawe

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی لە پەیامێکی توندا فتوای جیهادی دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە، بەکارهێنانی چەمکی جیهاد بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوایەتی بەخشییە هێزە چەکدارەکان بۆ ئەوەی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجام بدەن. هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد، هێزە چەکدارەکانی ئێران و بەتایبەت هێزەکانی سپای پاسداران بە چەکی قورس و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەرەو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جوڵەیان پێکرا.

لە سەرەتای هێرشەکاندا شاری پاوە و ناوچەکانی هەورامان کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی سپای پاسداران و داگیرکران. ڕاستەوخۆ لەگەڵ داگیرکردنی شاری پاوە سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع گەیشتە ناوچەکە و لە دادگایەکی سەحرایی دەیان کەس لە هاووڵاتیانی گوللەباران کرد کە بریندار و مامۆستا و دوکتۆریان لەنێودا بوو. دوای داگیرکردنی شاری پاوە، لێشاوی هێرشەکان ڕووی لە شارەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت سنە و مەریوان و سەقز و مهاباد کرد. دوای کۆنترۆڵکردنی شارەکان، هێرشی سوپای پاسداران گوندەکانیشی گرتەوە و بە کۆمەڵکوژیی هاووڵاتیانی گوندی قاڕنێ و قەلاتان، زنجیرە هێرشێکی یەک لە دوای یەک بۆ سەر گوندەکانی کوردستان بەڕێوەچوون.

لە بەرانبەر ئەو هێرشە سەربازییە و هەروەها فەرمانەکانی دواتر کە هەزاران هاووڵاتی و تێکۆشەری کورد گوللەباران کران خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆکیان دانەدا. خۆڕاگریی کورد نیشانی دا کە ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ مانەوە و ئازادی، لە هەر فەرمان و هێرشێک بەهێزترە. لەم ڕۆژەدا خوێنی بەناحەق ڕژاوی ئەو گەنج، ژن و هاووڵاتییانە بەبیردەهێنینەوە کە بوونە قوربانیی و ناویان وەک شەهیدانی ڕێگەی ئازادی لە مێژووی کوردستاندا بە زیندویی مایەوە.

لە ئێستایشدا بەردەوامیی هەمان سیاسەت و فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد، لە کوشتاری هاووڵاتیان، لەسێدارەدانەکان، سەرکوتکردنی چالاکانی مەدەنی و بەئامانجگرتنی سیستماتیکی شوناسی کورددا بە ڕوونی دەبیندرێن. لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەدا ئەرکی هەنووکەیی و مێژوویی نەتەوەکەمان، پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی، پتەوکردنی پشتیوانی نێوان سەرجەم نەتەوە دیموکراتخوازەکان و خۆڕاگرییە لە سەنگەری تێکۆشانی مەدەنی و سیاسیدا. تێکۆشانی ئێمەش بۆ دیموکراسی، نەهێشتنی هەڵاواردن و بەدیهێنانی مافەکانمان بەتایبەت مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە هەنگاوی پتەوتر لە جاران تا کۆتاییهێنان بەم عەقڵییەت و دەسەڵاتە پاوانخوازە بەردەوام دەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٦ (١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

بە یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکاریی مەیدانی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانمان مسۆگەر دەکەین

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ڕۆژی ٣ی خەرمانان بەڕێوە چوو، هەڵسەنگاندنی گشتگیری بۆ دۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و هەروەها هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە کرد و تیشکی خستە سەر گۆڕانکارییە هەستیارەکان، قەیرانەکانی سیستمی سیاسیی ئێران و ئەو پەرەسەندنە خێرایانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن و تێیدا هەڵوێست و ڕوانگەی خۆی لەبارەی دۆخەکە دەستنیشان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوەکرایەوە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕ و پێکدادانەکان، کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ستراتێژی و بازرگانییەکان و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکان لە ناوچەکەدا ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە، بەڵام دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران لە قۆناغێکی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوەدایە و سیستمی حوکمڕانی لە ئێران لە قەیرانێکی قووڵ و بێچارەسەردا دەژی کە ناتوانێت خۆی لە لێکەوتەکانی دەرباز بکات. هەروەها ئاماژە بەوە کرا حکوومەتی ئێران جگە لە شەڕ ڕووبەڕووی سزا و گەمارۆی قورسی ئابووریی و گوشاری فرەچەشن بووە کە بەرەو لێواری دارمان یان لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر ناوچە جیاوازەکانی دەبات.

لەبەرانبەر ئەم دۆخە و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەشدا، جەخت لەسەر پێویستیی ئامادەکاریی هەمەلایەنەی مەیدانی، سیاسی و دیپلۆماسی دەکەین و پێمانوایە بزووتنەوەی دیموکراتیک و ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نابێت لەم قۆناغەدا تەنها ڕۆڵی چاودێری هەبێت، بەڵکو پێویستە بە پلانی تۆکمە و ستراتێژییەکی ڕوونەوە ئامادەی هەر پەرەسەندنێک بێت. پێداگری لەوەش دەکەین سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد بەستراوە بە هاوسەنگییەکی دروست لەنێوان ڕەهەندە نەتەوەییەکان، کە بریتییە لە پاراستنی مافە ڕەواکان وبە دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی و مافی بڕیاردان لە چارەنووسو ئیرادەی نەتەوەیی کورد لە ئێرانی داهاتوو لەگەڵ ئازادییەکانی ژنان، پرسی دیموکراسی، داخوازییە مەدەنییەکان و بەها پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە.

وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەوە دەکەینەوە کە هێزەکان و لایەنە سیاسییەکان پێویستە بۆچوون و توانای حیزبی بخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان و هەماهەنگییەکانیان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا بەهێزتر بکەن. لەم پێناوەشدا، پێویستە لە بواری سەربازی، ئەمنی، ڕێکخستنی و دیپلۆماسییەوە هەنگاوی هاوبەش بنرێت و هەوڵەکانی هاوپەیمانی خێرا ببنەوە و دیالۆگ و لۆبیکردن لەگەڵ ناوەندە بڕیاربەدەستە نێونەتەوەییەکان و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز لە ئێران بەڕێوە بچێت. لەم پێناوەشدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان بە ئامادەکردنی دۆسیەی تایبەت لەسەر تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆخی کوردستان و پێشکەشکردنی بە ناوەندە نێودەوڵەتی و پێوەندیدارەکان، هەروەها بە پێشوازی هاوبەش لە ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی» هەنگاو بەرەو بەهێزترکردنی پێگەی یەکگرتووی خۆی دەنێت.

لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا، هەموو لایەنەکان بە کۆدەنگی جەختیان لەسەر پێویستیی بەردەوامبوون و سووربوون لەسەر هەوڵەکان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی زیاتری هاوپەیمانی کردەوە. ئەمەش نەک تەنها وەک پێویستییەک بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی لەنێوان لایەنەکاندا، بەڵکو بە مەبەستی خزمەتکردنی هەرچی باشتر بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی ئازاد و دیموکراتیک بۆ داهاتوو دێتە ئاراوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

شاندێکی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ سێناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا ئەنجام دا

لە چوارچێوەی چالاکییە دیپلۆماسییە بەردەوامەکان لە واشینگتۆن، شاندێکی هاوبەشی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران (پێکهاتوو لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران) لە دوو رۆژی ٢٩ و ٣٠ی گەلاوێژدا، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بەرچاو و چڕیان لەگەڵ ستاف و ڕاوێژکارانی ئەنجومەنی سێنات و کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دا.

لە ماوەی پشووی هاوینەی ئەندامانی کۆنگرێسدا، شاندی هاوپەیمانی ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ستافی دارشتنی ڕێباز و پلانەکانی ئۆفیسی سێناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێس بە مەبەستی جێگیرکردنی پرسی کورد و بەرچاوڕوونی لەسەر دۆخی ئێستا.

لە کۆبوونەوەکاندا، نوێنەرانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان پێشکەش بە ڕاوێژکارانی کۆنگرێس کرد، کە تێیدا تیشک خرایە سەر ئەم بابەتانە:

دۆخی مافی مرۆڤ: خستنەڕووی ڕاپۆرتێکی گشتگیر لەسەر پێشێلکاریی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

تێڕوانین و بەرنامەی هاوپەیمانی: ڕوونکردنەوەی هەڵوێست، بەرنامە و بەستێنی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتیک لە وڵاتدا.
پێویستیی ئاڵتەرناتیڤی دیموکراتیک: جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی دەستپێشخەریی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردنی ئاڵتەرناتیڤێکی گشتگیری ئۆپۆزسیۆنی ئێران، بە مەبەستی هاندانی خەڵک بۆ سەرهەڵدان و کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی وڵات لە قۆناغی گواستنەوەدا.

کۆبوونەوەکان لەگەڵ ستافی باڵای ئەم سیناتۆر و ئەندامانەی کۆنگرێس ئەنجام دران:

سیناتۆرەکان:

مارک کێلی(Mark Kelly)
ماریا کانتوێڵ(Maria Cantwell)
ڕاجێر مارشاڵ(Roger Marshall)
دان سولیڤان(Dan Sullivan)
جان کێنێدی(John Kennedy)

ئەندامانی کۆنگرێس:

دۆناڵد جەی دەیڤیس(Donald G. Davis)
نیکێما ویلیامز(Nikema Williams)
ڕایان مەکێنزی(Ryan Mackenzie)
پیێت سەشنز(Pete Sessions)
ڤێرجینیا فۆکس(Virginia Foxx)
جەیمس کلیبێرن(James Clyburn)

ستافی ئۆفیسەکانی کۆنگرێس و سێنات پێشوازییان لە تێڕوانین و ڕاپۆرتەکانی شاندی هاوپەیمانی کرد و وڵامی پرسیارەکانیان لەسەر ئایندەی سیاسیی ئێران و ڕۆڵی نەتەوەکان دایەوە. ئەم دیدارانە بەشێک لە بزووتنەوەی دیپلۆماسیی بەردەوامی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانن لە واشینگتۆن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ تێکۆشانی ڕەوای خەڵکی کوردستان.

ی٥ خەرمانانی ٢٧٢٦ (٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

)

ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە لاپەڕە فەرمییەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ ڕای گشتی

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کار و چالاکییەکانی خۆی لە ڕێگەی دیجیتاڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی.

ئاگاداری هەموو لایەک دەکەینەوە کە ماوەیەکە لە ڕێگەی لاپەڕەی نافەرمی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناو و لۆگۆی هاوپەیمانییەکەمان بەکار دەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی جیاواز. هەر بۆیە ڕایدەگەیەنین کە ئەو لاپەڕانە هیچ پەیوەندییەکیان بە هاوپەیمانییەوە نیە و دەربڕی هەڵوێست و ئامانجەکانی ئێمە نین.

جێگەی ئاماژەیە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تەنها ئەو زانیاری، کار و چالاکییانە بڵاو دەکاتەوە کە بە شێوەی هاوبەش و هەروەها بە ناو و لۆگۆی هاوپەیمانییەوە لەلایەن ئەندامەکانیەوە ئەنجام دەدرێن.

سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵێک بەیاننامە، لێداون و هەڵوێستی نووسەران

بۆ ئەوەی لە نوێترین چالاکی و زانیارییەکانی هاوپەیمانی ئاگادار بن تەنها لە ڕێگەی ئەم بەستەرە فەرمییانەی خوارەوە لەگەڵماندا بن.

– لاپەڕەی فەرمیی هاوپەیمانی لە فەیسبوک:

هاوپەیمانی

https://www.facebook.com/Hawpaymanii

– لاپەڕەی فەرمیی هاوپەیمانی لە ئینستاگرام:

https://www.instagram.com/hawpaymanii?igsi=MWN0MWtxeWN3c3N2

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٣١ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرمانانەدا

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!

چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت. شەهیدبوونی ژینا بووە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە تێیدا کاردانەوەی بێوێنە و بوێرانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، بناغەکانی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیی هەژاند و دەنگی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بە جیهان گەیاند.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە ساڵیادی ئەو سەرهەڵدانە سەرتاسەرییە نزیک دەبینەوە کە دۆخی خەڵک و پرسی ئازادییەکانیان لەوپەڕی خراپیدایە؛ بەتایبەت دوای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرجەم قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قووڵ بوونەتەوە. دەسەڵات بۆ شاردنەوەی شکستەکانی لە ئاستی دەرەوە و لاوازییەکانی نێوخۆی، گوشارە ئەمنی و ئابوورییەکانی بۆ سەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی کورد و ئێرانی چەند هێندە کردووە،

بە جۆرێک کە هەژاری، گرانی، بێکاری و نەبوونی ئازادی و ئاسایش تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەڵچنیوە.

سەرەڕای پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و زیندوویی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، ڕێژیم بەردەوامە لە سیاسەتی کوشتار و سەرکوتکردن. شەپۆلی دەستبەسەرکردنی خەباتکارانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی، داکۆکیکارانی مافی ژنان، چالاکانی کولتووری، ژینگەپارێزان، کرێکاران و مامۆستایان بەردەوامە و لە هەڵکشاندایە. سەپاندنی سزای قورسی بەندکردن و زیادبوونی بێوێنەی سزای سێدارە، لەلایەکەوە نیشانەی ترسی ئەم ڕێژیمەیە لە ئیرادەی خەڵک و لەلایەکی دیکەش ئاماژەیە بە پێداگری لە توندوتیژی کە بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی.

گەلی کورد کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە پێشەنگی تێکۆشان بۆ ئازادی بووە، لەم هەلومەرجە هەستیارەشدا ڕۆڵێکی مێژوویی لە ئەستۆیە. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و تێپەڕبوون لەم ڕێژیمە، تەنیا بە یەکگرتوویی و ئیرادەی یەکلاکەرەوەی خەڵک دەکرێت. کاریگەریی هەبوون و بەردەوامیی تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکان و دەوری خەباتی مەدەنی و سەرتاسەری لەلایەن کۆمەڵگەوە، بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و هەروەها نیشاندانی ئیرادە و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژەکان بابەتێکی سەلمێندراوە.

بەڕێوەچوونی نارەزایەتیی سیاسی و مەدەنی و بەتایبەت مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان هەر لە دەستپێکی بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ، ئەوەی نیشان داوە کە ڕەوتی داواکارییە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێڵی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە جیاواز بووە. نەتەوەکەمان لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و مێژوویی، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی خۆی، دژی توندوتیژی و سەرکوتیش وەستاوە و پەیامی سیاسیبوون و مەدەنییانەی تێکۆشانی خۆی نیشانی جیهانیان داوە.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، وەک «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵک دەکەین، ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان و لە چوارەمین ساڵرۆژی تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی، مانگرتنێکی سەرتاسەری و گشتی لە بەرامبەر بەردەوامیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە ببەن. ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی»، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان.

داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز دەکەین ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لە ماڵەکانیاندا پێوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن و هەمووان پێکەوە بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو دووپاتی بکەینەوە کە گەلەکەمان لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت و هەرگیز تەسلیمی زوڵم نابێت. ئەم مانگرتنە گشتییە، هەنگاوێکی گرنگ و پەیامێکی ڕوونی بەرەنگاربوونەوە دەبێت بۆ چەسپاندنی ئیرادەی سیاسی و نەتەوەییمان.

هەر بۆیە داواش لە سەرجەم لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەکەین پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ئەم مانگرتنە گشتییە بکەن، تاوەکوو بە یەکڕیزی و بە هێزی خەباتی مەدەنیی خۆمان نیشانی بدەین کە سیستەمی سەرکوت و سێدارە هەرگیز ناتوانێت پێش بە تێکۆشانە ڕەواکانمان بگرێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی

١٣ - ٠٩ - ٢٠٢٦

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦(١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی چوارەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا – ژن، ژیان، ئازادی

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان!
خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

چوار ساڵ بەسەر قەتڵی حکومەتیی ژینا ئەمینی و هەڵگیرسانی شۆڕشی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی" تێدەپەڕێت. وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بە گرنگی و دیدێکی بەرفراوانەوە دەڕوانینە ئەم قۆناغە مێژووییە کە بووە خاڵی وەرچەرخانی هاوپێوەندی و پشتیوانیی لە مێژووی تێکۆشانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەرانبەر دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی. ئەم شۆڕشە درێژەی دەیان ساڵ خەبات بۆ ڕزگاریی و ئازادی، لە نێویشیاندا تێکۆشانی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بوو کە ئاوێتەی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد ببوو.

بزووتنەوەی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی" دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجان لە کوردستانەوە سەریهەڵدا و بە خێرایی بووە بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری ئێران. ئەو قۆناغە کە بە ڕاپەڕینەکانی کوردستان دەستی پێکرد، لە بەردەوامیی خۆیدا شێوازی جۆراوجۆری خەباتی وەک مانگرتن، نارەزایەتیی خوێندکاری و پیشەیی لەخۆ گرت. ئامادەییی بەرفراوانی ژنان و گەنجان و پەیوەستبوونی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە،

سەرچاوە
Serchawe

بووە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە سنووردار نەبێت و ببێتە گوتارێکی گشتگیر سەبارەت بە ئازادی، یەکسانی، کەرامەتی مرۆیی و دژایەتیکردنی جیاکاری و سەرکوت.

پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان بۆ شارە جیاوازەکان لە ئێران، نارەزایەتیی زانکۆکان، مانگرتنەکان، چالاکییە پیشەیی و کرێکارییەکان، مەراسیمی چلەی شەهیدان و هەروەها نارەزایەتییە بەربڵاوەکان لەنێو نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت لە بەلووچستان، دەریانخست کە بزووتنەوەکە خاوەنی توانایەکی زۆرە بۆ بەستنەوە و یەکخستنی داواکارییە جیاوازەکان. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم شۆڕشە گرێدان و لە یەکتر نزیکبوونەوەی داواکاریی ژنان، گەنجان، خوێندکاران، نەتەوەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا بوو.

لە روانگەی ستراتیژییەوە، ئەزموونی بزووتنەوەی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی" سەلماندی کە لە جۆغرافیای ئێراندا توانا و تایبەتمەندیی شکلگرتنی جووڵانەوەیەکی گشتگیر بوونی هەیە، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی بنەڕەتیش، وەگەڕخستنی وزەی نارەزایەتییەکان و تەبایی سیاسی و بەرنامەی هاوبەش بۆ داهاتوو پێویستن. هەروەها ئەزموونی ئەم بزووتنەوەیە نیشانی دا کە داواکاریی ژنان، ئازادییە مەدەنییەکان، مافە نەتەوەییەکان و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ئەگەر لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا بەرەوپێش بچن، دەبنە هێزێک بۆ وەدیهاتنی مافەکان و پێکەوەژیانی یەکسان.

ئێستا و پاش چوار ساڵ، ژیانی خەڵک لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی گەیشتووەتە خراپترین دۆخی خۆی. هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر و بێکاری، رێژەی هەژاریی لە کوردستان و ئێرانی گەیاندووەتە لووتکە و ژیانی چینی هەژار و کرێکاری لەنێو بردووە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی راستەوخۆی سیاسەتەکانی رژێمە لە ناوخۆ و دەرەوە، کە سامان و داهاتی خەڵک بۆ شەڕەئەنگێزی تەرخان کردووە و "سیاسەتی بێبەشکردن" لە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکە پیادە دەکات.

هاوکات، شەپۆلی دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، ژنان، کلتووری، ژینگەپارێزی، کرێکاری، مامۆستایان گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە. بەکارهێنانی سزای سێدارە و زیندانیکردن و ئەشکەنجە وەک ئامرازی سەرکوت و ترساندن لەلایەن رژێمەوە لە هەموو ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان رۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندن دایە. توندوتیژییەکان دژ بە ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیک زیادیان کردووە. دژایەتیکردنی ژنان نەک هەر لەلایەن عەقڵیەتی پیاوسالاریی نێو کۆمەڵگەوە، بەڵکو بە پاڵپشتیی یاسایی و دامەزراوەیی حکومەتەوە بەڕێوە دەچێت و سەرباری ئەم هەموو قەیران و بارگرانییەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاوە، پشکی ژنانی لە گوشارەکان زۆر زیاتر کردووە.

هێرشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی کوردستان و پێکهێنانی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی و پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنیان، لایەنێکی دیکەی دوژمنکارانەی ڕژێمە کە نایەوێت هیچ جۆرە خواستێکی سیاسیی جگە لە ڕوانگە دژە ئازادی و مرۆییەکانی خۆی بوونی هەبێت. لەگەڵ هەموو قەیران و تەنگەژەکان دیسان کوردستان لە چەقی هاوکێشەکانی ئێراندا ماوەتەوە. هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بە خوێندنەوەی دروستی قۆناغەکە، هەنگاوی گرنگیان بەرەو پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی ناوخۆیی ناوە. ئەم یەکریزییە، پێگەی کوردی هەم لە ناوخۆی ئێران و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر کردووە. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە، بەردەوامی و پتەوکردنی ئەم هاوپەیمانییە و داڕشتنی گوتارێکی نەتەوەیی - دیموکراسیی هاوبەشە کە وەڵامدەرەوەی قەیرانەکان بێت.

ئەرکی هێزە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ناوخۆیە کە بە هەماهەنگییەوە، داواکارییە ڕەواکانی گەل کە بریتین لە مافی چارەی خۆنووسین، دیموکراسی، و ئازادییە بنەڕەتییەکان بکەنە بنەمای هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتووی ئێراندا. جەختیش دەکەینەوە کە تێکۆشانی سیاسی و خەباتی مەدەنیی تەواوکەری یەکترن و یەکگرتوویی کلیلی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەیە.

جێگەی ئاماژەیە دوای ڕاگەیاندنی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی لە کوردستان، ئەم داواکارییە ڕووبەڕووی پێشوازی و پاڵپشتی بەرچاوی لایەنە سیاسی و مەدەنیەکان لە نێوخۆی کوردستان و ئێران بووەتەوە. جارێکی دیکە داواکارین سەرجەم خەڵکی کوردستان پەیوەستی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان بن و بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، بە یەکگرتووییەوە "نا"یەکی مێژوویی دیکە بە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی بڵێنەوە.

ڕێز و وەفاداری خۆمان بۆ شەهیدانی شۆڕشی "ژینا – ژن، ژیان، ئازادی و هەموو شەهیدانی ڕزگاری و ئازادیی کوردستان دووپات دەکەینەوە و سڵاو لە ئیرادە و خۆڕاگری گەلەکەمان دەکەین. بەردەوامیمان لە خەبات و تێکۆشان، وەفا و بەڵێنی نەگۆڕمانە بۆ هاتنەدیی خواست و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان

خەڵکی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان!

لە چوارەمینساڵرۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی"، مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان وەک وەڵامێکی بڕیاردەرانە و هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم مانگرتنە گشتییە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنیی بۆ میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و دروستکردنی گوشار و هەڕەشەی جۆراوجۆر لەسەر بازارییەکان و خەڵک بەکارهێنابوو. بەڵام ئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی دوکانداران و بازارییەکان، دەسەڵاتی تووشی شکست کرد. جێگەی ئاماژەیە، پشتیوانیکردن لەم بانگەوازە لەلایەن دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی کوردستان و ئێران و هەروەها پەیوەستبوونی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی لە ڕێگەی مانگرتن لە خواردن، دەبێتە نرخێکی گرنگ بۆ کاری هاوبەش و هاوپێوەندی لە تێکۆشانمان دژ بە کۆماری ئیسلامی لە هەر

دەرفەت و شوێنێکدا.

سەرکەوتنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە نیشانەی ئاستی بەرزی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی سیاسی، یەکیەتیی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی سەرکوت، هەڵاواردن و سێدارە لەلایەن خەڵکی کوردستانە. هەروەها سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکی لێکدانەبڕاون و ئەم پەیوەندییە قووڵە سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامیی خەبات و هەنگاوەکانی داهاتوو.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، جگە لە ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و سپاسی ئەو هەڵوێست و یەکگرتووییەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان، پێزانینی خۆی ئاراستەی تێکڕای ئەو کەسایەتییە سیاسی، ئەکادیمی و بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی بەلووچ، تورک، فارس، تورکمەن و عەرەب دەکات کە بە بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ پشتیوانی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ بانگەوازی مانگرتنەکە دەربڕی. ئەم هاوکاری و پشتیوانییە بەرفراوانە نیشانەی پێگە و پێشەنگایەتیی کوردستانە لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە بەردەوام پابەند دەبن بە نوێنەرایەتیکردن و گەیاندنی دەنگی داواکارییە ڕەوا و مەشروعەکانی کۆمەڵگە و ئەم یەکگرتوویی و هاوبەشییە بە زامنی سەرکەوتنەکانی داهاتوو دەزانن.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان: "بەبۆنەی پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز پیرۆزبایی پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"ی کرد

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز بەبۆنەی پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە و ئەمەی بە دەستکەوتێکی گرینگ بۆ خەڵکی بەشەرەفی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دامەزرێنەری ئەم هاوپەیمانییە زانی.

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز لەم پەیامەدا وێڕای پیرۆزبایی لە نەتەوەی کورد و حیزبە دامەزرێنەرەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئەم هاوپەیمانییەی بە هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی، نیشانەی

پێگەیشتنی سیاسی، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و ئیرادەی هاوبەش بۆ یەکگرتوویی لە ڕێبازی خەبات دژی سەرەڕۆیی و داگیرکاری ناو برد.

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز ڕایگەیاندووە کە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، نەتەنیا پێگەی نەتەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی خەباتی نێوخۆدا قایم دەکات، بەڵکوو لە گۆڕەپانی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا کاریگەرییەکی چارەنووسسازی دەبێ.

بەرەی دێموکراتی ئەحواز لە بەشێک لەم پەیامەدا ڕایگەیاندووە: ئێمە لە بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەحواز، خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، ئازادی، دادپەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی هاوبەشی هەموو نەتەوە ستەملێکراو و داگیرکراوەکان لە ئێراندا دەزانین.

باوەڕمان وایە کە یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی نەتەوە نافارسەکان، ڕۆڵێکی دیاریکەری لە کۆتاییپێهێنان بە ڕێژیمی سەرکوتکەر، پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی سەرەڕۆیی و دروستکردنی داهاتوویەک لەسەر بنەماڵەی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان دەبێت.

٤ی ڕەشەمەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

پەیەدە پیرۆزبایی دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» دەکات

هاوسەرۆکایەتیی گشتیی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پەیەدە) لە ڕاگەیەندراوێکدا، پیرۆزبایی دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» دەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:

ئەم هەنگاوەتان لەم هەلومەرجەدا کە ناوچەکە و جیهان گۆڕانکاریی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، خاوەنی گرنگییەکی مێژووییە. بڕوامان وایە هەمووومان لە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازداین؛ قۆناغێک کە تێیدا چارەنووسی گەلی کورد، قەوارەی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئایندەی گەلانی تری ناوچەکە دیاری دەکرێت.

ئەم ڕاگەیاندنە وەرچەرخانێکی سیاسیی زۆر گرنگە لە کاروانی تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەروەها وەڵامێکی دروست و پێویستە بۆ ئەم سەردەمە، کە تێپەڕاندنی هەموو ناکۆکییەکان، یەکخستنی تواناکان و بنیادنانی دیدێکی نەتەوەیی هاوبەش دەخوازێت؛ دیدگایەک کە بتوانێت بەرگەی ئاڵنگارییەکان و گۆڕانکارییە هەرێمییەکان بگرێت و پێگەی سیاسیی کورد لە هاوکێشە نوێیەکاندا بەهێزتر بکات.

لە ئەنجامی تێکۆشانی دوورودرێژی گەلەکەمان، ئێستا کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووەتە ڕۆڵگێڕێکی سەرەکی لە

سەرچاوە
Serchawe

هەر گۆڕانکارییەک و نەخشاندنی ئایندەی ناوچەکەدا. هەر بۆیە، یەکڕیزی و پەرەپێدانی هەڵوێستی هاوبەش، دەتوانێت کاریگەریی کورد لەم قۆناغە مێژووییەدا زۆرتر بکات.

مێژوو سەلماندوویەتی کە هێزی ڕاستەقینەی کورد لە یەکێتی و یەکهەڵوێستیدایە. درێژەدان بە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە دیدگایەکی نیشتمانیی بەرفراوان لەسەر بنەمای ئیرادەی گەل و مافە ڕەواکانیان ـ بەتایبەت مافی دیاریکردنی چارەنووس - بناغەیەکە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک کە خواستەکانیان بۆ ئازادی، شکۆ و دادپەروەری بەدی بهێنێت.

ئێمە لە پارتی یەکیەتیی دیموکراتیک (پەیەدە)، پشتگیریی تەواوی ئەم هەنگاوە دەکەین و هیواداریین ئەم هاوپەیمانییە ببێتە هەوێنی قۆناغێکی نوێ و فراوانتری کاری هاوبەش. ئەمە بە هەنگاوێکی کردەیی دەبینین بەرەو پتەوکردنی یەکڕیزیی کوردان، بە جۆرێک کە لە خزمەت بەرژەوەندی و مافەکانی گەلەکەماندا بێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاری لە تێکۆشانی دەیانساڵەیان بکات.

هەروەها هیواداریین لە نزیکترین کاتدا، هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بەرفراوان ساز بکەن و بنەمای هاوپەیمانییەکی گشتی و نەتەوەیی دابنێن؛ ئەمەش بۆ ڕێگری لەو پیلان و هێرشانەی دەیانەوێت جارێکی تر گەلەکەمان ڕووبەڕووی قڕکردن بکەنەوە، هەروەها بۆ پاراستن و چەسپاندنی دەستکەوتەکان لە سەرانسەری کوردستاندا.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم هەوڵە نەتەوەییانە دەخوازین و ئەم هەنگاوە بە دەسپێکی سەردەمێکی نوێی یەکگرتوویی و بەرپرسیارێتیی مێژوویی دادەنێین.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٤ی ڕەشەمەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوی فەدائیانی خەڵکی ئێران پیرۆزبایی پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی کرد

ڕێکخراوی فەدائیانی خەڵکی ئێران بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک، وێڕای پیرۆزبایی پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، باسی لەوە کردووە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکرات لە کوردستان، بە بەشداری و ڕێنوێنیی ئەم حیزبانە، خاڵی هیوای خەبات دژی هەر چەشنە نایەکسانی، ستەم و نادادپەروەرییەک لە سەرتاسەری ئێراندا بووە و لەم ڕووەوە پێگەیەکی شیاوی لە نێوان کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئێراندا بۆ خۆی تەرخان کردووە.

ڕێکخراوی فەدائیانی خەڵکی ئێران هیوای خواستووە کە بە سەرنجدان بە دۆخی بزووتنەوەی کوردستان و پێگەی هێزەکانی ئەم ٥ حیزبە، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەپاڵ هاوپەیمانیی گشتیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ وەک هێزێکی شیاو بە مەبەستی پەرەدان بە هاوکاریی بەردەوام لە مەیدانێکی گەورەتەدا بجووڵێتەوە.

ئەم ڕێکخراوە ڕایگەیاندووە کە هیواداره هەوڵەکان بەردەوام بن تاکوو ئەم دەرفەتە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەداخەوە لە بزووتنەوەی ژینا و بە هۆی کێشە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بینرا، لەدەست نەچێ.

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥ (٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی سیاسیی هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران پشتیوانیی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کرد

هاوپەیمانیی سیاسیی هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بە هەنگاوێکی مێژوویی، ستراتیژیک، دیاریکەر و کاریگەر لە ڕێکخراوبوونی هێزە ڕزگاریخوازەکان لە ئێراندا زانی.

ئەم هاوپەیمانییە سیاسییە لە بەیاننامەکەی خۆیدا ڕایگەیاندووە: پێکهاتنی ئەم هاوپەیمانییە، وڵامێکی وشیارانە بە پێویستیی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و گەشەپێدانی ڕۆڵی دیاریکەری نەتەوەی کورد لە هاوکێشە چارەنووسسازەکانی ئێرانە.

ئەم هاوپەیمانییە جەختی کردووەتەوە کە ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەری لە ئێراندا بە بێ بەفەرمیناسینی مافی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکان و دانیشتووانی وڵات دەستەبەر نابێ. مافی دیاریکردنی چارەنووس، خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک و یەکسانیی تەواوی سیاسی و یاسایی نەتەوەکان، کۆڵەکەی هەر نیزامێکی سیاسیی ئازاد و یەکسان لە ئێرانە کە نابێ لەبەرچاو نەگیرێ.

هاوپەیمانی گشتگیر لەم بەیاننامەیەدا پشتیوانیی خۆی لە ئامانجەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەوانە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار، دابینکردنی مافی ژنان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە ڕاگەیاندووە و ئەم هاوپەیمانییەی بە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی بەرەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ئێران زانیوە.

هاوپەیمانی گشتگیر هەروەها ئامادەیی خۆی بۆ هاواهەنگیی سیاسی و هەوڵی هاوبەش بۆ گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات و بونیاتنانی ئێرانێکی فرەنەتەوە، دێموکراتیک و بەرابەر ڕاگەیاندووە.

٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٦

پەیامی پیرۆزبایی پارتی سۆسیالیستی کوردستان(PSK) بەبۆنەی پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

ئێمە وەک پارتی سۆسیالیست کوردستان (PSK)، بە دڵێکی خۆش و هەست و جۆشێکی گەورەوە پێشوازی لەم پێشکەوتنە گرنگە دەکەین کە لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، دوای دانوستان و گفتوگۆ، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)، پارتی ئازادیی کوردستان (PAK)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانەوە دامەزرا و لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش و لە ڕێگەی میدیاوە بە ڕای گشتی ڕاگەیاندرا. بۆ ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی گرنگ و قۆناغێکی نوێیە. ئەم هەنگاوە مێژووییە، هیوا و بڕوا بە سەرکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێزتر دەکات.

ئێمە وەک پارتی سۆسیالیستی کوردستان، دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانییە وەک هەنگاوێکی مێژوویی بەرز دەنرخێنن و بە گەرمی پیرۆزبایی ئەم هاوخەباتی و یەکگرتنە لە براکانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەم هاوپەیمانییە بە ئاوات دەخوازین.

پشتیوانیی خۆمان لە تێکۆشانی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەینین و لەو بڕوایەداین و هیوا

سەرچاوە
Serchawe

دەخوازین کە ئەم هەنگاوە ببێتە نموونەیەک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان و دیاسپۆرای کورد.

بژی یەکیەتیی و هاوپەیمانیی هێزە نیشتمانپارێزەکان!

بژی تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی!

پارتی سۆسیالیستی کوردستان(PSK)

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٦)

سەرچاوە
Serchawe

پیرۆزبایی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەبۆنەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە پەیامێکدا پیرۆزباییەکی گەرم بەبۆنەی پێکهێنانی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» لە پێنج حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان دەکات. حیزبە دامەزرێنەرەکان بریتین لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی ژیانی ئازادی کوردستان و ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران، کە ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕەشەمە، پلاتفۆرمی هاوپەیمانییەکەیان واژۆ کرد.

لە پەیامی کۆنگرەکەدا هاتووە، ئەم هەنگاوە نیشانەی تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی، پێگەیشتوویی سیاسی و ئیرادەی هاوبەشە بۆ بەهێزکردنی هاوپشتی و هەماهەنگی لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەی کوردستان و هەموو نەتەوەکانی جوگرافیای ئێران. دروستکردنی هاوپەیمانییەکی لەم شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە لێکنزیکبوونەوەی هێزە ئازادیخوازەکان و بەهێزکردنی خەباتی دێموکراتیکدا بگێڕێت.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەمیشە جەختی لەسەر گفتوگۆ، هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکان

کردووەتەوە و پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانییەی بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە ڕێگەی دروستکردنی بەرەیەکی بەرفراوان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، دادپەروەری، یەکسانی و دابینکردنی مافەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران زانی.

کۆنگرە وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم هاوپەیمانییە، ئامادەیی خۆی بۆ پشتگیریکردن لە هەر هەوڵێکی هاوبەش لە پێناو وەدیهێنانی مافی نەتەوەکان، چەسپاندنی دێموکراسی و دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ئێران ڕاگەیاند.

٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٦

ڕێکخراوی جیهانیی کورد پیرۆزبایی لە هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات

ڕێکخراوی جیهانیی کورد بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕوانێتە هەواڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە گەرمی پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە نیشتمانییە گرنگە دەکات.

ئێمە ئەم دەسپێشخەرییە لەم بارودۆخە هەستیارەدا، بە کارێکی ژیرانە، پێویست و ئومێدبەخش بۆ چەسپاندنی تەبایی نەتەوەیی، یەکڕیزیی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێین. بێگومان هەنگاونان بەرەو کاری هاوبەش و هەماهەنگیی ڕێکخراوەیی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا، دەبێتە هەوێنی وەرچەرخانێکی نوێ لە تێکۆشانی کاریگەر و بەرپرسیارانە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد.

ڕێکخراوی جیهانیی کورد، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە، ئامادەیی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکی بونیاتنەر لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت:

- پەرەپێدان و گشتگیرکردنی ئەم چوارچێوە یەکگرتووە.

– داڕشتن و ڕوونکردنەوەی ڕێکارە کارییە ڕوون و کاراکان.

– ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەشداریی حیزبەکانی دیکە، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ناوەندە پسپۆڕییەکان و کەسایەتییە شارەزا و خاوەن ئەزموونەکان.

ڕێکخراوی جیهانیی کورد بڕوای وایە سەرکەوتنی ئەم دەسپێشخەرییە، بەستراوەتەوە بە پەرەپێدانی گیانی گشتگیری، دیاریکردنی ڕێکارە دامەزراوەییە ڕوونەکان و بەشداریی هەرچی زیاتری هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان. لەم قۆناغە نوێیەدا، هەر هەنگاوێک لە ئاراستەی یەکڕیزیی کرداری و هەماهەنگیی نەتەوەییدا، دەتوانێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پاشەڕۆژی گەلی کوردستاندا بگێڕێت.

ڕێکخراوی جیهانیی کورد جارێکی دیکە دەستخۆشی لەم هەنگاوە دەکات و جەخت لە ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژ، گۆڕینەوەی بیروڕا و هاوکاریی کردەیی لە چوارچێوەیەکی بەرپرسیارانە و دووربینانەدا دەکاتەوە.

ڕێکخراوی جیهانیی کورد

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەبۆنەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی شەش حیزبی کوردستانی ئێران لە سێی ڕەشەمەمەی ١٤٠٤، وەک یەکێک لە گۆڕانکارییە گرینگەکان لە فەزای سیاسیی هێزە دژبەرەکانی ئیستبداد لە ئێراندا ئەژمار دەکرێت. ئەم لێکتێگەیشتن و هاوکارییەی نێوان چەند ڕەوتێکی سیاسی بە پێشینە و ڕوانگەی جیاوازەوە لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، سازمانی خەبات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، نیشاندانی هەوڵێک بۆ تێپەڕین لە پەرتەوازەیی و جووڵە بەرەو هاوکاریی سیاسی لەپێناو بەرگریکردن لە مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کوردستان و هەموو گەلانی ئێرانە.

لە بارودۆخێکدا کە هێزە سیاسییەکانی ئێران ساڵانێکە لەگەڵ پەرتەوازەیی و ناکۆکی بەرەوڕوون، پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی لەم شێوەیە نیشان دەدات کە پێویستیی لێکتێگەیشتن بۆ وەدیهێنانی ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی، زیاتر لە ڕابردوو هەستی پێ دەکرێت. ئەزموونی مێژووییش سەلماندوویەتی کە بێ هاوکاری و یەکیەتیی هێزە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکان، تێپەڕین لە ئیستبداد و جێگیرکردنی سیستمێکی گەلی لە ئێراندا کارێکی دژوار دەبێت.

سەرچاوە
Serchawe

پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا ڕاستییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی سیاسەتە ناوەندگەراکانی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان، چ لە سەردەمی پەهلەوی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، نەک هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکوو بە سەرکوت و نکۆڵیکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکان ئاڵۆزتر بووە. لەم بارودۆخەدا، خستنەڕووی داواکارییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەشێکە لە خەباتی بەرفراوان بۆ ئازادی و یەکسانی لە سەرانسەری ئێراندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەدیهێنانی ئەم داواکارییانە تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیکدا دەبێت؛ سیستمێک کە تێیدا مافی هەموو نەتەوە، زمان، کەلتوور و ئایینەکانی وڵات بە فەرمی بناسرێت و پێکهاتەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بەشداریی یەکسان و دێموکراتیک دابڕێژرێت.

هەروەها نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە هەمیشە کەسانێک لە هەردوو لای مەسەلەکە هەوڵ دەدەن بە خستنەڕووی بابەتی بێ بنەما و خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی، ڕێگری لەم جۆرە هاوکارییانە بکەن و تۆوی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا بچێنن. ئەم هەوڵە فیتنەگێڕانەیە کە هەندێک جار بە ئاگایی و هەندێک جار لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت ناتوانێت واقیعی مێژوویی پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان بگۆڕێت. دۆستایەتی و پێکەوەژیانی خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان ڕەگێکی لەمێژینەی لە مێژووی خەباتە ئازادیخوازییەکانی ئێراندا هەیە و ئەم پەیوەندییە مێژووییە بەم جۆرە هاندانانە لەکەدار نابێت.

ئەزموونی مێژوویی هاوکاری و یەکیەتی نێوان فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەیەکانی ڕابردوودا، نموونەیەکی گرینگی هاوپشتیی هێزە نەتەوەیی و دێموکراتەکانە لە ئێراندا. ئەم هاوکارییە نیشانی دا کە خەباتی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بۆ مافە نەتەوەییەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی نەک هەر دژایەتیی یەکتر ناکەن، بەڵکوو لە پەیوەندی و هاوپشتیی یەکتردا مانا پەیدا دەکەن.

فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان هەمیشە جەختی لەسەر ئەم ئەسڵە کردووەتەوە کە داهاتووی ئێران تەنیا لە ڕێگەی یەکیەتی و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی گەلانی ئێران و لەسەر بنەمای یەکسانیی مافەکان، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێت. یەکیەتی ئارەزوومەندانە و بەئاگایانەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکی هاوبەشدا دەتوانێت زەمینەخۆشکەر بێت بۆ پێکهێنانی سیستمێکی دێموکراتیک و سەقامگیر لە ئێراندا.

لەو ڕوانگەیەوە، هاوپەیمانیی شەش حیزبی کوردستانی ئێران دەکرێت وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لە ئاراستەی

بەهێزکردنی لێکتێگەیشتنی هێزە نەتەوەیی و دێموکراتەکان ببینرێت؛ هەنگاوێک کە ئەگەر لەگەڵ هاوکاریی بەرفراوانتر لە نێوان حیزب، ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری وڵاتدا بێت، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی گشتگیر بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی یەکپارچەیی ئێران.

کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٨ی مارچی ٢٠٢٦

پەیامی پیرۆزبایی پێنج لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران

سڵاو و ڕێز!

ئێمە وەک پێنج لایەنی سەربەخۆییخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان) بە بایەخەوە لەم هەنگاوە پیرۆزەتان دەڕوانین و بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی، پێشوازی لە دامەزراندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەکەین و ئەم هەنگاوە گرینگە بە دەستکەوتێکی گەورە و جێگەی هیوا و هومێد بۆ کوردستان دەزانین و ، بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوە و گشت خەڵکی کوردستان دەکەین.

لەم دۆخە هەستیار و چارەنووسسازە دا، ئەم هەنگاوە وردبینانەیەی ئێوە بە هەوڵێکی تێگەیشتووانە، پێویست و هەنووکەیی دەزانین، هەنگاوێک لە ڕێگەی پتەوکردنی یەکریزیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان، یەکدەنگیی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی کرداری سیاسی و خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بێگومـان هەنگاونـان بەرەو کـاری هـاوبەش و هەمـاهەنگی ڕێکخراوەیـی لە نێـوان هێـزە سیاسـیەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخانێکی نوێ لە هەوڵێکی کاریگەر و بەرپرسیارانە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

ڕاگەیاندنی دامەزرانتان، بەتـایبەتی بە جەختکردنەوە لەسەر مافی دیـاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، ڕەتکردنەوەی هەر جۆرر دیکتاتۆریەتێک، دابینکردنـی دیموکراسیی، دادپەروەری کـۆمەڵایەتی، مـافی یەکسـان، و هاوکـاری لەگەڵ هێـزە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە، ڕەنگدانەوەی بەشێکی گرنگی داواکـارییە مێژووییەکـانی نەتەوەکەمانە. ئێمە ئەم ڕێبـازە بە ئەرێنی و واقیعی و هاوتەریب لەگەڵ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی کوردستان لە پێشهاتەکانی داهاتوودا دەبینین.

بـۆیە وێـڕای دەربڕینـی خۆشحاڵیی و پشتیوانیی خۆمـان لە پێکهێنـانی ئەم هاوپەیمـانییە، پێمـان وایە کە لە هەلـومەرجی ئێستادا، زیاتر لە هەموو کاتێک، یەکگرتـوویی سیاسیی، وتـووێژی نێوان ڕەوتەکـان و هاوکـاریی بە کردەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان مەرجی سەرەکیی بەهێزکردنـی پێگەی کورد و کوردستان و بزووتنەوەکەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە دایە، هێنانەدی ئەوەش بە بەهێزکردن و فراوانکردنی ئەم هاوپەیمانێتییە دەبێ بە جۆرێک کە هەموو، یـا لانی کەم بەشی هەرە زۆری، هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لە یەک بەرە و ڕیزدا کۆبکـاتەوە. هەر لە پێنـاو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا ئێمە ئامادەیی تەواوی خۆمـان بـۆ گفتوگـۆ و هاوکـاریی و سـەرەنجام هاوسـەنگەریی لەم چوارچێوەیەدا ڕادەگەیەنین.

هەروەک خۆتـان ئاگـادارن ئێمە پێشتریش لە چەنـدین قۆنـاغ و دەرفەتـدا خەمخـۆرانە و دڵسـۆزانە ئامـادەیی خۆمـان بـۆ بەشداریی لە پێکهێنانی هەر جۆرە پێکهـاتەیەک کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لەژێر چەترێکدا کۆبکـاتەوە نیشـان داوە، ئێسـتاش جـارێکی دیکە جەخت لەسـەر هەمـان هەڵوێستی یەکڕیزیخوازانەمـان دەکەینـەوە و، هەمـان ویست و ئامادەیی خۆمان بە هیوایەکی زۆرترەوە دەردەبڕین.

بە بـڕوای ئـێمە بەردەوامیـی و سـەرکەوتنی ئەم هاوپەیمـانییە پـێش هەمـوو شـتێک پەیوەسـتە بە پەرەپێـدانی ڕۆحـی گشـتگیریی و پێناسـەکردنی میکـانیزمی ڕوون و دامەزراوەیـی و بەرفراوانترکردنـی بەشداریی هێـزە سیاسییەکان لە کوردستان.هەر بۆیە لەم قۆناغە نوێیەدا، بوونی ئێمە شانبەشانی یەکتر لە سەنگەرێکدا وەک هەنگاوێکی گرنگ بەرەو یەکگرتـوویی نەتەوەیـی و بەهێزترکردنـی سـەنگ و دەنگـی هاوبەشـی کوردستان دەزانین؛ دەنگێـک کە بتوانێـت بە شێوەیەکی بەرجەستە قورسایی و پێگەی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی ئێران و ناوچەکە دا زیاتر بکات.

سەرچاوە
Serchawe

جارێکی دیکە پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە گرینگەتان لێدەکەین.

لەگەڵ ڕێز بۆ ئێوە و هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ کورد و بزووتنەوەی کوردستان.

- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی سەربەستیی کوردستان
- کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان
- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
- بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

٧ی ڕەشەممەی ٢٧٢٥ی کوردی

٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی هەوڵی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بەرز نرخاند

حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی بەندکراوی سیاسیی خەڵکی گوڵپایەگانی ئێسفەهان لە بەندیخانەوە و لە فایلێکی دەنگیدا، پشتیوانیی لە هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کرد و ئەمەی بە کارێکی گەورە، ئەرێنی و شوێندانەر ناو برد.

لەو فایلە دەنگییەدا حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی دەڵێت: "زۆر خۆشحاڵم کە حیزبەکانی کوردستان هاوپەیمانییان پێک هێناوە، کارێکی زۆر شوێندانەرە و ئەو حیزبانە خاوەن جێگە و پێگەن و دەیان ساڵە کاری ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتی دەکەن."

تەبەرزەدی باسی لەوە کرد کە "هیوادارم نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەم هاوپەیمانییە وەک نموونەیەکی ئەرێنی چاو لێ بکەن."

ئەو بەندکراوە سیاسییە هەروەها هیوای خواست کە حیزبە کوردستانییەکانی ئەندام لە هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، هاوپەیمانییەکی بەرینتر پێک بێنن.

تەبەرزەدی وتیشی: "ئەمڕۆ لە نێوخۆی ئێراندا هەندێک جموجۆڵ و لەوانەش بزووتنەوەی خوێندکاری هەیە، کە پێویستی بە پشتیوانی و هاوپێوەندیی هەمەلایەنەی نەتەوەکانی ئێران هەیە."

ناوبراو هەروەها وتی: "ئەگەر لە ئێراندا پلۆرالیزم بە فەرمی بناسرێت، دەبێت فێدراڵیزم جێگیر ببێت و ئەگەر فێدراڵیزم جێگیر نەبێت، فرەنەتەوەیی بوون، فرەچەشنی و دێموکراسی پێک نایەت."

حیشمەتوڵلا تەبەرزەدی ئاماژەی بەوە کرد کە "لە کاتێکدا حکوومەتی ناوەندی ڕۆژ بە ڕۆژ چەقبەستووتر و ناوەندگەراتر دەبێت و بەرەو پاوازخوازیی زیاتر دەڕوات، دەبێت ئەو پێکهاتە بڕووخێت و دەسەڵاتەکەی لەنێو نەتەوە و هەرێمەکاندا دابەش بکرێت."

ناوبراو وتیشی: "من بە داخەوەم کە هەمووکات ناوەندگەراکان بابەتی دێموکراسی، فێدرالیزم و پلۆرالیزم لەگەڵ بابەتی جوداییخوازی تێکەڵ دەکەن و ئەم بیرکردنەوانە تەنیا بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنە."

لە کۆتاییدا ئەو بەندکراوە سیاسییە وتی: "من دڵنیام لەوەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە حیزبە کوردستانییەکان دەیانناسم، هەوڵ دەدەن نموونەیەکی سەرکەوتوو بن بۆ یەکگرتوویی و جێگیرکردنی دێموکراسی، فێدراڵیزم و پێشکەوتن لە ئێران و هەر واش دەبێت."

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانەوە بە فەرمی ڕاگەیەندرا و چالاکییەکانی دەست پێکرد.

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥ی

٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٦)

کاک مستەفا هیجری ئامانجی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی خەباتی هاوبەش بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند

کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "ڕادیۆ فەردا" سەبارەت بە ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ڕایگەیاند کە خاڵی هاوبەشمان خەباتی هاوبەش بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

بەڕێز هیجری ڕایگەیاندووە کە هەتا ئەو کاتەی کە حکوومەتی ناوەندی بونیات بنرێ و ناوەندە ئیدارییەکانی کوردستان لە ڕێگەی دەنگی ئازادی خەڵکەوە دیاری بکرێن و بەڕێوەبردنی ناوچەکە بە دەستەوە بگرن، ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە بەرنامەیەکی هاوبەشمان بۆ بەڕێوەبردنی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا هەبێ.

کاک مستەفا هەروەها باسی لەوە کردووە کە ئەم هاوپەیمانییە دەیەوێ هێزێکی پێشمەرگەی هاوبەش پێک بێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش ئاییننامە و چوارچێوەیەکی دیاریکراو لەبەر چاو دەگیرێ.

لە بەشێکی دیکە لەم وتووێژەدا بەڕێز هیجری ڕایگەیاندووە: ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان، مەزهەبەکان، نەتەوەکان و شێوەزارەکانی کوردستان، بتوانن لە ئاسایش و ئاشتیدا پێکەوە بژین و هاوکاری یەکتر بن. هاوکات ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانیش بتوانن لە قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا هاوکارمان بن.

کاک مستەفا لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە پاش ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەکە، ڕوانینی ئەم حیزبانە بۆ گرووپەکانی دیکە لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا چی دەبێ ڕایگەیاند: ئێمە دەمانەوێ لەژێر ناوی ئەم هاوپەیمانییەدا، لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بچینە نێو وتووێژەوە و هەوڵ بدەین بەرنامەیەکی گشتی و یەکدەست ئامادە بکەین. ئامانج ئەوەیە کە لە قۆناغی تێپەڕیندا بەڕێوەبردنی کارەکان بەشێوەی ئاشتییانە لە سەرتاسەری ئێراندا بەڕێوە بچن. دەبێ لە کۆتاییدا بەو قۆناغە بگەین کە حکوومەتێکی هەڵبژێردراو لە ئێراندا جێگیر بێت.

کاک مستەفا سەبارەت بە پەیوەستنەبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەم هاوپەیمانییە ڕایگەیاندووە: ئێمە ڕاشکاوانە لە بەیاننامەکەماندا ڕامانگەیاندووە کە دەرگای هاوپەیمانییە بۆ کۆمەڵە و باقی حیزبەکانی دیکەش کراوەیە. تەنانەت ئەگەر ژمارەیک لەم حیزبانە نەیەنە نێو هاوپەیمانییەکەوە، ئەوە ئێمە لەگەڵیان دەچینە نێو گفتوگۆوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، کەڵک لە لێهاتووی ئەوان وەردەگرین و هەموو لایەنێک بانگهێشتی هاوکاری دەکەین.

٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٦

بەشێک لە وتارو لیدوانەکانی نووسەڕان

هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، چۆن مەتەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەڵدەهێنێت؟

شاڕوخ حەسەنزادە

یەکێک لە قووڵترین و درێژخایەنترین تەنگژەکانی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی لە ئێرانی هاوچەرخدا، قەیرانی بەدیل (ئەلتەرناتیڤ) و نەبوونی یەکگرتوویی لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بووە. مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەیەکانی ڕابردوو دەیسەلمێنێت کە تێپەڕین لە پێکهاتە دەسەڵاتخواز و ناوەندگراکان، بەر لە هەر شتێک، پێویستی بە دارشتنی بەدیلێکی بەهێز، یەکگرتوو و فرەچەشن هەیە. لەم بنبەستە سیاسییەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە وەک یەکێک لە چالاکترین و پرۆزەترین ناوچەکانی جوگرافیای سیاسیی ئێران ناسراوە، هەنگاوێکی مێژوویی ناوە. ڕێککەوتنی ستراتیژی و پێنجلایەنەی ٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی کورددا، وەرچەرخانێکی گرنگە لەم ناوچەیەدا و وەک "گۆڕانکاریی لە تێڕوانین" (پارادایم) لە تەواوی کایەی سیاسیی ئێراندا ئەژمار دەکرێت.

ئەم هاوئاهەنگییە بێوێنەیەی نێوان "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی خەبات، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) و پارتی ئازادیی کوردستان (پاک)"، دەرەنجامی گەشەکردنێکی فکری و پێگەیشتنێکی دامەزراوەییە کە ڕەگی لە نێو پرۆسەیەکی پڕ هەوراز و نشێوی سێزدەساڵەدا هەیە. ئەم ڕێگەیە لە هاوکارییە دوولایەنەکانەوە لە ساڵی ١٣٩١دا دەستی پێکرد، لە نێو جەرگەی خۆپێشاندانە سەرتاسەرییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە دامەزراندنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان" شێوەی گرت و لە کاتی بزووتنەوەی ١٤٠١ (بزووتنەوەی ژینا) گەیشتە لووتکە. لەو قۆناغە مێژووییەدا سەلمێندرا کە کوردستان خاوەنی ناوەندێکی سیاسیی ژیر و لێهاتووە کە دەتوانێت ئیرادەی فرەدەنگیی شەقام ڕێک بخات و وەک هێزێکی سیاسیی مەدەنی، کاریگەرییەکانی خۆی دەربخات.

دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکەی نێوان بزووتنەوەی ژینا و ئەم هاوپەیمانییەی ئێستا، بە هیچ شێوەیەک ڕێکەوت نییە. کوردستان کە پێشتر بە داهێنانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانیبووی ڕێنسانسێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی ئێران بگوازێتەوە، ئێستا بەم هاوپەیمانییە مۆدێلێکی "ئاوەزمەندیی سیاسی" پێشکەش دەکات. لە بارودۆخێکدا کە ناوکی سەختی دەسەڵات لە تاران لەگەڵ قەیرانە ئاڵۆزەکانی شەرعییەت، دارمانی ئابووری و گۆشەگیریی نێودەوڵەتیدا دەستەویەخەیە، نەبوونی بەدیلێکی ڕێکخراو هەمیشە گەورەترین کارتی سەرکەوتنی ڕژێم بووە بۆ مانەوە. ئەم هاوپەیمانییە نیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت لە فەزای سست و دەرکردنی بەیاننامە بێکاریگەرەکان بێتە دەرەوە و بە پشتبەستن بە ڕێکخستنی مەیدانی و پێگەی کۆمەڵایەتی، بەدیلێکی ئەرێنی (ئیجابی) بخوڵقێنێت.

بەڵام ئەوەی ڕێککەوتنی ٣ی ڕەشەمە لە هەموو هەوڵەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە، تێپەڕینی یەکجاریی ئەم حیزبانەیە لە لۆژیکی هاوکارییە تاکتیکی و کاتییەکان بەرەو "بنیاتنانی بەرەیەکی دامەزراوەیی". بە سەرنجدان لە دەقی ئەم ڕێککەوتنە و شێوازی ڕیزبەندیی هێزەکان تێیدا، زاڵبوونی جۆرێک لە تێگەیشتنی قووڵی ڕاستیبینیی سیاسی (ڕیالیزم) بە ڕوونی

دیارە. گرنگیی ئەم بەرە مێژووییە ئەو کاتە دوو هێندە دەبێت کە بەبیری بهێنینەوە حیزبەکانی کوردستان لە دەیەکانی ڕابردوودا نەک هەر لەگەڵ دەزگای سەرکوتی حکومەتی ناوەندیدا لە خەباتدا بوون، بەڵکوو لە هەندێک قۆناغدا باجی قورسیان بۆ ڕکابەری و بەرهەڵستییە نێوخۆییەکان داوە. بۆیە، دانیشتن لە دەوری یەک مێز و واژۆکردنی بەڵگەنامەیەک کە مافی هەمووان دەستەبەر بکات، نیشانەی تێپەڕینێکی بوێرانەیە لە برینەکانی ڕابردوو و گەیشتنە بە ئاستێک لە لێبووردەیی و پێگەیشتنی ئاوەزمەندانە و دێموکراتیک کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ لە تەنگژەی ئەمڕۆدا، شتێکی ناوازە و ئیلهامبەخشە.

گرنگترین دەسکەوتی تیۆری و پراکتیکیی ئەم هاوپەیمانییە، چارەسەرکردنی دژبەریی "نەریت و مۆدێرنیتە"یە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا. کۆبوونەوەی لایەنێک بە پێگەیەکی ئایینی - نەریتی لەپاڵ لایەنێکی تر بە پێشینەی چەپی کۆمۆنیستی و خوێندنەوە نوێیەکان بۆ دێموکراسی و تەنانەت سەربەخۆییخوازی، لەگەڵ حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و تەمەنی ٨٠ ساڵەوە، نیشانەی سازانێکی مێژووییە لەسەر چەمکە بنەڕەتییەکان. قبووڵکردنی هاوکاتی بنەماکانی وەک "مافی چارەی خۆنووسین" لەگەڵ پابەندبوونی بێمەرج بە "سێکۆلاریزم"، "دادپەروەریی ڕەگەزی" و "پاراستنی ژینگە"، کوردستانی لە جوگرافیایەکی جێگەی ناکۆکییەوە بۆ جوگرافیایەکی پێشەنگ لە پێکهاتەسازیی مەدەنیدا بەرز کردووەتەوە.

لە شیکارییەکی گشتگیردا، ئەم هاوپەیمانییە پەیامێکی ڕاشکاو و کردەیی بۆ تەواوی جوگرافیای سیاسیی ئێران دەنێرێت؛ ئەوەی کە پەیمانی نێوان بژاردەکان و هێزە جیاوازەکان نەک هەر ئەگەری هەیە، بەڵکوو تاکە ستراتیژیی دەرچوونە لە بنبەستی ئێستا. ئەم حیزبانە بە جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی ماف و ئازادیی نەتەوەی کورد و چۆنیەتیی داڕشتنی پێکهاتەی داهاتووی ئێران، ئامانجە سەرەکی و هاوبەشەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاندووە: خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی کورد و دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوان مۆدێلێکی نوێ لە دابەشکردنی دەسەڵات پێشنیاری ڕای گشتی دەکەن؛ مۆدێلێک کە وەڵامێکی پێکهاتەییە بۆ چەندین دەیە هەڵاواردنی سیستماتیک، پەراوێزخستنی ئابووری و سەرکوتی کولتووری. لەم تێڕوانینە پێشنیارکراوەدا، هاوپێوەندی و مانەوە لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا وەک گرێبەستێکی سیاسی . کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دانپێدانانی یەکتر و بەشداریی ئارەزوومەندانە، یەکسان و ئازادانەی هەموو نەتەوەکان پێناسە دەکرێتەوە.

ئەم جووڵە بێوێنەیە، تۆپەکەی خستووەتە گۆڕەپانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە تاوەکو بە نموونەوەرگرتن لەم مۆدێلە، لە پەراوێزکەوتوویی تێپەڕن و بەرەیەکی فراوان پێکبهێنن. هاوپەیمانیی ٣ی ڕەشەممە سەلماندی کە پلۆرالیزم و فرەیی حیزبی، بە پێچەوانەی تێڕوانینە تەسکەکان، هۆکاری لاوازی نییە، بەڵکوو ژێرخانی دەستەڵاتێکی شەرعییە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ وەک "تاقیگەیەکی دێموکراسی" کار دەکات؛ شوێنێک کە نیشانی دەدات دەکرێت ئەو بۆشاییە دەستەڵاتەی لە دەرەنجامی داڕمانی ئەگەریی سیستەمی ئێستادا دروست دەبێت، بە ئاوەزمەندی، تەدبیر و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی پڕ بکرێتەوە. ئەم هاوپەیمانییە ئێستا لە ڕووداوێکی ناوچەیی زیاترە و ڕۆڵی قیبلەنمایەکی جێی متمانە بۆ وەرچەرخانی دێموکراتیکی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەگێڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەممەی ٢٧٢٥

پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هەژانێک لە هاوسەنگیی هێز لە ئێران

حەسەن قارەمانی

هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا ڕێککەوتنێکی ناوچەیی نییە، بەڵکوو دەکرێت ببێتە سەرەتایەک بۆ

سەرچاوە
Serchawe

دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ئێران. کاتێک پێنج لە کاریگەرترین حیزبەکانی کوردستان بڕیاریان دا بە فەرمی هاوپەیمانییەک ڕابگەیێنن، تەنیا هاوسەنگیی هێز لە کوردستاندا نەگۆڕا؛ بەڵکوو بۆ یەکەمجار بەدیلێکی (ئەڵتەرناتیڤێکی) یەکگرتوو، بونیادنراو و ستراتیژی لە بەرامبەر ئەو سیستەمە سەرهەڵدەدات کە لە ساڵی ١٩٧٩وە لە ئێران دامەزراوە.

بۆ ماوەی پتر لە چوار دەیە، تایبەتمەندیی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بریتی بوو لە پەرتەوازەیی، ململانێی ئایدیۆلۆژی و نەبوونی هەماهەنگیی دامەزراوەیی. مانەوەی ڕێژیمیش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەم پارچەپارچەبوونەی نەیارەکانی وەستابوو.

هاوپەیمانیی نوێی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هاوکێشەیە تێک دەشکێنێت. ئەمە گۆڕانە لە یەکێتییەکی سیمبوولییەوە بۆ پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی؛ گۆڕانە لە ڕاگەیاندنی میدیاییەوە بۆ بونیادێکی سیاسی. ئەوەی کە کۆمەڵێک حیزب بە پاشخانێکی جیاوازی ئایدیۆلۆژی، نەریتی ڕێکخراوەیی و ئەزموونی مێژوویی جیاوازەوە، ئێستا لە دەوری بنەماگەلێکی هاوبەش کۆدەبنەوە، خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی ستراتیژییە. ئەم هەنگاوە تەنیا دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئێستا نییە، بەڵکوو داڕشتنی بەدیلێکی نوێیە لەسەر بنەمای سێکۆلاریزم، مافی دیاریکردنی چارەنووس، فرەیی دێموکراسی و لێپرسینەوەی دامەزراوەیی.

هەبوونی میکانیزمی هاوبەش بۆ بڕیاردان، دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان و پابەندبوونی ڕوون بە فرەیی نێوخۆیی لەم هاوپەیمانییەدا، نیشانەی پێگەیشتوویی ڕێکخراوەییە. ئەگەر ئەم پێکهاتەیە قووڵتر بێتەوە و جێگیر بێت، هاوپەیمانیی کورد دەتوانێت لە ئەکتەرێکی ناوچەییەوە بگۆڕێت بۆ بزوێنەرێکی نیشتمانی و بەم شێوەیە هاوسەنگیی هێز لە تەواوی ئێراندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت.

لە دروشمەوە بۆ بونیاد: میراتی "ژن، ژیان، ئازادی"

ڕێکەوت نییە کە هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر سێبەری ئەو بزووتنەوەیەدا دێتە کایەوە کە ئێرانی هەژاند و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ -کە بە بزووتنەوەی ژینا دەناسرێت- تەنیا ڕاپەڕینێکی کوتوپڕ نەبوو دژی سەرکوت، بەڵکوو قەیرانی شەرعییەتی ڕێژیمی ئاشکرا کرد و کوردستانی کردە چەق و ناوەندی هەڵوێستی نیشتمانی.

بۆ ماوەی چەندین مانگ، شەقامەکان پڕ بوون لە نەوەیەک کە چیتر ئامادە نەبوو ترس وەک مەرجێکی سیاسی قبوڵ بکات. لێرەدایە کە هاوپەیمانیی نوێی حیزبەکانی کوردستان وەرچەرخانێک لەگەڵ ڕابردوودا دروست دەکات؛ واتا گۆڕان لە دروشمەوە بۆ بونیاد و لە ناڕەزایەتیی خۆبەخۆوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ڕێکخراو. ئەگەر بزووتنەوەی ژینا ئیرادەی گۆڕانکاریی نیشان دابێت، ئەرکی ئەم هاوپەیمانییەیە کە فۆرم، ئاراستە و چوارچێوەیەکی بەردەوام بەو ئیرادەیە ببەخشێت. هەر لەم گواستنەوەیەدایە کە ئەگەرە سیاسییەکانی داهاتوو دیاری دەکرێن.

کاردانەوەکان و تاقیکردنەوەی ستراتیژی

جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەم هاوپەیمانییە نوێیە هەر لە ئێستاوە کاردانەوەی زۆری لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان لێکەوتووەتەوە. تاران بە وریایی و نیگەرانییەوە چاودێریی پێشهاتەکان دەکات. هەر هەوڵێکی جددی بۆ دامەزراندنی جەمسەرێکی بەدیلی کارا، بە واتای ئاڵنگاریی سیستەمی باڵادەست دێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕێژیم بە ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە و پڕوپاگەندەی سیاسیی چڕ ڕووبەڕووی ببێتەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێکەڵەیەک لە سێ ستراتیژی وەڵامی یەکگرتوویی کوردی داوەتەوە: گوشاری ئەمنی لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازی و هەواڵگری، هەوڵی سیستماتیک بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، و تۆمەتی "جیاخوازی" بۆ لەکەدارکردنی بزووتنەوەکە لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا.

لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا، تەنیا ڕاگەیاندنی هاوبەش بۆ هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەس نییە. ئەگەر هاوپەیمانییەکە بیەوێت لەم ئاستەنگانە ڕزگاری بێت، دەبێت بە دوو ئاراستەدا پەرە بستێنێت: ئاسۆییانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی زیاتری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تۆڕە پیشەییەکان و بزووتنەوەکانی گەنجان و ژنان؛ هەروەها ستوونییانە لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی پێکهاتەی دامەزراوەیی و دیسیپلینی نێوخۆیی خۆی.

مۆدێلێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران؟

گرنگیی مێژوویی ئەم هاوپەیمانییە لێرەدا دەردەکەوێت؛ کاریگەرییەکەی تەنیا لە سنوورە جوگرافییەکانی کوردستاندا نامێنێتەوە، بەڵکوو پەیامێک بۆ تەواوی کایەی سیاسیی ئێران دەنێرێت.

دەیان ساڵە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە "پەرتەوازە" و "نابەرپرسیار" پیشاندانی ئۆپۆزیسیۆن، هەوڵی شەرعییەتدان بە

مانەوەی خۆی دەدات. بەڵام ئەوەی لە ڕووی ستراتیژییەوە لێرەدا گرنگە، تەنیا خودی یەکگرتوویەکە نییە، بەڵکوو نێوەرۆکی دیدگا سیاسییەکەیە. هاوپەیمانییەکە توانیویەتی داواکاریی مافە نەتەوەییەکان لەگەڵ بنەما دێموکراسییە گشتگیرەکان وەک سێکۆلاریزم، یەکسانیی ڕەگەزی، سەروەریی یاسا و پاراستنی ژینگە یەک بخات. بەم کارە، پرسی کورد بە شێوازێکی هاوچەرخ پێناسە دەکرێتەوە.

تاقیگەیەکی دێموکراسی لە پرۆسەدا

ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزێکی جوگرافییەوە گۆڕاوە بۆ تاقیگەیەکی سیاسی. لێرەدا مۆدێلێک تاقی دەکرێتەوە کە تێیدا جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان وەلانانرێن، بەڵکوو ڕێک دەخرێن و لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا یەک دەخرێن. ئەمە ڕێبازێکە کە هەم لەگەڵ پەرتەوازەیی حیزبیی نەریتی و هەم لەگەڵ لۆژیکی ناوەندگەرایی دەسەڵاتدا جیاوازە. لەبری داواکردنی یەکڕیزییەکی ڕواڵەتی، لەسەر بنەمای هەماهەنگیی دامەزراوەیی بونیاد نراوە.

بەم پێیە، هاوپەیمانیی لایەنە ڕۆژهەڵاتییەکان وەڵامێکی گونجاوە بۆ گرینگترین پرسیاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران: چۆن دەکرێت فرەچەشنی لەگەڵ یەکگرتوویی و شوناس لەگەڵ ستراتیژیی هاوبەشدا کۆبکرێنەوە؟ وەڵامەکە لە کۆبوونەوەی سیمبوولیدا نییە، بەڵکوو لە بەردەوامی، بەدامەزراوەییکردن و فراوانکردنی ستراتیژیدایە.

ئەزموونی سیستەمە تاکڕەوەکانی تر پێمان دەڵێت کە دەسەڵات بە تەنیا بە فشاری نارەزایەتییەکان ناڕووخێت؛ ڕژێمەکان ئەو کاتە کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن کە بەدیلێکی باوەڕپێکراو، ڕێکخراو و کاریگەر بێتە گۆڕێ. ڕێک ئەمە ئەو ئاستەنگەیە کە هاوپەیمانیی نوێ هەوڵی تێپەڕاندنی دەدات.

ئەگەر یەکگرتوویی بپارێزرێت و پێکهاتەکان بەهێز بکرێن و پێگەی کۆمەڵایەتییان قووڵتر بێتەوە، ئەم دەستپێشخەرییە دەکرێت لە هاوکارییەکی ناوچەییەوە ببێتە داینەمۆی گۆڕانکارییەکی دێموکراسیی فراوانتر. هاوپەیمانی کۆتایی خەبات نییە، بەڵکوو دەکرێت سەرەتای بونیادنانی مێعمارییەکی سیاسیی نوێ بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخان

مستەفا شڵماشی

لە کاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لوتکەدایە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوترین کۆمەڵگەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ئێران؛ ویستی کۆمەڵانی خەڵک لەو بەشەی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری یەکگرتنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانە. یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرنامە و بۆچوونی جیاواز

و بە مێژووی خەباتی جۆراوجۆرەوە، وەڵامێکی ئەرێنییە بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم یەکگرتنە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی گەورە بەگشتی بەهێزتر دەکات. حیزبەکانی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا بەهێزتر دەکات؛ ئەگەر سوودی باش لەو یەکگرتنە وەربگیرێت، گومان لەوەدا نییە کە دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەرچەند ڕاگەیاندنی ئەم یەکیەتییە، واتە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" گرنگ و پڕبایەخە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە هەنگاو بۆ داڕشتن و بەکارهێنانی ڕێکارەکانی چالاککردنی ئەم یەکیەتییە هەڵنەگیرێت، زۆری پێ ناچێت کە دڵساردیی تێ دەکەوێت و کۆمەڵانی خەڵک بێهیوا دەکات و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نابێت. بۆیە پێویستە هەرچی زووتر ڕێکاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ڕێکاری پێکهێنانی تیمی دیپلۆماسی، ڕێکاری پێکهێنانی دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە کاتی ئازادیدا، ڕێکاری بەڕێوەبردنی خودی یەکیەتییەکە و هەروەها چەندین دامەزراوەی ستراتیژی، بەرنامەداڕشتن و بەڕێوەبەری دابڕێژرێن.

پێویستە ئەم یەکیەتییە هەوڵ بدات لە تەواوی توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت؛ هەوڵ بدات سەرنجی حیزبەکانی دەرەوەی یەکیەتییەکەش بۆ لای خۆی، یان لانی کەم بۆ هاوکاری لە هەندێک پرۆژەدا ڕابکێشێت. پێویستە کەسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری و ئەکادیمییە سەربەخۆکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە پسپۆڕی و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێت. هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبانەی کە لەو یەکیەتییەدا بەشدارن، لە کاروبارەکاندا بەکار بهێنێت، پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵیان هەبێت و بڕیارەکان و بەڵگەنامەکانی یەکیەتییەکەیان پێ بگەیەنێت و داوایان لێ بکات کە ئەوانیش بە کۆمەڵانی خەڵکی بگەیەنن.

بەم جۆرە دەتوانێت لە هەموو توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت تا بتوانێت هەموو هێزی بزووتنەوەکە بە دۆست و دوژمن بناسێنێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەمووان حیسابی لەسەر بکەن. ئەو کاتە دەکرێت زۆرتر پەل و پۆ بهاوێژێت و هەوڵ بدات لە ئاستی ئێران و دەرەوەی ئێراندا هاوپەیمان بۆ خۆی بدۆزێتەوە، تا ببێتە چەقی پرۆژەی پێکهێنانی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەورەترین خاڵی لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و گەورەترین هەلی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

بزووتنەوەی کورد ئەگەر بە بەهێزی خۆی دەربخات و هەموو خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆی بە جوانی بناسێنێت و سوود لەو مێژووە پڕشنگدارە وەربگرێت کە لە خەباتدا بەدەستی هێناوە، دۆستی سروشتی لە ئاستی سەرانسەری ئێراندا زۆرە و تەنیا پێویستە بیانکاتە هاوپەیمانێکی کارا. بەر لە هەمووان خەباتکارانی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران لە بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمان و هتد، هاوچارەنووسی نەتەوەی کوردن لە ئێرانی ئێستادا و بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵی رابردووش هەر هاوچارەنووسی بوون؛ دەکرێت کار لەسەر ئەم هاوچارەنووسییە بکرێت و ببێتە هاوپەیمانی. کاتێک بەرەیەکی بەرفراوان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دروست ببێت، گومان لەوەدا نییە کە هێزە دێموکرات و چەپەکانی ئێرانیش گرنگی بەو بەرەیە دەدەن و لەگەڵی دەبنە هاوپەیمان. جگە لەوانە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانیش کە فرەنەتەوەبوونی ئێرانی قبووڵە و بەرنامەیەکی خۆبەڕێوەبەریشی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران واژۆ کردووە و تا ئێستاش ڕایدەگەیەنێت کە پێی وەفادارە، دەکرێت جۆرێک لە هاوکاریی لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باس کران بە لێبڕاوییەوە هەڵبگیرێن، گومان لەوەدا نییە کە "هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" گەشە دەکات و دەبێتە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی ڕزگاریخوازیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و دروستکردنی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەو کاتەیە کە ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانیش گرنگیی پێ دەدەن و کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێرانیش هیوای پێ پەیدا دەکەن و پشتی پێ دەبەستن.

لەو بارودۆخەدایە کە دەکرێت بڵێین دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە چۆنیەتیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا. ئێران بۆ ئەوەی بەسەر مێژووی پڕ لە کارەسات، خوێنڕێژی، ستەم و دیکتاتۆریدا باز بدات، پێویستی بەوەیە لەسەر دەستی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێرانەوە بە شێوەی سازان (تەوافوق)، دێموکراسیی پەرلەمانی و فیدراڵی بنیات بنرێتەوە؛ بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە کۆتایی بە ناوەندگەرایی و کۆکردنەوەی هەموو سەروەت و سامان و دەسەڵاتی ئێران لە ناوەنددا بهێنرێت. ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەتوانێت بەهۆی ڕکابەریی تەندروستی نێوان نەتەوەکانی ئێران و بەکارهێنانی داهاتی گشتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو ناوچەکاندا، بەزوویی و بەخێرایی گەشە بکات و تۆڵەی ئەو سەد ساڵە بکاتەوە کە بەهۆی کۆکردنەوەی دەسەڵات و داهات لە ناوەند و لەژێر دەستی یەک دیکتاتۆردا، ڕێگەی پێشکەوتنی لێ گیرابوو.

پیرۆز بێت هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
سەرکەوێت خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
سەرکەوتوو بێت خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی فیدراڵ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران

ئیبراهیم لاجانی

دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێناسە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی سیستەمی سیاسیی ئێران، لەسەر بناغەکانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، دیسانترالیزاسیۆن، فرەفەرهەنگی و فرەشوناسی!

سەرچاوە
Serchawe

ئاڵوگۆڕە خێراکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لاوازبوونی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانی هەموولایەنەی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێران خوڵقاندووە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ئێران، دەبێت نەک هەر وەک هاوهەنگاوییەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا و بەرپرسانە، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتیک لەقەڵەم بدرێت. ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر بتوانێت لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، دیسکۆرسی مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دیموکراسی و فرەفەرهەنگیدا هەڵسوکەوت بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی دوولایەنە بگێڕێت. واتە لەلایەک بەرگری لە داخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد بکات و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی بە چوونەپێشی ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا بکات.

بە لەبەرچاوگرتن لە ڕیتۆریکی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماتیک، ئەو وتارە لە سێ بواردا، ئەو پرسە بنەڕەتییانەی خوارەوە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە؛ واتە بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ خەباتی نەتەوەی کورد و بۆ هەموو ئێران، پێگە و شوێنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکانی ئێران، بایەخی بردنەپێشی پرۆژەکانی دیسانترالیزاسیۆن و فرەفەرهەنگی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا.

گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەلومەرجی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا

هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی لە هەلومەرجی تێپەڕیندا، تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت کاریگەر و شوێندانەر بێت کە لە یەک کاتدا سێ کارکردی هەبێت. یەکیەتی و هاوئاهەنگیی نێوخۆیی، مەشرووعییەتی قانوونی و یاسایی، توانای مانۆڕدانی میللی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا کاری سیاسی بکات، دەتوانێت ببێتە پارامیترێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێراندا.

یەکیەتیی نێوخۆیی و هاوئاهەنگیی دەروونی و نوێنەرایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستان

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دووروودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی سیاسی و تەشکیلاتی، ململانێی ئایدیۆلۆژیک و فشار و سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتی دەستەویەخە بووە. بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لەنێوان پێنج حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوەی کە کوردەکان نەک هەر نایانەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و

ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، ڕۆڵی تایبەتیی خۆیان بگێڕن. ئەو یەکیەتی و هاوپەیمانییە، سەرمایەیەکی سیاسییە کە دەتوانێت لە ڕەوتی باس و گفتوگۆ و دیالۆگی میللی و سەرتاسەریدا بۆ ئامادەکردن و پەسندکردنی قانوونی ئەساسیی تازە و دارشتنەوەی سیستەمی سیاسیی وڵات، قورسایی و ئیعتیباری خۆی نیشان بدات.

وەدەستهێنانی مەشرووعییەتی سیاسی لەسەر بناغەی کارکردن لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و فەرهەنگی و زمانی و مەزهەبییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

بەرنامەی سیاسیی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سکۆلار و دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی حکوومەت و دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی ئەوان. ئەو داخوازییانە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵە پەسندکراوەکانی عورفی نێونەتەوەییدا، بێنە گۆڕێ و فۆرمۆڵە بکرێن، نەک هەر وەک هەڕەشە لەسەر حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێران بە حیساب نایەن، بەڵکوو ڕاست لەگەڵ تەعەهودە نێونەتەوەییەکانی ئێران هاوئاڕاستە دەبن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. پابەند بووە کە بەند و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە پیادە بکات. ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی بەدەستی خۆیان بە فەرمی دەناسێت. لەوەش زیاتر ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و فەرهەنگی و مەزهەبی و زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لە زمان و فەرهەنگ و کولتوور و دابونەریت و ئایینی خۆیان ئازادانە کەڵک وەربگرن.

سەرەڕای ئەوە، بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبی و زمانی و فەرهەنگییەکان، کە لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٩٢دا پەسند کرا، ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی هەموو دەوڵەتەکان تا هەلومەرجی بەشداریی کاریگەریی کەمایەتییەکان لە کاروباری سیاسی و هەموو ئەو مەسەلانەدا کە ئەوان دەگرنەوە، دابین و دەستەبەر بکەن.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا

بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی" بە حیساب نایەت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" لەقەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆ خۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕیتۆریکی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

پێویستیی سەقامگیریی وەزعی سیاسی لە قۆناغی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکان، بەبێ مەیدانداریی حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت، نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک لە دەسەڵاتی هەرێمی، حاکمییەتی قانوون، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی لێکهەڵوەشانی وڵات، بەڵکوو دەبێتە مایەی سەقامگیریی سیاسی.

ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگ، بناغە تیۆرییەکانی دیسانترالیزاسیۆن

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە ئینکار و حاشاکردن یان بەکەمگرتنی دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی و فرەزمانی لەو وڵاتەدا. واقیعییەتی کۆمەڵناسی ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەکولتووره. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و دابونەریت و شوناسی تایبەتیی خۆیانن. بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێراندا

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لەنێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خودموختاری و فیدراڵیزم) دادەنێت. لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگدا، وەک کانادا، ئیسپانیا، بریتانیا، هیندستان و... شێوە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵیزم و خودموختاری و حکوومەتی هەرێمی پیادە کراون.

هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری هەرێمی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکوومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەتی و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دابینبوون و دەستەبەرکردنیان هەیە.

دابەشکردنی حکوومەت وەک ئامرازی پێشگیریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی و ململانێ

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە بواری کێشە و شەڕ و ناکۆکییە قەومی و ئێتنیکی و سیاسییەکان، ئەوە دەردەخەن کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات لە بواری سیاسی و ئیداریدا، لە زۆر شوێن پێشگیریی کردووە لە سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی و ململانێی قەومی و ئێتنیکی. دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ هەرێمەکان و دانی ئیختیارات بەوان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکانیان، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی خاوەندارییەتی سیاسی و بەهێزبوونی متمانە لەنێوان هەرێمەکان و ناوەندا.

لە ئێرانی داهاتوودا، دەتوانرێت مۆدێلێک لە "فیدراڵیزمی ناهاوسەنگ" پیادە بکرێت. هەر هەرێم و ناوچەیەک بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت بە خۆی، مێژوو و فەرهەنگ و زمان و کولتووری ناوچەکە، دەسەڵات و ئیختیاراتی هەرێمی بدرێتێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئیدارەی خۆی. ئەو مۆدێلە نەک هەر ئیمتیازێکی تایبەتی نییە بۆ ئەو هەرێمانە، بەڵکوو وەڵامدانەوەیەکی قانوونی و یاساییە بە واقیعییەتی فرەنەتەوەیبوون و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا.

ڕۆڵی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پێوەندیی نێوان کوردستان و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێراندا

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لەنێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. ئەو ڕۆڵە پێویستیی بە وردەکاریی دیپلۆماتیک و متمانەسازیی دوولایەنە هەیە.

هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەن و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکە

ئەو هاوپەیمانییە کوردستانییە کە لە ڕێککەوتنی پێنج حیزبی سیاسی دروست بووە، نابێت خۆی وەک تەنیا نوێنەری خەڵکی کوردستان بناسێنێت. بەڵکوو دەبێت سازوکار و میکانیزمی پێویست بۆ گفتوگۆ و هاوئاهەنگی لەگەڵ باقی هێز و

لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەی کوردستان ساز بکات. پێکهێنانی ئەنجومەن و شووڕای جۆراوجۆری ڕاوێژکاری، ناوەندی دیالۆگ و ئامادەکردنی پلاتفۆرم و بەرنامە و پرۆگرامی سیاسی بۆ کاری هاوبەش و هتد. هەموو ئەوانە دەتوانن پێش لە پاوانخوازی و قۆرخکاری بگرن. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکیەتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا هێز و توانای کورد بۆ چەنەلێدان و دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی ناوەند

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەرچەشنە هێنانەگۆڕێکی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنەپێشی ئەو سازوکارانە،

ئەو چەشنە نیگەرانییە کەم بکاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە.

١- هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا و پابەندبوون بەو پرەنسیپانە.
٢- پێداگرتن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا.
٣- ئامادەیی بۆ بەشداریی چالاکانە لە نووسین و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی قانوونی ئەساسیدا.
٤- دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی هەموو دانیشتووانی کوردستان بێ ڕەچاوکردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ئایینی و زمانی و ئیتنیکی.

ئەو سیاسەتە نیشان دەدات کە پرسی کورد و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا، نەک هەر "زێدەخوازیی نەتەوەیی و قەومی" نییە، بەڵکوو بریتییە لە دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی دەسەڵات بە چەشنێکی دادپەروەرانە و دەستەبەرکردنی کەرامەتی ئینسانی بۆ هەموو هاووڵاتیانی ئێران.

نیشاندانی کوردستان وەک نموونەی ئیدارە و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک

لە دەورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارەتی قبووڵکردن، حاکمییەتی قانوون و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران. دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی هەرێمی بەبێ سەرکوت، پەرەسەندنی ئابووریی پایەدار،

بەڕێوەبەریی چەند فەرهەنگی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی، دەتوانێت گێڕانەوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران بەدەستەوە بدات.

لایەنی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی

لە دنیای ئەمڕۆدا، مەشرووعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی دیسکۆرس و گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسیی ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

ئاکامە پۆزەتیڤەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەموو ئێران

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا پێوەندیی بە کوردستانەوە نییە.

ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بات ئەوە نیشان دەدات کە:

- دیسانترالیزاسیۆن دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لەڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت.
- بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر دەکات.
- قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکیەتی و هاوپێوەندیی میللی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی نەک زوڵم و زۆر پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی."

کۆتایی

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئەگەر پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، یاسای نێونەتەوەیی، دێموکراسی،

سەرچاوە
Serchawe

سکۆلاریزم و دیسانترالیزاسیۆن نیشان بدات، دەتوانێت ببێتە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی هاوچەرخی ئێراندا. ئەو هاوپەیمانییە نەک هەر میکانیزمێکە بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو دەتوانێت لە پرۆسەی تێپەڕین بۆ سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بنیاتنەر بگێڕێت.

بە پێداگرتن لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، بە بەدەستەوەدانی مۆدێلێکی دێموکراتیکی ئیداری لە کوردستاندا، بە جێگیرکردنی حکوومەتی قانوون و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت نیگەرانییەکانی ناوەند بڕەوێنێتەوە و ئومێد بە داهاتوویەکی دادپەروەرانە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندوو بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەر دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا بە فەرمی بناسرێت و ئەو جیاوازییە کولتووری و فەرهەنگییانە لە شکڵ و فۆرمێکی تایبەت بۆ خۆیان وەرگیرێن و ڕێک بخرێن، دێموکراسی نەک هەر بە هەڕەشە بە حیساب نایەت، بەڵکوو دەبێتە پێشمەرجی مانەوە و پایەداری و گەشە و هەڵدانی ئێران. بۆیە بەو مەرجەی یەکیەتیی دەروونیی خۆی بپارێزێت، مەشرووعییەت و پرێستیژی دەرەکی لەدەست نەدات و لە عەقڵانییەتی دێموکراتیک لا نەدات، هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لەو پرۆسەیەدا هەم وەک ئەکتەرێکی میللی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا ڕۆڵێکی شوێندانەر ببینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران

ڕەحیم نزهەت زادە

پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە کایەی سیاسیی ئێراندا، بەتایبەتی پێکهێنانی هاوپەیمانی لە پێنج حیزبی کوردستانی، واوەتر لە هاوپەیمانییەکی کاتیی حیزبی، کاریگەریی ستراتیژیکی هەیە. ئەم هاوپەیمانییە نەک تەنیا لە هەرێمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەرزی دروست کردووە، بەڵکوو کاردانەوەی ئاشکرا و هەندێک جار توندیشی لەنێو بەناو

سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە ناوەندگەراکان، هێز و کەسایەتیی لایەنگر و هاوپەیمانییەکانیان لەگەڵدا بووە. کاردانەوەگەلێک کە ناوەڕۆکیان، وەک داتای سیاسی، دەربڕی گرنگی و توانای کاریگەریی ئەم هاوپەیمانییە داهێنەرانەیەن.

سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هاوپەیمانیی نێوان لایەنە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی مێژوویی، بە دەیان ساڵ ململانێ، سەرکوت، پارچەپارچەبوون و کێبڕکێی نێوان لایەنەکاندا شێوەی گرتووە و پێک هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، خودی وەدیهاتنی ئەو شێوازە لە یەکگرتن، بە هەنگاوێکی چۆنایەتی لە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە نێوخۆییە نەتەوەییەکانی کورد دادەنرێت. ئەم گۆڕانکارییە، ئەگەر بە ئاراستەی قووڵبوونەوە و فراوانکردن هەنگاو بنێت، دەتوانێت ببێتە هۆی زەمینێکی یەکگرتووی سیاسی، کە لە دانوستانە نێوخۆییەکان یان نێودەوڵەتییەکانی داهاتوودا، پێگەی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی کورد جێگیر و قایم بکات.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە ئەگەری لەباربوونی هەلومەرج و پەرەپێدانی چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانییە، نەیارانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، ڕووبەڕووی چ ئاستێک لە ئاڵەنگاری و گرژیی دەروونی دەبنەوە؟ ئەزموونی مێژوویی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر کاتێک هێزێکی سیاسیی پێشتر پەرشوبڵاو، بە یەکگرتوویی بەرهەم بهێنرێتەوە، هاوسەنگیی هێز گۆڕاوە. لە وەها دۆخێکدا، دژبەران نەک تەنیا ڕووبەڕووی بزووتنەوەیەک، بەڵکوو لەگەڵ ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ و هاوئاهەنگ ڕووبەڕوو دەبنەوە؛ ئیرادەیەک کە توانای دانوستاندن و هاندانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و ڕەوایی سیاسیی زیاتری هەیە.

لە ڕوانگەی گوتاری و ئەمنییەوە، کاردانەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم هاوپەیمانییە، پێشبینیکراو بوون. پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران بەردەوام ترسی لە هەر لێکتێگەیشتنێکی سەربەخۆی نێوان هێزە نیشتمانییەکان هەبووە، چونکە لێکنزیکبوونەوەیەکی لەم چەشنە، دەتوانێت توانایەکی بەهێز و پێشبینیکراو بۆ بەرزکردنەوەی داواکارییە یاسایی، کولتووری و سیاسییەکان لە ئاستێکی یەکگرتوودا دابین بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کۆدەنگیی هەندێک لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرایە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم نزیکبوونەوەیەدا ڕەخنەگرانە؛ بزووتنەوەگەلێک کە لە گوتاری خۆیاندا بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، بەڵام لە کردەدا، بەرامبەر بە ڕێکخراوبوونی نەتەوەی کورد، هەڵوێستی بەرگریکارانە یان تەنانەت شەڕخوازانە دەگرنە بەر.

لەم چوارچێوەیەشدا، لێدوان و هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی ڕەزا پەهلەوی هەڵگری شیکردنەوەن. هەرچەندە ئەو خۆی وەک داکۆکیکاری یەکگرتوویی ئێران بناسێنێت، بەڵام شێواز و چوارچێوەی دەربڕینی ئەو سەبارەت بە هەر پێکهاتەیەکی

نەتەوەییی کوردی، ئاماژەی نیگەرانیی ئەون لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لە دەوروبەردا. ئەم نیگەرانییەی، لەبری ئەوەی تەنیا لە خەمی "یەکپارچەیی خاک"دا بێت، کاردانەوەی ترسە لە دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتووی ئێراندایە. چونکە هەر ئاستێک لە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کوردستان، بە هەمان پێوانە، توانای کاریگەری دانانی لەسەر پرۆسەکانی گواستنەوەی دەسەڵات جا چ لە سیناریۆی دارمانی کۆماری ئیسلامیدا بێت، یان لە سیناریۆی ڕێککەوتنە کاتییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ حکوومەتی ئێستادا بەرز دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، یەکڕیزیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی، پێشمەرجی گەیشتن بە مافە جێگیرکراوەکانە لە پێکهاتەی فرەنەتەوەییدا. لە غیابی وەها یەکگرتووییەک، داواکارییەکان بە پارچەپارچەکراوی دەمێننەوە و تەنانەت لە گفتوگۆ و دانوستاندنە سیاسییەکانیشدا، گرنگییان پێ نادرێت و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک بتوانێت بە دەنگێکی تا ڕادەیەک یەکگرتوو داوای مافەکانی بکات، ئەگەری جێگیرکرانی مافە مێژوویی و هاوچەرخەکانی بەرز دەبێتەوە. لێرەدا چەمکی "فرەبوون لە یەکڕیزیدا" گرنگییەکی دووهێندە لەخۆ دەگرێت؛ هیچ حیزب و بزووتنەوەیەک بە تەنیا نوێنەری تەواو و کامڵی نەتەوەیەک نییە، هەروەها هیچ کامێکیان لە لایەنی دیکە بە "نەتەوەیی"تر نایەتە هەژمار. مەرجێک بۆ سەرکەوتن لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی هێزدا، قبووڵکردنی تەواوکەری یەکتر بوونە لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا.

بەم پێیە، کاردانەوە ڕەخنەئامێزەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو -چ لە لایەن پێکهاتەی دەسەڵاتی فەرمیی ئێران، یان چ لە لایەن هەندێک گرووپی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای دەرەوەی وڵاتەوە- لە حەقیقەتدا تیشک و بەرچاوروونی دەخاتە سەر پێویستیی فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بە هۆکاری جیاجیا تا ئێستا بەشداری ئەو هاوپەیمانییەتییە نەبوون، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئەوا ئاستی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی ئەو هاوپەیمانییەتییە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر دەبێتەوە. وەها گشتگیرییەک، نەک هەر دەسەڵاتی چانیلێدان و دانوستاندن زیاد دەکات، بەڵکوو هاوکات، پەیامێکی ڕوون بۆ ئەکتەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەنێرێت: نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبری پارچەپارچەبوون، بەدوای گواستنەوە بە ئاراستەی بە ڕێکخراوبوونی جێگیر و بەردەوامدایە.

بێگومان شێوەگرتن و بەرجەستەبوونی ئەم ئامانجە، پێویستیی بە تێپەڕین لە هەندێک ڕکابەریی مێژوویی و ئەولەوییەتدانە بە بەرژەوەندیی بەکۆمەڵ بەسەر ڕەچاوکردنە حیزبییەکاندا. ئەزموونە جیهانییەکان دەریانخستووە کە یەکیەتییەکی بەردەوام نەک بە سڕینەوەی جیاوازییەکان، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنی داهێنەرانەوە شێوە دەگرێت. لەم ڕووەوە کولتووری لێبوردەیی، گفتوگۆی نێوخۆیی نەتەوەیی و قبووڵکردنی فرەچەشنیی فیکری، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە.

سەرچاوە
Serchawe

گەیاندنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ "کەنارێکی ئارام" -تەعبیرێکی مێتافۆریک بۆ سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆیی- لە گرەوی فراوانکردنی هاوسۆزی، هاوئاهەنگی و هاوپەیمانیدایە.

لە کۆتاییدا، هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی، نەک تەنیا وەک ڕووداوێکی ڕێکخراوەیی، بەڵکوو دەبێت وەک نیشانەی هێدی هێدی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا سەیر بکرێت. ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەگەڵ عەقڵانییەتی سیاسی، شەفافییەتی گوتاری و بەشداری ڕێک بخرێت، لە هەر سیناریۆیەکی سیاسیی داهاتووی ئێراندا دەتوانێت چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی لەگەڵدا بێت. یەکگرتوویی نەتەوەیی، لە وەها ڕوانگەیەکدا، نەک نابێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیری، بەڵکوو دەبێتە مەرجێک بۆ ئاشتیی بەردەوام و بەشداریی یەکسان لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتوودا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سەرچاوە
Serchawe

مستەفا هیجری: ئێمە زیاتر لە هەموو کات پێویستە هاودەنگ و بەهێز بین

کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە پێکهاتنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» و دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران پەیامێکی بڵاو کردەوە.

کوردستانییانی خۆڕاگر!

وەک ئاگادارن چاوەڕوانی و ویستی ئێوە بۆ یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە ئەنجام. کۆمەڵگەی کوردستان، ساڵانێکە چاوەڕوان بوو کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتووانە لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان یەکگرتوو بن. لەمێژساڵە، ئەم ویستە لای حیزبی دێموکرات وەک بەرپرسیارەتییەک کاری بۆ کراوە. هەر بۆیە، دەسپێشخەریی بۆ لێکنزیککردنەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئەرکی بەرایی خۆی زانیوە.

هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦ی زایینی و کوژرانی خامنەیی بەهۆی ئەو هێرشانەوە و لە ئاکامدا لەرزۆکبوونی

زیاتری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە پێکهێنانی ئەم یەکگرتووییە هەنگاوێکی چەند بەجێ و لە کاتی خۆیدا بوو.

ئێستا پێنج حیزبی سیاسی لەژێر ناوی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»، دەستی بە کارەکانی کردووە. هاوپەیمانییەک کە تا کاتی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیک، لە پێناو یەکانگیری و هاوچارەنووسیی کۆمەڵگەی کوردستان، خەبات دەکات.

هێزەکانی نێو ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە:

١- پارتی ئازادیی کوردستان
٢- پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان
٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٤- سازمانی خەبات
٥- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو کە دوو حیزبەکەی دیکەی ئەندام لە ناوەندی دیالۆگ لەم هاوپەیمانییە بەشدار بن. بەڵام بە مەسئوولییەتەوە پێتان دەڵێم کە لەو بارەوە هەوڵێکی زۆرمان دا، تەنانەت کاتی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەکەمان دواخست، بەڵام بەداخەوە بە هەندێک هۆ ئامادە نەبوون لەم هاوپەیمانییەدا بەشدار بن.

ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانییە ئەرک و هەنگاوێکی پێویست بوو. بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دۆخێکی ئاڵۆز و هەستیاردایە و لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش گەیشتووەتە لێواری دارمان.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم؛

ئەرکی ئەم پێنج حیزبە، خەباتی هاوبەشە لە دژی کۆماری ئیسلامی و دواتر ئیدارەدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا، بەڕێوەبەرایەتیی خۆی دیاری دەکات.

لە ماوەی بەڕێوەبەریی کاتیدا، ئەرکی ئێمە پاراستنی دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهێنانی کەشێکی ئاشتیانە و

سەقامگیرە. کوردستانێک کە تێیدا ماف و کەرامەتی هەموو چین و توێژەکان بە هەموو جیاوازی و پێکهاتەکانیەوە، پارێزراو بێت. ئەم ئەرکەش تەنیا بە پاڵپشتیی جەماوەر و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان مسۆگەر دەبێت.

ئەم هاوپەیمانییە بێجگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیکردنی هیچ لایەنێک نییە. هەموو حیزب و ڕێکخراو و تاکێکی کوردستانی، مافی خۆیەتی لە ڕاستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی چالاک بێت و ئەرکی هەمووشمانە کە بۆ دابینبوونی مافی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان، یارمەتیدەری یەکتر بین.

سەبارەت بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دڵنیاین کە کۆڵەکەی سەرەکیی بەرەوپێشچوونی دیمۆکراسی و پێشکەوتنی کوردستانن. ژنانی پێشەنگ و لاوانی بەهەستی کوردستان، کە لە ماوەی بزووتنەوەی ژینادا بڕبڕەی پشتی بزاوتەکە بوون، سەرمایەی بەنرخی ئەم گۆڕانکارییەن. ئەرکی «هاوپەیمانی»، پێکهێنانی ژینگەیەکی ئارام و لەبارە بۆ چالاکی و بەردەوامبوونیان.

کوردستانی پاش کۆماری ئیسلامی، پێویستە ببێتە مەکۆی ئاشتی و پانتایەکی گشتی بۆ پێکەوەژیانی شارستانیانەی هەموو دانیشتووانی، بە هەموو جیاوازی و مافە ئایینی، نەتەوایەتی، سیاسی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە دەنگی ئێوە سەرچاوە و مەرجەعی گشتییە. دەیان ساڵ بەرخۆدان و تێکۆشانمان بۆ ئەوە بووە کە هەموو دانیشتووانی کوردستان، هەست بە بوون و ناسنامە و مافەکانی خۆیان بکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، وشیار و لە ڕووی نەتەوەییەوە گەشەی کردووە. ئەم تایبەتمەندییانە لە هەرێمەکانی تر کەمتر دەبینرێت. بەتایبەت بواری حیزبایەتی، ڕێکخستن و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو ئەزموون و سەرمایەیەن کە هەمیشە دوژمنی بە چۆکدا هێناوە. لە ئەمڕۆ و داهاتوودا، هەوڵ بدەین ئەو تایبەتمەندییانە بەهێزتر بکەین کە بەردی بناغەی یەکگرتوویی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادن، بەدوور لە هەر جۆرە پاوانخوازی و هەڵاواردنێک.

ئێمە زیاتر لە هەموو کات پێویستە هاودەنگ و بەهێز بین. بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوچارەنووسیمان لە گرەوی بەهێزبوون و یەکریزیی کۆمەڵگەی کوردستانە. بەو شێوەیە دەتوانین سیمایەکی نوێ و شارستانی لە خۆمان، نیشانی ئێران و جیهان بدەین.

بەو هیوایە

سەرچاوە
Serchawe

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١ی مارسی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی رەشەمەی ٢٧٢٥

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو هاوپەیمانەستراتیژییەی ئورووپا ناتوانێت پشتگوێی بخات

حەسەن قارەمانی

نزیکەی نیو سەدەیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی کۆماری ئیسلامیدایە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ١٩٧٩وە، نەک هەر لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، بەڵکوو بۆ چەسپاندنی دێموکراسی، فرەخوازی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت لە سەرتاسەری ئێراندا خەباتیان کردووە. سەرەڕای

سەرچاوە
Serchawe

ئەمەش، زۆرجار لە هاوکێشە و سیاستە نێودەوڵەتییەکاندا خەباتەکەیان پشتگوێ خراوە و پەراوێز کەوتووە.

ئەمڕۆ کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیسان کەوتووەتە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاریی گەورەی جیۆپۆلیتیکی و گرژییەکانی نێوان ئێران و ڕۆژاوا گەیشتوونەتە لووتکە، ئورووپا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ستراتیژی و ڕەوشتیدایە. ئایا دەوڵەتانی ئورووپا هەر تەنیا لە ڕوانگەی بەرنامە ئەتۆمییەکە، سیاسەتی ئەمنی و دابینکردنی وزەوە سەیری داهاتووی ئێران دەکەن؟ یان دواجار دان بەوەدا بنێن کە سەقامگیریی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا، تەنیا بە پاڵپشتیکردنی هێزە دێموکراتیکەکانی نێو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە دی، کە تێیدا کورد ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕێت؟ پێویستە سیاسەتی ئورووپا بەرامبەر بە ئێران سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە؛ بە جۆرێک کە مافەکانی نەتەوەکانی ئێران بخاتە چەق و ناوەندی بڕیارەکانی و دان بەوەدا بنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە ڕێکخراوترین و یەکگرتووترین کاراکتەرە دێموکراتەکانی نێو ئێرانە.

کۆماری ئیسلامی و نیو سەدە چەوساندنەوە:

ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، خاوەنی سیستمێکی سیاسیی تایبەت بووە کە تێیدا دامەزراوە ئایینییەکان بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا زاڵن. ئەم سیستمە لەسەر بنەمای بیردۆزی "ویلایەتی فەقیه" داڕێژراوە، کە تێیدا ڕێبەری باڵای ئاینی، دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتدا هەیە. بە درێژایی دەیان ساڵ، ئەم دەسەڵاتە پێکهاتەیەکی سەرکوتکەری وای پەرە پێ داوە کە تێیدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، نەتەوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز خراون.

نەتەوە بندەستەکان - بەتایبەت کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمەن - پشکی شێریان لەو ستەمە بەرکەوتووە. لە کوردستاندا، دەوڵەت سەرکوتی سیاسیی لەگەڵ پەراوێزخستنی ئابووریدا گرێ داوە. ئەم ناوچەیە سەرەڕای هەبوونی سامانێکی سروشتیی زۆر، وەک یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێران هێڵدراوەتەوە. کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی لەسەدا ١٥ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن. داواکارییە سیاسییەکانی ئەوان لە مێژوودا بریتی بووە لە: دابینکردنی مافە کولتوورییەکان، خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، سیستەمی فیدراڵی (ئۆتۆنۆمی) و بەشداریی دێموکراتییانە، کە ئەمەش بە واتای جیابوونەوە نایەت. سەرەڕای ئەمەش، داواکارییەکانی کورد لە دوای شۆڕشەوە بە ئاگر و ئاسن وەڵام دراونەتەوە. هەر لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕێژیمی نوێ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوانی دژی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەست پێ کرد، کە لەو هەڵمەتانەدا هەزاران کەس بوونە قوربانی.

کەلەپووری سیاسیی کورد: دێموکراسی و فرەخوازی:

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران، لەمێژە بەهۆی پێداگریی توندی لەسەر بەها دێموکراتیکەکان، لە زۆرێک لە بزووتنەوەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن جیا دەکرێتەوە. نموونەی هەرە دیاری ئەم ڕەسەنایەتییە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم حیزبە بە ڕێبەریی ڕووناکبیری کاریزماتیک، دوکتور عەبدولڕەحمان دوکتور قاسملوو، دیدێکی سیاسیی پەرە پێ دا کە چارەنووسی کوردی بە دێموکراسی بۆ هەموو ئێرانەوە گرێ دابوو.

دوکتور قاسملوو جەختی لەوە دەکردەوە کە خەباتی کورد تەنیا بۆ مافە نەتەوەییەکان نییە، بەڵکوو بۆ گۆڕانکاریی دێموکراتیکی سەرتاسەرییە لە ئێراندا. ئەو داکۆکیی لە سیستەمێکی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی لە چوارچێوەی ناناوەندیێتی (لامەرکەزی) دەکرد کە تێیدا پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکان بتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دێموکراتیکدا پێکەوە بژین. ئەو دیدگا مرۆڤدۆستانەیە بە کارەسات کۆتایی هات؛ کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩دا لە ڤیەننا و لە کاتی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئێراندا، دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا. ئەم تیرۆرە بوو بە نیشانەی ئەوەی کە ڕێژیم بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە فرەیی سیاسی قبووڵ بکات. سەرەڕای ئەمەش، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەردەوام بوون لە داڕشتنی ئەو سیاسەتانەی جەخت لەسەر سێکۆلاریزم، یەکسانیی ڕەگەزی و مافی نەتەوەکان دەکەنەوە. لە ناوچەیەکدا کە زۆرجار ئایدۆلۆژییە توندڕەو و ئایینییەکان زاڵن، بزووتنەوەی کوردستان پەرەیان بە کولتوورێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز داوە.

کوردستان؛ سەنگەری پێشەوەی دێموکراسی لە ئێراندا:

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، کوردستانییەکان هەمیشە لە ڕیزی یەکەمی ئەو کەسانەدا بوون کە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕیون. لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ٢٠٠٩، ٢٠١٧ و بەتایبەتی لە شەپۆلی مەزنی ساڵی ٢٠٢٢دا کە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا، شارەکانی کوردستان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕا. ژینا ئەمینی کە خۆی کچێکی کورد بوو، کوژرانی لەلایەن "پۆلیسی ڕەوشت"ەوە بوو بە سیمبولی دڕندەیی ئەم ڕێژیمە. ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بە توندترین شێوە سەرکوت کران. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕایانگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان فیشەکی جەنگییان دژی خۆپێشاندەران بەکار هێناوە و دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵیان ئەنجام داوە. سەرەڕای ئەمەش، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بزووتنەوەکانی ژنان و گرووپە خوێندکارییەکانی کورد، وەک کاراکتەری سەرەکی لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێراندا ماونەتەوە.

هەڵە ستراتیژییەکانی ئورووپا:

ئورووپا لەمێژە سیاسەتێکی دووفاقەی بەرامبەر بە ئێران پەیڕەو کردووە. لە لایەکەوە حکوومەتە ئورووپییەکان ڕەخنەیان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گرتووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان خستووەتە پێش هەموو شتێکەوە. زۆرجار دانوستانی ئەتۆمی و پرسی وزە، کارنامەی سیاسیی ئەوانی داگیر کردووە.

بەڵام ئەم ستراتیژە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دەیان ساڵ دیپلۆماسی، نە بووەتە دەوڵەتێکی دێموکرات و نە سەرکوتکارییەکانیشی کەم کردووەتەوە. جگە لەوەش، ئورووپا زۆرجار ئاییندەی سیاسیی ئێرانی وەک بابەتێک بینیوە کە تەنیا پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکاوە هەیە؛ ئەمەش وای کردووە ڕۆڵێکی ناچالاک و بێدەنگ لە گۆڕانکارییە سیاسییە درێژخایەنەکانی ئێراندا بگێڕێت. کەچی ئاییندەی ئێران پرسێکی ئورووپییە؛ چونکە ناسەقامگیری لە ئێراندا کار دەکاتە سەر بازاڕەکانی وزە، کۆچبەری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ئورووپا.

تێنەگەیشتن لە ناناوەندێتی (لامەرکەزییەت):

یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم داڕشتنی ستراتیژێکی واقیعی، ئەو تێڕوانینە هەڵەیەیە کە گوایە دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان یان خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری. بەڵام ئەزموونی مێژوویی پێچەوانەکەی سەلماندووە. کاتێک دەوڵەتەکان مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکان پشتگوێ دەخەن، ململانێکان قووڵتر دەبنەوە. بەڵام کاتێک ئەم مافانە بە شێوەیەکی یاسایی دەناسرێن، ململانێکان لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا چارەسەر دەکرێن. ئەزموونی وڵاتانی وەک سویس، کانادا و هەندێک سیستەمی فیدراڵی نیشانی دەدەن کە دابەشکردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی سەقامگیری. ئێرانی داهاتوو ئەگەر دان بە هەمەجۆریی نەتەوەکانیدا (کورد، بەلووچ، عەرەب و هتد) بنێت، زۆر سەقامگیرتر دەبێت.

کورد؛ هاوپەیمانی سروشتیی ئورووپا:

کورد لە مێژوودا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپییدا هەبووە. دەیان ساڵە ڕووناکبیران و چالاکانی کورد کارلێکیان لەگەڵ دامودەزگاکانی ئورووپادا هەیە و گوتاری سیاسیی کوردیش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیرۆکە

ئورووپاییەکان سەبارەت بە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و سێکۆلاریزم. بۆیە ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، ئورووپا وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە بۆ بونیادنانی ئێرانێکی دێموکرات دەبینن. بەڵام ئەم پەیوەندییە پێویستی بە هەنگاوی بەرامبەر هەیە؛ ئورووپا دەبێ دان بەوەدا بنێت کە کورد تەنیا کەمینەیەکی ناوچەیی نییە، بەڵکوو کاراکتەرێکی سیاسیی کاریگەرە لە داهاتووی ئێراندا.

کێشەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران:

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووە. زۆرێک لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان هێشتا خاوەن ڕوانگەیەکی ناوەندگەرای توندن و ئامادە نین دان بە مافە نەتەوەییەکاندا بنێن. تەنانەت هەندێک لە لایەنە پاشایەتییەکان، باسیان لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان کردووە لە داهاتوودا. ئەم ڕێبازە مەترسیی بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئەو دیکتاتۆرییەتەی هەیە کە لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. بۆیە گواستنەوە بۆ دێموکراسیی ڕاستەقینە، پێویستی بە پەیمانێکی سیاسیی نوێ هەیە کە تێیدا هەموو نەتەوەکان وەک هاوبەشی ڕاستەقینە بناسرێن.

ئورووپا چی پێ دەکرێت؟

ئورووپا هێشتا دەرفەتی ئەوەی هەیە ڕۆڵێکی بونیادنەر بگێڕێت:

١- پێویستە حکوومەتە ئورووپییەکان لە هەموو گفتوگۆکانیاندا، بە ڕوونی پشتگیری لە بنەماکانی دێموکراسی و مافی نەتەوەکان بکەن.
٢- دەست بکەن بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوە دێموکراتیکەکان، لەوانەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستان.
٣- پشتگیری لە مۆدێلەکانی دابەشکردنی دەسەڵات و گەرەنتیی دەستووری بۆ مافی نەتەوەکان بکەن.

کۆتایی:

ئێران لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییدایە. یان دەبێ لەسەر ڕێگەی تاکڕەوی و ناوەندگەرایی بەردەوام بێت، یان بەرەو دێموکراسییەکی گشتگیر هەنگاو بنێت. کورد لە ئێران بۆ ماوەی پێنج دەیە، کۆڵەکەی سەرەکیی خەبات دژی دیکتاتۆری بووە. ئەزموونی ڕێکخراوەیی و بەها دێموکراتیکەکانی کورد، دەیانکاتە یاریزانێکی سەرەکی لە ئایندەی وڵاتدا.

چاوپۆشیکردن لە ڕۆڵی کورد لەلایەن ئورووپاوە، نەک هەر شکستێکی ڕەوشتییە، بەڵکوو هەڵەیەکی ستراتیژیشە. بەبێ کورد، دێموکراسیی ڕاستەقینە لە ئێراندا نایەتە دی و بەبێ دێموکراسیش، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەرگیز ئەو سەقامگیرییە بەدەست ناهێنێت کە خەڵکی ناوچەکە و ئورووپاش پێویستیان پێیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە گوتار ڕا هەتا کردەوە!

د. کامڕان ئەمین‌ئاوە

ڕاگەیاندنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" لە ٣ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاویی، و پاشان پەیوەستبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەو هاوپەیمانییە لە ١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٤، دەتوانرێت وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لەبەرچاو بگیرێت.

لەو نێوەدا، گرینگیی پەیوەستبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەم هاوپەیمانییە ئەوەیە کە وێرای ئەوەی بە درێژایی چەند مانگ لە ڕەوتی دیالۆگی ئەم هێزانەدا بەشدار بوو، بە هۆی هەبوونی هەندێ ڕەخنە، لە قۆناغی ڕاگەیاندندا بەشداریی نەکرد. دواتر، بە هۆی زەروورەتی بارودوخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە، وەک هەڵوێستێکی بەرپرسانە، بە پاراستنی ڕەخنەکانی، هاتە نێو ئەم هاوپەیمانییە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هاوپەیمانییە، بوونی دوو لەکۆمەڵەکان و بەشداریی پاک، خەبات و بە تایبەتی پژاکە، کە ساڵانێک نکووڵی لە بوونی وەک هێزێکی ڕۆژهەڵاتی لە لایەن بەشێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرا. بە گشتی، ئەم هاوپەیمانییە ڕەنگدانەوەی زۆرینەی بیروڕای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد. ئەم هێزانە لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ و حەیاتی بۆ ئەم قۆناخەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک کەوتوون. ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە لەنێو نەتەوەی کورد و هەروەها لە نێو گەلانی دیکەی ئێران و حیزب و ڕێکخراوەکانیاندا کاردانەوەی جۆراوجۆری هەبوو؛ لە خۆشحاڵی و پشتگیریی هۆگرانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەتا ترس و دڵەڕاوکێی هێزە شاپەرست، پانئێرانیست و تەواویەتخوازەکان، کە سەرەڕای بەستراوەبوونی خۆیان تاوانی جیاییخوازی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلیان وەپاڵ ئەم هاوپەیمانییە دەدا.

دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد دڵخۆش لە ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەپێی ئەزموونی پێشووی هاوکاریی هەندێ لەم حیزبانە لە" ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، چاوەڕوانی هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی و جیدی لەلایەن ئەم هاوپەیمانییە بوون، بەڵام مخابن تا ئێستا، کاری سەرەکیی ئەوان لە ئاستی چەند ڕاگەیاندنێکدا قەتیس ماوەتەوە و تەنانەت لەم دواییانەدا نەیانتوانی بە یەک دەنگ لە کۆنگرەی ئازادیی ئێران (٨ - ٩ی خاکەلێوە لە لەندەن) بەشداری بکەن کە نوێنەرانی زۆرینەی هێزە سەرانسەری و نەتەوەییەکان پێکهاتوو لە حیزب یان کەسایەتیی سەربەخۆ بەشداری بوون. بێگومان ئەگەر لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرێکیش لە لایەن هاوپەیمانییەوە بەشداری کردبا، کاریگەرییەکەی بە هێزی لەسەر دۆست و دوژمندا دەبوو.

لە لایەکی دیکەشەوە، پاش نزیکەی دوو مانگ لە ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە:

- هیچ سایت یان ئادرێسێکی فەرمی بۆ ئەم هاوپەیمانییە پێک نەهاتووە،

- لە دەرەوەی وڵات هیچ کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵێکی گشتی بۆ ڕوونکردنەوەی بەرنامەکانیان پێک نەهاتووە،

- هیچ نوێنەر یان وتووێژکارێکی دیاری هاوپەیمانی لە ئاستی دەرەوەدا بوونی نییە کە ڕێک لەم بارودۆخە هەستیارەدا وەک دەنگی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بکاتە دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانی دەرەوە و کاری لۆبیگەری بۆ کوردی ڕۆژهەلات بکات.

- لە فەزای مەجازیی ناکوردیی ئێرانیدا، کە زۆرجار تاوان و تۆمەت دەدرێتە پاڵ ئەم هاوپەیمانییە، هەست بە نەبوونی دەنگی نوێنەری هاوپەیمانی دەکرێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ سەرکەوتن پێویستی بە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی نێوخۆیی هەیە، بۆ ئەوەی دووبەرەکیی نێوخۆیی یان ڕکابەریی حیزبییەکان کەمتر بکەنەوە و هاوپەیمانییەکە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەم یەکگرتووییە دەبێ ڕێگە بدات هاوپەیمانی وەک یەک یەکەیەکی سیاسی لە هەموو چالاکییە سیاسییەکان، لەوانە ڕووداوەکان، کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات، چاوپێکەوتن لەگەڵ دامەزراوە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپ و دیموکراتی ئێرانی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە پێشکەوتنخوازەکان، پەرلەمانەکان، نوێنەری حکومەتەکانی دەرەوە، چالاکانە ئامادە بێت.

هەروەها پێویستە هاوپەیمانی هەوڵ بدات بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک لە ناوخۆی کوردستان و هێزەکانی دەرەوەی وڵات، و بە بەشداری کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان، دامەزراوە و گرووپە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکان، پانتایی هاوپەیمانییەکە پان و بەرینتر بکات. هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییانە، بە هەڵگرتنی هەنگاوی ڕۆشنگرانە و کردەویی پێویست لە دەرەوەی وڵات وەکو بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆر، ڕاگەیاندنی کاریگەر، شەرعیەت و کاریگەری و نفووزی هاوپەیمانی بەهێزتر بکات

بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لە فەزای مەجازی زیاد بکات و پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دروست بکات، پێشنیار دەکرێت کە بولیتین، گۆڤار، ماڵپەڕ و تۆڕێکی تەلەفزیۆنی هاوبەش دروست بکرێت بۆ ئەوەی پەیام و چالاکییەکانی هاوپەیمانییەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنێت. هاوکات بە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی وەک شەفافیەت، لێپرسینەوە، چالاکیی بەردەوام، گوتاری بنیاتنەر و گشتگیر، بناغە فیکری و ڕەفتارییەکانی هاوپەیمانی بەهێزتر دەبن. تێکەڵکردنی ئەو پرەنسیپ و مەرجانە، هاوپەیمانی دەگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی کاریگەر لەسەر شانۆی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە شێوەیەک کە بتوانێت بە کاراییەکی بەرچاو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێش بخات.

ئەگەر لەم بوارانەدا کاری جیددی نەکرێ، کورد ناتوانێت لە داهاتوودا بە یەک دەنگ ڕۆڵی کاریگەر ببینێت و ترسی دووپاتبوونەوەی چارەنووسی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هەیە.

بەو هیوایە، ئەم هاوپەیمانییە هەرچی زووتر بتوانێت هەنگاوی کردەیی هەڵێنێ و وەک هێزێکی بەهێز و بەرپرسیار خۆی بسەلمێنێت، و تەنانەت کەسایەتی و هێزە ناحیزبی و مەدەنییەکانیش بۆ ناوخۆی ڕابکێشێت. کە دیارە ئەمەش پێویستی بە هاوئاهەنگی و هاودەنگیی نێوان ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

هاوپەیمانەتیی کوردستانی لە ڕوانگەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە

د. ئازاد محەممەدیانی

ئەگەر بڕوانینە بەستێنە مێژووییەکەی پێکهاتنی هاوپەیمانەتیی شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی و ئەو ئەرکەی چاوەڕوانی کۆمەڵگەیە لەو هاوپەیمانەتییە، ئیدی نابێ تەنیا وەک ڕووداوێکی سیاسیی ئاسایی یا وەک سازان و هاوپەیمانەتیی شەش حیزبی سیاسی خوێندوەی بۆ بکرێ و لێی بڕواندرێ. پێشتریش باسم کردووە کە ئەم هاوپەیمانەتییە

سەرچاوە
Serchawe

چەندە دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ سازبوونی "گوتاری هاوبەشی کوردی"، بەڵام ئەوەی دەمهەوێ لەم بابەتەدا باسی بکەم، گشتییەتێک لە ئەرکی ئەو هاوپەیمانەتییە و شێوەی هەڵسوکەوتی بکەری کوردی واتە؛ تاک، نوخبە، کادری حیزبی و بە گشتی حیزبەکانن بە نیسبەت ئەم هاوپەیمانەتییە، وەک تاک و لایەنێکی بەرپرسیار هەمبەر بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەیان.
پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەرکی ئەو هاوپەیمانەتییە بۆ ئێستای کورد چییە و چۆن دەتوانێ لە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا بێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لام وایە هاوپەیمانەتی دوو ئەرکی زۆر گرینگی هەیە، یەکەم ئەوەی نێو ماڵی کورد ڕێکدەخا و پێش هەرجۆرە پرش و بڵاویی هەڵوێست لە ئێستا و داهاتوودا بۆ بەڕێوەبەریی کوردستان دەگرێ، کە لە ڕاستیدا بە مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان نییە و هیچ هاوپەیمانەتییەک لە هیچ شوێنێکی دنیا و مێژوودا بەو ئامانجە واتە سڕینەوەی جیاوازییەکان پێک نایات. ئەزقەزا گرینگیی هاوپەیمانەتی لەوەدایە کە وێڕای جیاوازی، کۆمەڵێک لایەن لە سەر هێندێک شت ڕێک دەکەون بۆ بەهێزتر بوون و باشتر بردنە پێشی ئەو ئەرکەی ئەو یەکگرتووییەی لەسەر ساز بووە. ئەرکی دیکەی هاوپەیمانەتی یەک هەڵوێست بوون و هێزی زیاتر و کاریگەرترە لە بەرامبەر هەرجۆرە ئەویترێکدا، چ ئەو ئەویترییە ئەویتری "ڕکەبەر" بێ چ ئەویتری "دژبەر"، واتە ڕۆڵی ئێستای هاوپەیمانەتی لە بەرامبەر دوژمنانی کورد و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بە هێزتر دەرکەوتن و هێنانە بەرباسی داواکاریە نەتەوەییەکانی کوردە بە شێوەیەکی دیاریکراووهاوشێوە. کە ئەو دوو ئەرکە لە کۆتاییدا و لە درێژی یەک ڕەوتی مێژووییدا دەتوانێ بەرهەمهێنی "گوتاری هاوبەشی کوردی" بێت. گوتارێک کە یەک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی پێکهاتنی نەتەوە و کیانێکی تایبەتە. دیارە هاوپەیمانەتی لە یەکەم هەنگاودا لە سەر کاغەز و بەپێی بڕیاری شەش حیزب فەرمی بووە بەڵام بۆ ئەوەیکە وەها بڕیارێک ئەرکەکانی پێ جێبەجێ بکرێ و لە ئاکامدا ئەو گوتارە هاوبەشەی کە باسم کرد بەرهەم بێ پێویستە وەک زەرورەتێک لە زەین، زمان و کرداری هەموو بکەرانی ئەو مەیدانەدا جێگیر بێ. ئەوەش کاتێک دەتوانێ دەستەبەر بێ کە وەک بەرپرسیارەتێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی چاوی لێ بکرێ.

کەواتە ئەو شتەیکە دەتوانێ ئەو هاوپەیمانەتییە لە سازانێکی کاتییەوە بەرەو پرۆژەیەکی درێژماوەی جێگیر بەرێت، دەروونیبوونی پاراستنی ئەو پێکهاتەیەیە وەک بەرپرسیارەتییەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی حیزبەکانەوە تا کادر و نوخبەی ئەو حیزبانە.

حیزبەکان پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا خوێندنەوە بۆ ئەو هاوپەیمانەتییە بکەن. واتە هێزە سیاسییەکان دەبێ لە لۆژیکی تەواو حیزبی دوور بکەونەوە. مێژووی سیاسیی کورد نیشانی داوە کە کێبڕکێی حیزبی لە نێوان حیزبەکاندا توانایی ئەوەی هەیە ببێتە دوژمنایەتی و هەموو هەوڵێکی لێکنزیکبوونەوە و کاری درێژ ماوە تێک بدات. لەم دۆخەدا، هەر حیزبێک لە بەردەم دوو هەڵبژاردن دایە: هاوپەیمانی وەک ئامرازێکی تاکتیکی بۆ

بەهێزکردنی خۆی ببینێت، یان وەک بەشێک لە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتر بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە، جیاوازیی نێوان هاوپەیمانییەکی لاواز و پرۆژەیەکی بەردەوام و نەتەوەییە، لێرەدایە دەبێ حیزبی کوردی جیاوازی نێوان کارکردن لە چوارچێوەیەکدا و سڕینەوەی جیاوازیەکان بزانێ و بۆ ئەوەی بیر لە هێژمۆن بوونی خۆی نەکاتەوە پێویستە لە یەکەم هەنگاودا ئەو جیاوازیانە بە فەرمی بناسێ. دوو ئەوەیکە گفتوگۆ بکاتە هەوێنی هەر باسێک و سێهەم ئەوەیکە بەرژەوەندیە گشتیەکان لە دەلاقەی ڕوانگەیەکی جەماوەریەوە ببینێ نە ڕوانگەی حیزبی خۆیەوە. لە ڕاستیدا حیزبی کوردی دەبێ فێری ئەو بنەمایە بێت کە ساز بوونی شتی گەورەتر و کاریگەرتر بەهای دەوێ، ئەو بەهایەش دەست هەڵگرتنە لە هێندێک بەرژەوەندی کە ڕەنگە ئەگەر وەک خۆی بەشێک نەبایە لەو هاوپەیمانەتیە لە کورت ماوەدا قازانجی حیزبی زیاتری بایە. بەڵام کاتێک باس لەو بەرپرسیارەتیە کۆمەڵایەتییە دەکەی ئیتر تۆ وەک حیزبی بەرپرسیار لە بەرامبەر نەتەوەکەتدا دەست لەم بەرژەوەندییە کاتییە حیزبییەی خۆت هەڵدەگری. ئەوە ئەو کاتەیە کە هاوپەیمانەتی دەتوانێ بەرێتە دۆخێکی جیاوازەوە کە لە کۆتاییدا بەرهەمهێنی ویستە گشتییە نەتەوەییەکەیە.

بەڵام جاری وایە ڕێبەرایەتیی حیزبەکان وەک بڕیاردەری کۆتایی کۆکن لە سەر بابەتەکان و حەولیان داوە بە هەرجۆرێکە کێشەکان کەم بکەنەوە و لێکنزیک بنەوە، بەڵام زمان، ڕەفتار و کردەوەی کادری ئەو حیزبانە بە جۆرێک بووە کە دۆخەکەی لێڵ کردووە و بێ لەبەرچاو گرتنی بایەخەکانی ئەو پێکهاتەیە مەترسی گەورە بۆ درێژەدار بوونی ساز دەکەن. دیارە ئەمە بەشێکی پێوەندی هەیە بە پەروەردەی تاکی کورد و قەبووڵنەکردنی هەڵپەساردنی بەرژەوەندییە تاکی و حیزبییەکان و بەشێکیشی پێوەندی هەیە بە دەمارگرژیی حیزبییەوە، بە جۆرێک کە پێیان وایە ڕاستەقینەی ڕەها لە لای حیزبەکەی خۆیانە و بەدەر لە ڕوانگەی حیزبی خۆیان هەرچی هەیە ناڕاستە و تەنانەت جاری وایە پێیان خەیانەتە. شتێک کە لە دۆخێکی تەندروستدا ڕێگەپێدراو نییە و وەک ژەهری پێکەوە هەڵکردن دێتە ئەژمار. بۆیە پێویستە کادری حیزبەکانیش ئەو پێداویستیە کۆمەلایەتیە دەرک بکەن و لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی نەتەوەییدا ئیزن بدەن ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیان لە کەش و هەوایەکی ئارام و دۆستانەدا هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ پێکهاتەکانی هاوپەیمانەتی. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی هێندێک کادری ئەو حیزبانەوە سنووری خەیانەت و جیاوازی تێک دەچێ و هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە هەرجۆرە کردەوەیەکی ناهاوشێوەی ڕوانگەی ئەوان وەک خەیانەت لێکدانەوەی بۆ بکرێ، کە ئەزقەزا بە ساز بوونی گوتاری هاوبەش وەک ئاکامی کۆتایی ئەو هاوپەیمانەتەیە سنووری خیانەت دەکێشرێتەوە و هاووڵاتی کورد دەزانێ چی خەیانەتە و چی جیاوازی دێتە ژمار و بەرژەوەندی نەتەوەیی لە کوێی ئەو سنووردایە.

لێرەدایە کە پێویستە باسی توێژێکی دیکە لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا بکەم کە ڕۆڵی گرینگ و تایبەت دەگێڕن سەبارەت

بەو هاوپەیمانەتییە و ئەرکەکانی. تویژێک کە لە نێوان ڕێبەریی حیزبەکان کە بڕیاردەرانی ئەو حیزبانەن و کادر و بەدەنەی حیزبەکاندا دەتوانن وەک ئاڵقەی پێوەندی و هاوسەنگی و هاوکات زانیاریبەخش ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی هەمبەر بەو هاوپەیمانەتیە بگێرن. نوخبە و خوێندەوارانی نێو حیزبە سیاسییەکان ئەو تویژە گرینگەن کە هەم ئیمکانی ئەوەیان هەیە ببنە لەمپەڕی بەر ئەرکە بنەمایییەکانی هاوپەیمانەتی و هەمیش دەتوانن ڕێخۆشکەر و هاندەری ڕێبەرایەتی و ئەندامان بن بۆ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی گەلی کورد لە بەرامبەر بەرژەوەندی تاک و حیزبیدا. نوخبەی حیزبی وێڕای ئەوەیکە پێویستە بیر لەو دەرفەتە بکاتەوە کە هاوپەیمانەتی بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەی دەبەخشێ ئەوەش بزانێ کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو هاوچەشنی وڵاتە گەشە سەندووەکانی دونیا نییە و لە هەر چرکەیەکدا ئیمکانی ئەوە هەیە بە هەر هۆکار و بیانوویەک ئەو هاوپەیمانەتیە هەڵبوەشێتەوە یا لاواز و ناچالاک بێ، کەواتە ئەو ئەرکە دەبێ وە ئەستۆ بگرێ کە پارێزگاری لێ بکات و چاو لەو بەرژەوەندییانە دابخات کە مومکین بوو بەدەر لەو هاوپەیمانەتی و لە چوارچێوەی حیزبەکەیدا هەیبایە.

نوخبەی حیزبی دەبێ دەرک بەوە بکات ئەوەی ئەو قەرارە سیاسەتی لەگەڵ بکات وەک خۆی لە کۆمەڵگەیەکی پاتریمۆنیال یا باوکسالارەوە هاتووە کە بە درێژی تەمەنی، باوک قسەی هەوەڵ و ئاخری کردووە. دواتر هەر وەک خۆی چووەتە قوتابخانەیەک کە یەک قسە، قسەی ڕاستیی موتڵەق بووە و ئەوی دیکە مەترسی و نادروست ئەویش قسەی نێو کتێبەکانی ئەو نیزامە پەروەردە سەقەتە و مامۆستاکانی بوون کە بۆخۆشیان لە هەمان سەرچاوەی سەقەت گۆچیان گرتووە. نوخبەی کورد دەبێ ئەوە بزانێ ئەو کەسانەی بەردەنگی ئەون ڕێک وەک خۆی لە کۆمەڵگەیەکدا پێگەیشتوون کە هەر کەس حەولی داوە نوسخەی خۆی بۆ هەمووشتێک و هەموو کەسی وەک هاوڕێ و هاوکار و جیران و هاوشاری و هاووڵاتیەکەی بپێچێتەوە و هیچ شتێک بە ناوی گفتوگۆی دوو لایەنە بوونی نەبووە. لە ئاکامدا نوخبەی نێو حیزبەکان دەبێ ئەوە بزانن ئێمە هەموومان لەژێر حوکمی دەسەڵاتێکدا باڵامان کردووە کە زمانمان تەنیا بۆ سەلماندنی ڕەوایی ئەوان ئیزنی بووە بێتە گۆ. کەواتە نوخبەی حیزبی دەبێ وێڕای ئەو دەرکەی کە دەبێ لە کۆمەڵگە و زەینی ئینسانی کورد هەیەتی بە هەموو تواناکانیەوە پارێزگاری لە چرکە بە چرکەی ئەو هاوەپەیمانەتیە بکات کە خەریکە فێری گفتوگۆمان دەکات، فێری پێکەوە سازان وێڕای جیاوازیەکانمان دەکات و ڕامان دێنێ بەرژەوەندی ئێمە لەو دەستکەوتە دایە کە کورد وەدەستی دێنێ لە ئاکامی ئەو تەنازوولەی ئێمە ئێستا لە هێندێک ویست و بەرژەوەندیی تاکی و حیزبی دەیکەن. نوخبەی نێو حیزبەکان نابێ بۆ یەک چرکەش تەنانەت بۆ یەک چرکەش بیر لەوە بکەنەوە هەنگاوێک هەڵبێننەوە کە مەترسیەک لە سەر ئەو هاوپەیمانەتیە ساز بکات. شتێک کە دەتوانێ و دەبێ خولیای کوردانەمانی تێدا هاوبەش بکەین و خەونی نەتەوەکەمانی پێ بێنینە دی.

دیارە ئەوەیکە بگوترێ ئەو هاوپەیمانەتییە دەتوانێ هەموو خەونی کوردانەمان بێنێتە دی بە دڵنیاییەوە ئیدیعایەکی دوور

لە ڕاستییە بەڵام هەموو قسەی من ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانەی لە هاوپەیمانەتی دەتوانین هەمانبێ و ئەو داوا گشتییەی کوردی ڕۆژهەڵات لە حیزبە کوردییەکان بە بەردەوامی بۆ سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی بوویەتی و دۆخی هەستیاری ئێستامان لە ئێراندا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێمە مەحکووم بەو یەکگرتوویەیین و دەبێ ئەو دەرفەتە بەو هاوپەیمانەتیە بدەین بەرەو ئەو مەسیرە بڕوات کە قازانجی گشتیی نەتەوەکەمانی تێدایە. ئەوەش لام وایە مومکین نابێ بێ ئەوەیکە پاراستن و پارێزگاریکردن لەو هاوپەیمانەتییە وەک بەرپرسیارەتییەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی چاو لێ بکەین و هەر هەنگاوێک لە مەیدانی سیاسەتدا هەڵدێنینەوە بەو ڕوانگەیەوە بێت کە ئێمە بەرپرسین لە بەرامبەر کۆمەڵگە و نەتەوەکەماندا و ئەو بەرپرسیارەتییە کاتێک دەتوانێ قازانجی نەتەوەکەمانی لێ بکەوێتەوە کە چاو لە قازانجە تاکی و حیزبییەکانمان دابخەین.

کاتێک دەتوانین ئیمان بێنین بە سنووری ڕاستییەکانی خەیانەت و وەفاداری کە پێکەوە لە دۆخێکی ئارامدا و لەسەر بنەمای گفتوگۆ و ڕاوێژ خاڵەکانی بەرژەوەندی نەتەوەییمان دیاری کردووە. ئەوەیکە دەڵێم دەرفەت بدەین بە هاوپەیمانی مەبەستم ئەوەیە لە ئاکامی ئەو دەرفەتەدا ئێمە وەک کورد نە تەنیا کۆمەڵگەی کوردیمان بە شێوەیەکی واقعییانەتر نوێنەرایەتی کردووە و لە بەرامبەر دوژمن و بەردەنگە غەیرە کوردەکانماندا بەهێزتر دەرکەوتووین بەڵکوو وێنەیەکی بەهێز و باشیش دەبین بۆ کۆمەڵگەیەک کە دەستەویەخەی دەیان کێشەی کولتوورییە و هەموو جۆرە جیاوازییەکی تێدایە، واتە کولتووری دیالۆگ، هەڵکردن و لێک تێگەیشتن و کاری گشتیمان فێر کردوون. ئێمە دوای ئەوەی کوردستانیش ڕزگار بێت پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست، ئازاد و ئارامە ئەوەش دەستەبەر نابێ مەگەر بە پرۆڤەی بنەماکانی دێموکراسی کە هەڵکردن و مەدارا لە ڕێی گفتوگۆ و بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانەوە دەستەبەر دەبێ لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەو دێموکراسیەن، کە هاوپەیمانەتی ئێستا دەتوانێ هەلی ئەو پرۆڤەیەمان بۆ بڕەخسێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی!

ئیبراهیم لاجانی

قووڵبوونەوەی قەیرانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا پێک هێناوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا، دەبێت نەک هەر وەک کردەوەیەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لە قەڵەم بدرێت.

ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا سیاسەت بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. واتە بەرگری لە داخوازییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد و کۆمەک بە چوونە پێشی دێموکراسیخوازانە لە ئێراندا بکات. هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت شوێندانەر بێت کە سێ کارکردی هەبێت: یەکێتیی نێوخۆیی، شەرعییەتی یاسایی و توانای مانۆڕدانی نەتەوەیی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا هەڵسوڕێت، دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێران.

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی و ململانێی ئایدیۆلۆژی و فشار و سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتیدا دەستەویەخە بووە، بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوە کە کوردەکان نەک هەر نایانهەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بخوڵقێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکدا لە ئێراندا، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. ماددەی یەکەمی هەردووکی ئەو پەیماننامەیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان بە ڕەسمی دەناسێت.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشە" هەژمار ناکرێت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" دەوڵەتی ئێران لە قەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆخۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕێتۆریک و زمانی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەبێ حزووری حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دیموکراتیک لە دەسەڵاتی ناوچەیی و خۆجێیی، سەروەریی یاسا، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە ناوەندییەت (دیسانترالیزاسیۆن) و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی پشێوی، بەڵکوو دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی.

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە حاشاکردن لە دیارەی فرەنەتەوەیی. واقیع ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و داب و نەریت و ناسنامەی تایبەتیی خۆیانن، بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لە نێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خۆبەڕێوەبەری و فیدرالیزم) دادەنێت. هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری ناوچەیی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دەستەبەرکردنیان هەیە.

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵەکانی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لە نێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکێتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا، هێز و توانای کورد بۆ دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەر چەشنە هێنانەگۆڕێی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنەپێشی ئەو میکانیزمانە، ئەو چەشنە نیگەرانییانە کەم کاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە. لە دورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارێتی قبووڵکردن، سەروەریی یاسا و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، شەرعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسی و ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا هەر پەیوەندیی بە کوردستانەوە نییە. ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، ئەوە نیشان دەدات کە: ناوەندییەت دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت. لەوەش زیاتر بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر دەکات. ئاخر قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکێتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی، نەک زوڵم و زۆر، پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

سازبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسی لە نێو تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێراندا

حەسەن قارەمانی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو قەیرانێکی قووڵی بونیادیدایە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە جۆرێک پەرەی سەندووە، دەکرێت لە فەرهەنگی زانستە سیاسییەکاندا وەک "قۆناغێکی چارەنووسساز" ناوزەد بکرێت. بنبەستی ئابووری، هەڵکشانی خێرای هەڵاوسان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەرەسی بەردەوامی ڕەوایی سیاسی، دۆخێکی ناسەقامگیری سەرتاسەرییان

خولّقاندووە. هاوکات، شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی نارەزایەتی کە زۆرجار لە داخوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، باڵادەستی و کۆنترۆڵی دەوڵەتیان لەرزۆک کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا، پرسی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی جێگرەوە و فۆرمە نوێیەکانی ڕێکخستنی سیاسی دێتە کایەوە. ئەوەی لێرەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، پێگەی نەتەوە نافارسەکانی ئێرانە، لەوانەش کورد؛ کە نابێت تەنیا وەک پرسێکی لاوەکی تەماشا بکرێن، بەڵکوو یەکگرتوویی و کۆکردنەوەی توانای سیاسیی کورد فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە لە دارشتنەوەی بنیاتی دەستووری و دامەزراوەیی داهاتووی دەوڵەتدا.

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، وەڵامێکی ژیرانە و پێویستە بۆ ڕێکخستنی نێوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دەرەکی. بە ئاوێتەکردنی بیردۆزە دامەزراوەییەکان، بیردۆزی کایەکان (Game Theory) و یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەو بەربەستە پێکهاتەییانە کە تا ئێستا ڕێگر بوون لە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی لەو شێوەیە، هەروەها ئەو ڕێکارانەش ئەم کۆسپانەی پێ تێپەڕێنرێت.

گرفتەکانی هاوئاهەنگی و وردبینیی ستراتێژی:

پەرتەوازەیی سیاسیی کورد تەنیا لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی یان دژایەتیی مێژووییدا کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو باشترە وەک "شکستی هەماهەنگی (Coordination Failure)" تێیبگەین. لە تیۆری کایەکاندا، ئەمە زۆرجار بە هاوشێوەی "ڕاوی ئاسک (Stag Hunt)" وەسف دەکرێت؛ کە تێیدا دوو لایەن ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبنەوە: یان هاوکاریکردن بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی گەورەی بەکۆمەڵ، یان کارکردنی تاکەکەسی بۆ پاداشتێکی بچووک بەڵام مسۆگەر.

لە دۆخی کوردیدا، ئەمە بەم مانایە دێت:

١- هەماهەنگیی بەکۆمەڵ (پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی): دەسکەوتی سیاسیی زۆرتر، وەک زیادبوونی هێزی چەندوچوون، ڕەوایی نێودەوڵەتی و توانای دامەزراوەیی بەدەست دەهێنێت.

٢- ستراتێژیی تاکەکەسی (پەرتەوازەیی حیزبەکان): مەترسییە کورتخایەنەکانی وەک لەدەستدانی دەسەڵات یان ململانێی نێوخۆیی کەم دەکاتەوە.

ئەنجامی ئەمە جۆرێکە لە "هاوسەنگیی ناجێگیر" کە لایەنەکان تێیدا بە جیا کار دەکەن، هەرچەندە دەزانن هاوکاریی بەکۆمەڵ قازانجی زیاترە. لێرەوە دەردەکەوێت کە تەنیا بانگەوازی ئەخلاقی بۆ یەکێتی بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگەی میکانیزمە دامەزراوەییەکانەوە گۆڕانکاری لە "سیستەمی هاندان"دا بکرێت، بە مەبەستی:

- کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی
- بەهێزکردنی متمانە بە پەیمانەکان
- دانانی سزا بۆ لادان لە ڕێککەوتنەکان

کۆسپە مێژوویی و پێکهاتەییەکان:

بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری بەردەوامیی ئەم پەرتەوازەییە، پێویستە ئاوڕ لەو فاکتەرە مێژوویی و جیۆپۆلیتیکیانە بدەینەوە کە واقیعی سیاسیی کوردیان پێک هێناوە:

١- دابەشبوونی جیۆپۆلیتیکی: دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دابەش بوو، ئەمەش بووە هۆی جیاوازی لە ئەزموونی سیاسی و ژینگەی دامەزراوەییدا و ڕێگری لە هەماهەنگیی نێوان پارچەکان کرد.

٢- بەکارهێنانی دەرەکی وەک ئامراز: هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە مێژوودا بزووتنەوەی کوردیان وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێناوە. ئەمەش بێمتمانەییەکی قووڵی لە نێوخۆ و دەرەوەدا دروست کردووە کە ڕێگرە لە هاوکاریی درێژخایەن.

٣- فرەیی ئایدیۆلۆژی: گۆڕەپانی سیاسیی کورد پانتاییەکی بەرفراوان لە ئایدیۆلۆژیاکان لەخۆ دەگرێت. ئەم فرەییە گەرچی ئاساییە، بەڵام لە نەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی نیشتمانیدا، گەیشتن بە کۆدەنگیی قورس کردووە.

٤- لاوازیی دامەزراوەیی: نەبوونی دەزگایەکی نوێنەرایەتیی ناوەندی بووەتە هۆی ئەوەی کێشەکان زیاتر بە شێوەی کاتی و کێبەرکێکردن چارەسەر بکرێن، نەک لە ڕێگەی میکانیزمە فەرمییەکانەوە.

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک داهێنانێکی ستراتیژی:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، هاوپەیمانیی کوردستانی تەنیا دروشمێکی ڕووت نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە نوێگەریی

سەرچاوە
Serchawe

دامەزراوەیی. هەر هاوپەیمانییەکی سەرکەوتوو پێویستە ئەم سێ مەرجە بنەڕەتییەی تێدا بێت:

١- یەکڕیزیی نێوخۆیی: هەبوونی ناوەندێکی بڕیاردەر کە شەرعییەتی هەماهەنگیی ستراتیژی و دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی هەبێت.
٢- ڕەوایی یاسایی: پشتئەستوور بوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ گۆڕینی پرسی کورد لە کێشەیەکی ئەمنییەوە بۆ پرسێکی سیاسیی ڕەوا.

٣- نەرمڕەفتاربوون:(Flexibility) توانای مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسیی ئێران و گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ.

یاسای نێودەوڵەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس:

لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆر مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە:

١- دەرەکی: جیابوونەوە و سەربەخۆیی.
٢- نێوخۆیی: ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆ.

لە دۆخی ئێستای ئێراندا، داواکردنی مافی "چارەنووسی نێوخۆیی" ستراتیژیترین و واقیعیترین ڕێگەیە. بە دارشتنی داواکارییەکان لە چوارچێوەی: ئۆتۆنۆمیی هەرێمی، مافی زمانەوانی، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵات و نوێنەرایەتیی سیاسی؛ کورد دەتوانێت وەک لایەنێکی دانوستانکاری شەرعی و مۆدێرن خۆی نیشان بدات.

فرەنەتەوەیی و پێناسەکردنەوەی دەوڵەت:

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئێران، ناسیۆنالیزمی تاکڕەهەند و یەکپارچەیە کە سیمای فرەنەتەوەیی وڵاتەکە ڕەت دەکاتەوە. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە:

- پێشخستنی مۆدێلێکی "فرەنەتەوەیی" بۆ داهاتووی ئێران
- پێداگری لەسەر فیدراڵیزم یان نامەرکەزییەت

- بەشداری لە نووسینەوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نوێ

ئەمە تەنیا جەنگ بۆ مافی کورد نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتگیرتر.

دامەزراوەییبوون وەک ڕێگەچارە:

بۆ تێپەڕاندنی کێشەی هەماهەنگی، پێویستمان بە دیزاینێکی دامەزراوەییە کە ئەم چەند خاڵە لەخۆ بگرێت:

١- ئەنجومەنی نوێنەرایەتی: ناوەندێکی سیاسیی هاوبەش کە هەموو لایەنەکان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە.
٢- ڕێککەوتننامەی پابەندکەر: واژۆکردنی پەیماننامەی فەرمی کە سزا بۆ ئەو لایەنە دیاری بکات کە لێی لادەدات.
٣- میکانیزمی چارەسەری کێشەکان: هەبوونی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ نێوبژیوانی و بڕیاردان لە کاتی ناکۆکییەکاندا.
٤- هاوبەشیی ئابووری: پڕۆژەی هاوبەش کە وابەستەیی دروست بکات و لایەنەکان هان بدات بۆ هاوکاریی زیاتر.

ڕۆڵی ڕەوەند (تاراوگە):

ڕەوەندی کوردی لە پەرەپێدانی ستراتیژییەکی سیاسیی یەکگرتوودا سەرچاوەیەکی بەرچاو پێکدەهێنێت. ڕەوەند دەتوانێت وەک پردێک لە نێوان داواکارییە نیشتمانییەکان و ڕەوایی نێودەوڵەتیدا مامەڵە بکات. ئەزموونی ڕەوەندەکانی دیکە نیشان دەدەن کە کاریگەریی سەرکەوتوو پێویستی بە پلەیەکی بەرزی دامەزراوەییکردن و هەماهەنگیی ستراتیژی هەیە. لەم ڕووەوە، ڕێکخستنی ڕەوەندی جوولەکەکان وەک نموونەیەکی وێناکەر دەردەکەوێت کە چۆن دەتوانرێت کردەوەی بەکۆمەڵ بگۆڕدرێت بۆ کاریگەریی سیاسیی کۆنکرێتی.

ئاکام: یەکگرتوویی بەرهەمی دامەزراوەیە

پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت خاڵی وەرچەرخان بێت. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت دامەزراوەی نێوخۆیی تۆکمە دروست بکات، دەتوانێت هێزی کورد لە هەر گۆڕانکارییەکدا چەند بەرابەر بکات و ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە دیموکراتیزەکردنی ئێراندا. یەکڕیزی لە خۆیدا تەنیا فەرمانێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو بەرهەمی دامەزراوەیەکی تۆکمە و بنەماڕێژکراوە؛ بەبێ ئەمانە، پەرتەوازەیی بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

کۆمەڵێک بەیاننامە، لێداون و هەڵوێستی نووسەران

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی تەنیا بژاردەیەک نییە، بەڵکوو زەروورەتێکی ستراتیژییە. لە کاتێکدا پێکهاتەی دەوڵەتی ئێران بەرەو گۆڕانکاریی گەورە دەچێت، ئەم هاوپەیمانییە دەتوانێت هێزی سیاسیی کورد چەند هێندە بکات و وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی دیموکراسی و دارشتنەوەی دامەزراوەکانی داهاتوودا دەربکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

د. خالید خەیاتی

ئاماژە: د. خالید خەیاتی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ شرۆڤەی دوایین بارودۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی ئێران دوای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلی کردووە. کوردستان و پرسی کورد لەژێر باندۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەوە و ئەو ئەرکە هەنووکەییانەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ڕایپەڕێنن،

چەند بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەو وتووێژە بوون. "کوردستان" تەوەرە گرینگ و سەرەکییەکانی ئەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دەرفەت و مەترسیەکانی دۆخی نوێی ئێراندا

ئەگەر لە مەترسی ڕا دەست پێ بکەین، ئێران وڵاتێکی بریندارە. بەهۆی ئەوەی یەکەم هێندە لە مێژ نییە و لە چەند ساڵی ڕابردووشدا چەقی سەرهەڵدانی جەماوەری بووە، خەڵک خۆپێشاندانیان کردووە، بەتایبەت لەو سێ چوار مانگەی ڕابردوودا ئەو خۆپێشاندانانەی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە گەیشتووەتە لووتکەی خۆی، و بەرپەرچدانەوە و کاردانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئەو خۆپێشاندانانەدا یەکجار توندوتیژ بووە؛ دەگوترێ لە بەفرانباری پارەکەدا ٤٠ هەزار کەسیان کوشتووە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆکاری ئەوەی کە لە چل و چەند ساڵی ڕابردوودا ئێران سیاسەتێکی هێرشبەری لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە و ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ڕۆژاوای کردووەتە ئامانجی خۆی، ئیتر ئەو دۆخە گەیشتووەتە قۆناغێک چیتر ناتوانێ بە شێوەیەک کە هەیە بەردەوام بێ، و ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی وەک ئیسرائیل و ئەمریکا لە کۆتاییدا ناچار بن کە کێشەی خۆیان کە بە شێوەی چەقبەستوو ماوەتەوە لە ٣٠ - ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی سەربازی چارەسەر بکەن، ئەویش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە هێرشێکی یەکجار زۆر بەربلاو لەو ماوەیەدا لە دوو قۆناغدا بۆ سەر ئێران کراوە، کە هەم لە ئاستی کەسایەتی و کاربەدەستی گرنگی ئەو وڵاتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەناوچوون و کوژراون، هەم لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و بەتایبەت ژێرخانی سەربازی و نیزامی ئەو وڵاتە زەبرێکی زۆری وێکەوتووە، بۆیە ئەو وڵاتە بریندارە، و برینداربوونیشی بە دوو هۆکار: یەک ئەوەیە کە شێوازی قەیرانەکە بگۆڕێ بەو ئاراستەیەدا بەرێ کە بۆ خۆی پێویستی پێیەتی، و لە گۆڕان لەو ئاراستەیەشدا و لەو هەنگاوەشدا دەست لە هێزە کوردییەکان ناپارێزێ و لە چەند مانگی ڕابردوودا، یانی لەو ماوە کەمەدا، لانی کەم زیاتر لە ٨٠٠ جار هێرشی کردووەتە سەر باشووری کوردستان، کە بەشێک لەو هێرشانە ڕاستەوخۆ ڕووی لە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە بووە و بەو پێیەش ژمارەیەک لە پێشمەرگە و ئەندام و بەڵکوو خەڵکی ئاسایی شەهید بوون. ئەوە مەترسییە، یانی مەترسی ڕۆژانەیە لەسەر ئێمە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر چاو لە دەرفەت و ئیمکان بکەین دەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەئارادایە، شتێکی وەک جاران نییە، بەڵکوو دۆخێکی زۆر تایبەتییە کە خودی ئەو دۆخە تایبەتییە لە حاڵەتێکدایە گەڕانەوەی بۆ قۆناغی پێشوو نییە؛ واتە ئەو دۆخە دەبێ بە لایەکدا بکەوێتەوە. بەلاکەوتنەکەش بەو مانایەیەی یان ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێ شکست بخۆن لەو تێکهەڵچوونەدا، یان ئێران دەبێ شکست بخوا و ملکەچی ویست و داخوازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ. ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەی سیاسەتکردن و جۆری سیاسەت کردن بۆ کورد و هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات جیاواز بێ لەگەڵ جاران.

دۆخی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ئێستای ئێران و ناوچەدا

ئەوە کە هاوپەیمانیییەک لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دروست کراوە شتێکی پۆزەتیڤە، ئەوەش کە هەندێک پێوەندیی دیپلۆماسی چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی دروست کراون ئەوەش هەنگاوی زۆر باشن؛ بەڵام بە بۆچوونی من شتێکی لەوە زیاتر نەکراوە؛ لە حاڵێکدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هەندێک کردارن. خەڵک دۆخەکە دەبینن و ناتوانن هەتاکوو کۆتایی هەر چاوەڕێ بن. مەبەست ئەوەش نییە حیزبەکان ڕاستەوخۆ هێزی پێشمەرگە بنێرنەوە وڵات و دەرگیر بن و شەڕ بێتە ئاراوە، بەڵام لە نێوان شەڕ و هیچ نەکردندا ژمارەیەک کاری گرنگی دیکە هەیە. بۆ نموونە دروستکردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش، دروستکردنی هێزێک یا بڵێین ڕێکخراوێکی دیپلۆماسیی هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان ئەوەی پێوەندییەکی چڕ و پڕتر لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی وڵات دروست بێ، کۆکردنەوەی یارمەتی، دروستکردنی میدیایەکی یەکدەنگ و زۆر کار دەکرێ. هەروەها لێکدانەوەی کتوپڕی ڕووداوەکان و هەروەها زیاتر پێوەندیی بەرپرسانی حیزبی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دینامیک و ڕۆژانە لەگەڵ هاونیشتمانییانی خۆیان. ئەوانە دەکرێ بکرێن، بەڵام بەداخەوە ئەوانە نەکراون و پێموایە ئەوەش کۆمەڵێک دەرفەت بوو کە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەستی دا بەڵام ئێستاش درەنگ نییە.

پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە رووی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەهێزە. نموونە زۆرن، واتە لەو ماوەیەدا کە شەڕ نەبووە بە تایبەت لە دۆخی ئاساییدا بۆ نموونە هەر کاتێک حیزبەکانی ئێمە بانگەوازێکیان ڕوو لە خەڵک کردووە یان داوایان لە خەڵک کردووە کە لە بەرنامەیەکدا بەشدار بن یان لە خۆپێشاندانێک یان مانگرتنێک بووە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگیانەوە هاتوون و ئەوە نیشانەیەک لە بەهێزبوونی خەڵکە، نیشانەیەک لە تێگەیشتوویی بەرزی ئەو خەڵکەیە کە بەو شێوەیە جواب دەدەنەوە. ئەگەر ڕووداوێکی سروشتی بۆ نموونە بوومەلەرزەیەک لە شوێنێکی کوردستان ڕووی دابێ، ئەو خەڵکە بە شێوازێکی گشتی و عام بەرەو پیر یان بە هانای خەڵکی لێقەوماوی هاونیشتمانیی خۆیەوە چووە. ئەگەر مەسەڵەن نموونەیەکی بڵێین جیاواز وەک نەورۆز بووە، شێوازی بەرپاکردنی نەورۆز و بەڕێوەبردنی مەراسیمەکانی نەورۆز لە پانتایی کوردەواریدا بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نموونەیەکە لە نواندنی نەتەوایەتی و سیاسی و کولتووری کە لە نێوان کەم نەتەوەدا ئەوانە بەدی دەکرێ، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام بە شێوازێکی زۆر تایبەتی تریش ئێمە ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخراوی مەدەنییمان هەیە. لەو ڕووەوە من دەتوانم بڵێم ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی باشی لە خەباتی مەدەنی هەیە، بەڵام یەک شتمان دەبێ لەبیر نەچێت، لە قۆناغی شەڕدا و ئێستا کە قۆناغی شەڕە و بە تایبەت

قۆناغی نێوان دوو شەڕدا کە لە حاڵی حازردا دەوڵەتی ئێران ئاستی سەرکوتی لە جاران زیاتر کردووە، خەڵک دەگرێ لە سێدارەدانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنن و زیاد دەکەن، ئەمە لەو قۆناغەدا ناتوانین و لە ڕووی زانستییەوە نەکراوە چاوەڕوانیمان لەوە بێ کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەی ئاشکرا چالاکییان هەبێت، بەڵام دەتوانن ئەو چالاکییانەیان هەبێت. بەڵام شتێکی دیکەش زۆر گرنگە لێرە باسی بکەین، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە نین مەسەلەن هێندێک دەستکەوتی بچووک بە ڕێگای خەباتی مەدەنی بەدەست بهێنن، بەڵکوو چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن، یان بەو مانایە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن دوای ١٠٠ ساڵ لە چەوسانەوە، دوای ١٠٠ ساڵ لە ماڵوێرانی، لە خەبات و لە چەرمەسەری، دوای ئەو هەمووە شەهیددان و ئەو هەمووە بەڵایەی بەسەری هاتووە، کاتی ئەوە هاتووە جۆرێک لە سەروەری و جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بۆیە من پێم وایە لاوانی کوردستان بە هەر ئاراستەیەکی حیزبیدا کە هەن، ئامادەی ئەوەن ئەگەر بێتوو بۆشاییەک لە ئاستی دەسەڵاتدا دروست بوو ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە هەتا ئەو کاتەی هێزە نیشتمانی یان حیزبییەکان دەگەڕێنەوە و بە شێوازێکی پێکەوەیی و گشتگیر، مۆدێلی بەڕێوەبردنی وڵات جێدەخەن.

بایەخی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

تۆ لە دەرەوەی وڵات، لە هەر پلاتفۆرمێک، هەر بۆنەیەک، هەر کۆنفرانسێک کە مەجالێک بە هێزە کوردییەکان دەدات کە تێیدا بەشدار بن، دەبێ خۆت ببینیتەوە؛ بە تایبەت بەو مەرجەی پرسی کورد بخرێتە بەرباس، نەک ئەوەی کە هەر باسی دێموکراسی بۆ ئێران و ئەو شتانە باس بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری پرسی خۆمانین، ناتوانین نوێنەری پرسێکی دیکە بین. پاشان هرچی کردمان دواتر دەبێت پرسیار لە خۆمان بکەین: باشە، قۆناغی دوای ئەوە چییە؟ خوێندنەوەمان بۆ هێزەکانی دنیا چییە؟ ئێمە کێشەمان لەگەڵ وڵاتێکە بە ناوی ئێران. گەلی کورد لەوێدا بێ مافە و دەبێ ببێتە خاوەن شێوازێک لە دەسەڵاتی سیاسی و سەروەریی سیاسی. ئەوە ئامانجی ئێمەیە. لە ڕووی ئەوەوە، خوێندنەوەی ئێمە لە جیۆپۆلیتیکی دنیادا چییە؟ ئایا ئەوانەی فاکتەرن، ئەو دەوڵەتانە یان ئەو زلهێزانەی فاکتەری گۆڕانکارین لە ناوچەکەدا کێن؟ بەتایبەت کە ئێستا نەک ئورووپا، بەڵکوو ئەمریکا و ئیسرائیل فاکتەری گۆڕانکارین، چ پێمان خۆش بێت چ پێمان خۆش نەبێت. لە تەنیشت ئەوان وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کە لەژێر زەبروزەنگی ئێراندان و زیانێکی یەکجار زۆریان پێگەیشتووە؛ ئەوانیش دەروازەیەکی زۆر باشن بۆ ئێمە کە بمانەوێت جۆرێکی دیکە دیپلۆماسی پەیڕەو بکەین. بەڵام بۆ ئەوە نەک تاکە حیزب یان تاکە بەرپرسی حیزبی لێرە و لەوێ دەربکەوین، بەڵکوو پێویستە وەک هاوپەیمانیی سیاسیی کوردی دیپلۆماسییەکی ڕوو بە پێشەوەمان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!

ئیبراهیم لاجانی

چوار ساڵ بەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تێدەپەڕێت، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران هێشتا نەیتوانیوە بەری ئەم بزووتنەوەیە هەڵبگرێتەوە و داوا و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لە جێی خۆیانن؛ واتە ئازادی، یەکسانی، کەرامەتی مرۆیی و مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان و لابردنی هەڵاواردنی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ناوچەیی.

بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی، لە چوارەمینساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، دەبێت لە چوارچێوەی ئەم ڕاستییەدا هەڵسەنگێندرێت؛ ڕاستییەک کە تێیدا قەیرانی شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیم، لەگەڵ هەژاری، هەڵاوسان، بێکاری، سەرکوت و نائەمنیی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان تێکەڵ بووە.

کوشتنی ژینا تەنیا ڕووداوێک یان هەڵەی تاکەکەسیی کاربەدەستێک نەبوو، بەڵکوو دەرخەری تایبەتمەندییەکانی نیزامێکی سیاسی بوو کە کۆنترۆڵکردنی جەستە، هەڵبژاردن و شێوازی ژیانی ژنان، بە بەشێک لە میکانیزمی دەسەڵاتداریی خۆی دەزانێت. بەردەوامیی کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیەش پێمان دەڵێ ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە زەبری سەرکوت خۆی لە دەسەڵاتدا هێشتووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە خواستی ئازادی لە کۆمەڵگە بسڕێتەوە.

بانگەوازی مانگرتن لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، لەسەر ئەو ڕاستییە بنیات نراوە کە قەیرانی ئێستا تەنیا هەر سیاسی نییە. ئابووریی ئێران لەژێر باری بەڕێوەبردنی ناکارادا، گەندەڵیی سیستەماتیک، گەمارۆکان، تێچووی سیاسەتی دەرەوە و نەمانی متمانەی گشتی، بەردەوام هەتا هاتووە لاوازتر بووە. دابەزینی توانای کڕین، بڵاوبوونەوەی هەژاری، ناسەقامگیریی پیشەیی، قەیرانی نیشتەجێبوون و قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، ژیانی ملیۆنان کەسی لەگەڵ سەختی و دژواری بەرەوڕوو کردووە. گوشاری ئەم دۆخەش، زیاتر لە هەمووان، لەسەر شانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، مووچەخۆران، ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە و چین و توێژە زەحمەتکێش و پەراوێزخراوەکان لە نەتەوە بندەستەکاندا قورسایی دەکات.

هاوکات ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، قەیرانەکانیان قووڵتر کردووەتەوە؛ کە دیارە بەرپرسیارەتیی هەموو ئەوانەش هەر لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە. هەژاری و گرانی و بێکاری و نەبوونی ئەمنییەت و تەرخانکردنی سەرچاوە گشتییەکان بۆ دامەزراوە نیزامییەکان لە نێوخۆی ئێران، و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری ناوچە و نائەمنکردنی ئەمنییەتی ناوچە، سیاسەت و هەڵبژاردەی خودی ڕێژیمن. کۆمەڵگەی ئێران نابێت ناچار بکرێت لە نێوان ستەمی نێوخۆ و شەڕی دەرەکیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بۆیە لە دۆخێکی ئاوادا، مانگرتن یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی خەباتی مەدەنی و ئاشتییانەیە.

مانگرتن، بە پێچەوانەی توندوتیژی، لەسەر ڕاگرتنی هاوکاریی ڕۆژانە لەگەڵ سیستەمێک بنیات دەنرێت کە بەبێ کار، خوێندن، بازرگانی و بەشداریی ئاسایی هاووڵاتییان ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەم شێوازە دەرفەت بە کۆمەڵگە دەدات ناڕەزایەتیی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێت، بەبێ ئەوەی بە ناچاری بچێتە نێو پێکدادان و توندوتیژییەوە. هێزی مانگرتن لە

سەپاندن و زۆرەملێدا نییە؛ بەڵکوو لە هاودەنگیی ئاگادارانە، ئازادانە و بەربڵاوی خەڵکدایە.

بانگەوازی مانگرتنی گشتی بۆیە گرنگە، چونکە داخوازیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی بەیەکەوە گرێ داوەتەوە: خواستی بازاڕییان بۆ سەقامگیریی ئابووری، ناڕەزایەتیی مامۆستایان بەرانبەر بە هەڵاواردن و قەیرانی پەروەردە، داواکاریی کرێکاران بۆ مووچەی دادپەروەرانە، خەباتی ژنان دژی هەڵاواردن، نیگەرانیی خوێندکاران سەبارەت بە ئازادیی زانکۆ و داخوازیی لاوان بۆ داهاتوویەکی شایان، هەروەها داوای گەلانی بندەست بۆ مافە ڕەواکانیان، لێک جیا نین. ڕەگی هاوبەشی بەشێکی زۆر لەم کێشانە دەبێت لە نەبوونی دەسەڵاتێکی وەڵامدەر، هەڵاواردنی سیستەماتیک و بێبەشکردنی خەڵک لە بەشداریی کاریگەر لە بڕیارداندا ببینرێت.

لە ڕوانگەی یاساییشەوە، کۆبوونەوە، خۆڕێکخستن و دەربڕینی ئاشتییانەی ناڕەزایەتی، لە بنەمـا سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازادن. ماددەکانی ١٩، ٢١ و ٢٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە ئێرانیش تێیدا ئەندامە، پشتیوانی لە ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوەی ئاشتییانە و ئازادیی ڕێکخراوبوون دەکەن.

بانگەوازەکە هەروەها ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی کوردستان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا دەخاتە بەرچاو. کوردستان لە بزووتنەوەی ژینادا ڕۆڵێکی پێشەنگ و چارەنووسسازی هەبوو، بەڵام پەیامی ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراودا نەمایەوە. بەهای سیاسیی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پەیوەستکردنی ڕزگاریی ژن، ئازادیی تاک و ژیانێکی شایستەی مرۆڤدایە. هاوپشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران، کاتێک پایەدار دەبێت کە لەسەر بە فەرمی ناسینی مافەکانی یەکتر، قبووڵکردنی فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بنیات بنرێت.

پەیامی سەرەکیی ئەم بانگەوازە ئەوەیە کە سەرکوت، لەسێدارەدان و بەئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگە نەیانتوانیوە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک لە نێو بەرن یا لە بیریان بەرنەوە؛ بۆیە کوردستان جارێکی دیکە دەبێتەوە پێشەنگ و سەرقافڵەی ناگوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی

عەلی بداغی

٤٧ ساڵ بە سەر شۆڕشی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێپەڕی. هەڵبەت بزووتنەوەی مافخوازی لە کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی پتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتەش دەستی پێکردبوو؛ بۆیە کوردەکان بەو پاشخانە لە ئەزموون و خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بوون و خەڵک

سەرچاوە
Serchawe

و حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد. بەڵام لە ڕاستیدا کوردەکان بە مافەکانیان نەگەیشتن و تێچوویەکی زۆر قورسیشیان بۆ خەبات و خۆڕاگریی دواتریان دا.

کوردستان کە پێشتر ڕووبارێک خوێنی لە خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا لەبەر ڕۆیشتبوو، بە هیوای ڕزگاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و چێکردنی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری تەڤلی شۆڕشی ١٣٥٧ ببوون؛ بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە بابەتێکی سیاسی ڕا کرایە پرسێکی ئەمنییەتی و لەبری وتووێژ فیتوای جیهادی لەدژ درا و شەڕ و لەشکەرکێشی بە سەر کوردستاندا سەپێندرا. ڕاستە کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بۆ ئەوەش تێچووی قورسی دا. لە پێناو ئەو خۆڕاگری و مافویستییەدا شار و گوندەکانی کوردستان قەڵاچۆ کران، حیزبە سیاسییەکانیان هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا و ڕێ لە کار و چالاکیی ئاشکرایان گیرا، هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانیان لێ ئەستێندرا، ڕێبەرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆر، ژینگەی کوردستان تێکوپێک درا و سووتێندرا، کوردستان سیستماتیک خرایە پەراوێزەوە و لە هەموو بەرەوپێشچوونێک بێبەش کرا، بە حاشاکران لە زمان و شوناس و کولتوورەکەی هەوڵ بۆ تواندنەوەی و نەهێشتنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی درا، کوردستان میلیتاریزە کرا و بوو بە تاقیگەی هەڵکشانی پلەوپایەی فەرماندەرانی جینایەتکاری سپای پاسداران.

کوردەکان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا بەتوندی سەرکوت کران، چونکی حکوومەتی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کراوەیی، فرەیی و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستانی بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بوونی خۆی زانیوە. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ڕێکخستنی حیزبی، کێبڕکێی سیاسی، سێکۆلاریزم و جێکەوتنی کولتووری فرەیی ئەگەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و زیندووی کوردستان بوو، بەڵام ڕێژیم ئەمانەی بە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی و مۆدێلی "ویلایەت و ئوممەت" سەیری دەکرد و کردووە. کۆماری ئیسلامی لەوە تۆقیبوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد پەل باوێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و داخوازە دێموکراتیکەکانی کوردەکان لەنێو نەتەوەکانی بەلووچ، عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتیشدا پەرەی پێ بدرێ و ئالەنگاریی گەورە لە بەردەم نیزامی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی ڕێژیمدا دروست بکات. بۆیە کوردستان بە توندی سەرکوت کرا و لە خۆڵ و خوێن وەردرا. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو هێرش و پەلامارە تەنیا سەرکوتی نەتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراتیک نەبوو؛ بەڵکوو لەنێوبردنی گەراکانی بیری دێموکراسی، یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مافویستی لە سەرانسەری ئێران بوو.

کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی بۆ سەر تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام

بۆ تاقە یەک ڕۆژیش کۆڵی نەداوە. بزووتنەوەی چەکداری و پێشمەرگانەی کوردستان ڕەنگە بەهۆی نەبوونی باڵانسی هێز لە نێوان توانای مرۆیی و چەکوچۆڵی حیزبەکان لە چاو دەسەڵاتی ناوەندی لەکزیی دابێ، بەڵام بزووتنەوە سیاسی و مافخوازییەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەشەی کردووە. کوردستان قەت شەرعییەتی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا، قەت دەستی لە ماف و داخوازییەکانی هەڵنەگرت، حیزبەکانی زەبری گەورەیان وێ کەوت بەڵام قەت مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد و قەت دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نەدرا مۆدێلی تیرۆرانین و بیرکردنەوەی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. کوردستان وەک زیندووترین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بەهێز و بەگوڕ مایەوە. خەباتی کوردەکان لە شەڕ و خۆڕاگریی پێشمەرگانەوە بۆ بەرگریی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندی شوناسخوازیدا پەرەی پێ درا و پاشخانێکی زێڕینی لێ بەرهەم هات کە نموونەکەیمان لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)، ڕاپەڕین و مانگرتنە سەرکەوتووەکەی بەفرانباری ئەمساڵدا بینی.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و وەڵاموەرگرتنەوە لە کوردستان هەرسهێنانی پرۆژەی برەودانی ئایدۆلۆژییەکەی لەنێو کورداندا بوو. کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا شوناسی دینیی شیعیزمی حکوومەتی لەبری شوناسی نەتەوەیی-کولتووریی کورددا جێ بخا و بەتایبەت جۆراوجۆریی ئایینیی لە کوردستان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی بۆ ئەو دابڕان و جێخستنە بەکار هێنا؛ بەڵام لە کوردستان خەڵک خاوەندارەتی لە زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی کرد و مانگرتنە سەرانسەرییەکەی کوردستان لە بەفرانبار بە مەبەستی پتەوکردنی پتری هاوپێوەندیی ناوچەکانی سەروو و ناوەند لەگەڵ خوارووی کوردستان لە ئیلام و کرماشان نموونەیەکی زیندوو و سەرکەوتوویە لەو شوناسخوازییە نەتەوەییە.
کۆماری ئیسلامی کە ٤٧ ساڵی لەوە پێش یەکەم شەپۆلەکانی سەرکوت و تیرۆرەکانی لە کوردستان دەست پێکردبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو دابڕان بخاتە نێوان حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان. لە لایەک بە سەپاندنی شەڕێکی نابەرامبەر، تیرۆر، بۆمبدانانەوە و مووشەکهاوێژی هەوڵی دا حیزبەکان سەرکوت بکا و لە بەینیان بەرێ؛ لە لایەکی دیکە بە ڕیوایەتسازیی درۆ لە ڕێگەی دەزگای پڕوپاگەندەی بەربڵاوی خۆیەوە ڕوومایەکی دی لەو حیزبانە پێشانی نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان بدا. بەڵام لەوەشدا هەر سەری لە بەرد کەوت. وێژمانی نەتەوەیی کورد هەر هات و بەهێزتر بوو، لاوانی کورد بە بەردەوامی خۆیان لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانیاندا دیتەوە، لە نێوخۆی وڵات ئەکتە سیاسییەکان لەسەر داوا و بە دەستپێشخەریی حیزبە سیاسییەکان هەر هاتن و زیادیان کرد، مانگرتن و خۆپێشاندان و بانگەوازێک نەبووە حیزبەکان داوایان کردبێ و سەرەڕای تێچووی قورس و زۆری بەڵام لە کوردستان بە سەرکەوتوویی وەڵامی وەرنەگرتبێتەوە. نەورۆزی خاکیپۆشانی بەهاری ئەمساڵ و مانگرتنەکەی ئەمدواییانەی مانگی بەفرانبار نیزیکترین فاکتی ئەو پێوەندییە زیندوو و ئۆرگانیکە لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستان.

کوردستان ئێستاش لە دۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دژی ئەم رێژیمە لە ئاستی ئێراندا قوورسایی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێ یارمەتیدەری سەرکەوتنی راپەرینەکان بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێداگریی لەسەر خەباتی خۆی بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ لە تەنیشت سووربوونی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی دەتوانێ درز بە ڕیوایەتسازییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە جووڵانەوەی کورد بدات. لە لایەکی دیکەش کوردستان بەهۆی خەبات و خۆڕاگرییە لەمێژینەکەی و هەروەها ئەزموونی رێکخستنی سیاسی و رەواندنەوەی ترس و ورەبەخشینەوە دەتوانێ ئیلهامدەری نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەش بێت. بزووتنەوەی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموونەکانی لە بواری سیاسی و رێکخستنەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ رۆڵی ئاراستەکەر و بەردەوامیەتی بە نارەزایەتییە پرشوبڵاوەکان لە ئاستی ئێراندا بدات. بزووتنەوەی کورد هەروەها بەهۆی کارامەیی حیزبە سیاسییەکانی خاوەن پێگەیەکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵاتە و بەمەش دەنگی نارەزایەتییەکان باشتر دەگاتە کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و سەرنجی میدیا نێودەوڵەتییەکان پتر بۆ سەر پرسی نارەزایەتییە سەرانسەرییەکان رادەکێشێ.

هەوڵی ئەو ماوەیەی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانش چ لەڕووی نیزیککردنەوەی گوتاری سیاسی، چ لە ڕووی کاری مەیدانی و پێکەوەیی لایەنەکانی نێو ناوەندەکە ئەو هیوایەی دروست کردووە کە بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی رۆڵی بنەرەتییش لە یەکگریی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێراندا بگێڕێ و بە کۆڵەکەیەکی گرینگی سەرکەوتنی راپەرین و نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو رێژیمە دیکتاتۆرییە دابندرێ. ڕووداوەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێن کوردستان هەموو کاتێک دژ بە کۆماری ئیسلامی قەڵا و قەڵغانی ئازادی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی رەشەمە ٢٧٢٥

پژاک: هاوپەیمانییەکەمان لەسەر باوەڕی و متمانە درووست بووە و ناچاری نییە

دیمانە: ڕۆژ نیوز

ئاراس ئیبراهیم

ڕۆژ نیوز: بارودۆخ و گوزەرانی هاوڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا لە چ ئاستێکدایە؟

پەیمان ڤیان: بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت دوای ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە لە ئیلام و کرماشان پێکهات، گەلی ئێمە هەم لە پرسەدایە، هەم داخدارە، لە دوای ئەو کۆمەڵکوژییانە ڕقێکی گەورەی لە دڵی گەلی ڕۆژهەڵاتدا درووستکردووە، لەلایەنی بێکاری، نادادی و لایەنەکانی تری ژیانەوە بارودۆخێکی خراپ ڕووی لە ڕۆژهەلات کردووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش سەرهەڵدانەکان و دوای سەرهەڵدانەکانیش لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سەربازگە کراوە، ئامانجییەتی وەک زیندانێکی لێبکات، بەڵام هەرچەندە فشار لەسەر گەل هەبێت و سیاسەتی کپکردن پەیڕەو بکرێت کاریگەری نابێت و گەلی ڕۆژهەڵات ئەو جۆرە سیاسەتە قبووڵ ناکات.

ڕۆژ نیوز: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەندە ئامادەسازیی کراوە بۆ هەر ئەگەرێکی گۆڕانکاریی کە ڕوودات؟

پەیمان ڤیان: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەیە بۆ هەر ئەگەرێک کە ڕووبدات، گەیشتووەتە ئاستێک کە ئیدی بەڕێوەبردن و چارەنووسی خۆی دیاری بکات، گەلی ڕۆژهەلات ئامادەنییە جارێکیتر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری تر لە هەر ئەگەرێکدا، کە بێیتە سەر دەسەڵات قبووڵ بکات و ناتوانن خۆیان بسەپێنن.

ساڵانێکە گەل خۆی بە باشی بە ڕێکخستن دەکات ئیتر دەتوانێت خۆی بپارێزێت، ئەزموونێکی وەرگرتووە بە تایبەت دوای شۆڕشی ١٩٥٧، ئێستا ڕۆژهەلات گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی ئەگەر بە باشی خۆی بە ڕێکخستن نەکات و ڕێوشوێنی گونجاو نەگرێتبەر جارێکی تر دەبێتەوە بە قوربانی ئەو سیاسەتەی کە لە دەرەوە دەسەپێنرێت.

ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن وزەیەکی بەهێزی ژنان و گەنجانە، بۆیە لە هەر ئەگەرێکدا ئیرادە و ناسنامەی خۆی ناداتە دەست هیچ کەسێکی تر، بۆیە ناسنامەی خۆی دەپارێزێت و هەرخۆشی دەتوانێت بەڕێوەبەرییەک بۆ خۆی دیاری بکات.

ڕۆژ نیوز: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یاداشتێک لە لایەن پێنج حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واژۆ کرا، زەمینەی ئەم ڕێکەوتنە چۆن ڕەخسێنرا و گرنگییەکەی چییە؟

پەیمان ڤیان: زەمینەی ئەم ڕێکەوتنە ساڵانێکە ڕەنجی بۆ دەدرێت، هەم ئێمە وەک پژاک هەم ئەو حزبانەی تر ساڵانێکە لە هەوڵی ئەوەدان ڕێکەوتنێک دروستبکەن بە تایبەت دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی هەوڵەکانمان زۆر زیاتر کرد، کە ئیدی پێویستمان بە یەکگرتنێکی ستراتیژی هەیە، پشتی ئەو شۆڕشە یەکگرتویی گەلی ڕۆژهەڵات زۆر بەهێزبوو، بووە سەرچاوەیەکیش بۆ تەواوی ئێران، وە داواکاری گەلی ئێمەش ئەوەبوو کە حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات یەکگرتوو یەک دەنگبن، لەسەر ئەو بنەمایەش لەسەر داواکاری گەلی خۆمان بە جددی کارمان کرد.

وتیشی: نزیکەی حەوت مانگ بوو لە نێوان حەوت حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوپێکەوتن و لێکنزیکبوونەوە و گفتوگۆمان دروستکرد، لەو ماوەیەدا زۆر پرسی هاوبەش دەرکەوت، ئەمەش مۆراڵێکی زۆری دا بە گەلی ئێمە، بۆیە داواکاری گەلی ئێمە ئەوەبوو کە ئیتر گفتوگۆ تێرکەر نییە دەبێت هاوپەیمانی دروستبێت، لە دوای ئەو ماوەیە لە گفتوگۆ و هەوڵی جددی گەشتینە ئەوەی کە ڕێکەوتنێکی ستراتیژی هاوبەش واژۆ بکەین.

ئاماژەی بەوەشدا، بنەمای ڕێکەوتنەکەش ئەوەیە کە ئێمە چۆن بتوانین لە لایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە کاربکەین، لە هەر ئەگەرێکی ڕووخان یان گۆڕینی ڕژێمی ئێران ئێمە چۆن بتوانین تێکۆشان بکەین و هەنگا و بە هەنگاو بەڕێوەی بەرین،

ئەمەش ڕێکخستنی ماڵی کوردبوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، متمانەی گەلی ئێمەی بە تێکۆشانی حزبەکانی ڕۆژهەلات بەهێزتر کرد.

ڕۆژنیوز: هیچ هێزێکی ناوخۆی کوردستان یان دەرەوەی کوردستان هاندەربووە بۆ ئەو ڕێککەوتنە؟

پەیمان ڤیان: بێگومان هێزە ناوخۆییەکان لە باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا کاریگەرییان هەبوو بە تایبەت ساڵی ٢٠٢٦ بۆ گەلی کورد قۆناغێکی نوێ بوو، هەم قۆناغێک لە دەرەوە ،کە چۆن بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی خۆی گەلی کورد دەکاتە قوربانی هێرشک کە لەسەر ئیرادەی گەلی کورد بەڕێوە دەچوو، ئەمەش ئەوەی دووپاتکردەوە کە گەلی کورد تەنها بە یەکگرتن دەتوانێت خۆی بپارێزێت، ئەو یەکگرتنەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستانیش کرد، ئەم یەکگرتنەش داواکاری تەواوی گەلی کوردە، چونکە هەر هێرشێک لەسەر پارچەکانیتر دەبێت.

ئەم یەکگرتنەش هیچ فشارێکی دەرەکی لە پشت نەبووە و داخوازی گەلی ئێمە بووە لە هەر چوار بەشی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان، داخوازی کەسانی سیاسیی و دڵسۆزی ناسراوبوو، کە ڕۆژهەلاتی کوردستان ماڵی خۆی ڕێکبخات، بۆیە تەواوی حزبەکان بە خاوەن ئیرادەی خۆیان بەشداری ئەو یەکگرتنەبوون چونکە وەک پێویستییەکی گرنگی ئەم قۆناغەی ئێستامان سەیری دەکەین.

بۆچی لایەنەکانی تر بەشدار نەبوون؟ بانگهێشت نەکران یان بیانویەکیان هەبوو بۆ بەشدارنەبوون؟ چونکە دەوترێت ئەم ڕێکەوتنە بە فشاری دەرەکی بووە.

پەیمان ڤیان: لە ناو گفتوگۆکاندا هەر حەوت حزب هەبوون، وە هەندێکجار ئەو دوو حزبەشی کە بەشدار نەبوون هەڵوێستی هاوبەشمانمان هەبوو، وە هیچ دژایەتییەکیشیان بۆ هاوپەیمانێتییەکە نییە، تەنها چەند بیانوویەکیان هەیە وەک ئەوەی هێشتا زووە و پاشەڕۆژی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان دیار نییە، ئەوانیش خاوەن هەڵوێست و ئیرادەی خۆیانن، وە گفتوگۆکانیشمان لەگەڵیاندا بەردەوامە، دەکرێت لە پاشەڕۆژیشدا کاری هاوبەش بکەین، بەڵام لە ئێستادا بۆخۆیان بە گونجاو نابینان یان ئامادەسازییان نییە، بۆیە نەهاتنە ناو ئەو هاوپەیماننتییە سیاسییە.

ڕۆژ نیوز: ئەوەی کە بینرا تەنها هاوسەرۆکی پژاک وەک ژن بەشداربوون، پێشنیاری ئەوەتان کردووە کە ژنانی حزبەکانی تریش لە ئاستی بریاردا بەشداری ئەو ڕێکەوتنە چارەنوسزانەبن؟

پەیمان ڤیان: لە پێشتردا زۆر جار ڕەخنەی ئێمە هەبووە بۆ حزبەکانیتر کە دەبێت لە ناو بڕیاری سیاسی و چارەنوسسازدا ژن هەبێت، شۆڕشی ڕۆژهەڵات و ئێران بێ پێشەنگایەتی ژن مومکین نییە، شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە پێشەنگایەتی ژن و بە زانستی ژنان پێشکەوت، شۆڕشی ڕۆژهەڵات و ئێران پشتی خۆی دەسپێرێت بە زانستی ژن، پیشەنگایەتی و هەبوونی ژن، بەداخەوە لە حیزبەکانی تر ڕۆڵی ژن کەمە کە ئەمەش ڕەخنەی ئێمە و گەلیشە.

ئێمە وەک پژاک کە پارادایمی ئازادی ژن بە بنەما دەگرێت، لەو باوەڕەداین کە ئەگەر ئازادی و هەبونی ژن نەبێت سیستەم ناتوانێت دیموکراتیک و ئازاد ببێت و جارێکی تر سیستەم دەبێتە پیاوسالار و یەکڕەنگ، لەناو ئەو هاوپەیمانێتییەشدا لەسەر بنەمای ئەوەی کە ناسنامە و ڕەنگی ژن دیاری بکات بەشداریمان کردووە، چونکە ئیدی لە ناو گەلدا باوەڕیان بە پێشەنگایەتی ژن هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش گفتوگۆی ئێمە لەسەر ڕۆڵی ژن لە ئایندەی ڕۆژهەڵات و ئێراندا دەبێت چۆنبێت لە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەدا بەهیزتر ببێت، نەک ژن تەنها ڕۆڵی هەبێت، بەڵکو دەبێت خاوەن بڕیاربێت.

ڕۆژنیوز: ئەو پێنج حزبەی کە یادەشتەکەتان واژۆ کردووە دەتانەوێت سیستمی بەڕێوەبردنی ئێران چۆنبێت؟ ئایا لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمێک ڕێکەوتوون؟

پەیمان ڤیان: هەندێک شت هەیە کە لە پاشەڕۆژدا دەردەکەوێت، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە سیستەمی ئێران پێویستە دیموکراتیکبێت، ئێران فرە نەتەوە و فرە کولتووره بۆ ناسنامەی خۆیان تێکۆشان دەکەن، بۆیە ئەگەر لە ئێراندا سیستەمێکی دیموکراتیک نەبێت، جارێکی تر دیکتاتۆرێکی تر دێتە سەر دەسەلات، بۆیە جارێکی تر بەهیچ شێوازێک دیکتاتۆرێکی تر لەسەر خۆیان قبوڵ ناکەن.

گفتوگۆمان لەسەر ئەوەکردووە،کە لەناو ئایندەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا گەلی کورد دەبێت چۆن جێی خۆی بگرێت، لەسەر ئەوە بە باوەڕین و تێکۆشان دەکەین، گەلی کورد دەبێت خاوەن چاند و زمانی خۆی بێت بە ئیرادە و باوەڕی خۆی، لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک و بەڕێوەبردنێکی هاوبەش، ئیدی ئێران پێویستی بەدەسەڵاتێکی ناوەندی نابێت.

ڕۆژ نیوز: ئایا لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن ڕێکەوتوون؟ ئایا هیچ نەخشە ڕێیەکتان داناوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

پەیمان ڤیان: نەخشەسازی ئێمە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە خۆی خۆی بەڕێوە ببات، وە ئەو هاوپەیمانێتییەی کە پێکمان هێناوە و ئیمزامان کردووە مۆراڵ دەدات بە گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئیدی یەکدەگرن، ئیدی کەس ڕێگە بەوە نادات، کە هێزی ئێمە لە ڕۆژهەڵات پەرتەوازەبێت.

وە پرۆژەی ئێمە یەک ستاتۆی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێمە لەناو ئێرانێکی دیموکراتیکدا قبوڵ بکرێت، گەلی ئێمە بە ئابووری، چاند و زمانی خۆی خۆی بەڕێوەببات، وە گەلی ئێمە چۆن بتوانێت خۆی بپارێزێت، چونکە ئێمە وا ڕیکەوتووین کە دەبێت لە ئەگەری هەر هێرشێکدا گەلی ئێمە بە هاوبەشی بتوانێت خۆی بپارێزێت، نوێنەری گەلی کورد لە بواری سیاسیدا یەکبێت.

ڕۆژنیوز: زۆر جار ترسێک هەیە لای گەلی ڕۆژهەڵات کە هەمان سیناریۆی باشوور دووبارەبێتەوە و تووشی شەڕی ناوخۆبن، هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەمە؟ ئایا ئەم هاوپەیمانێتییە گرەنتییە بۆ ڕوونەدانی بابەتێکی وەها؟

پەیمان ڤیان: دەتوانم بڵێم ئەو یەکگرتنە لەسەر باوەڕی و قەناعەت درووستبووە و یەکگرتنێکی مەجبوری نییە، ئەوەی کە جێی خۆشحاڵییە بەرپرسیارێتییەکی خستووەتە سەر شانی هەر حزبێک، ئەو بەرپرسیارێتییەشی خستۆتە سەر گەلەکەشمان، هەر کەسێک بە پێی ئەو بەرپرسیارێتییە بگەڕێت باوەڕناکەم بگاتە ئاڵۆزی و پێکدادان، ڕاستە گومانی خەڵک و کەسایەتی هەیە کە وەک باشوور بە ڕێککەوتن و ناوچەگەری درووست نەبێت، ڕاستە هەروا بە ئاسانی پێکنایەت، بەڵام ئەو بنەمایەی کە لەو ماوەیەدا دامان مەزراندووە لەسەر ئەو ئەساسەیە.

ڕۆژ نیوز: ئەم ڕێکەوتنە تا چەندە هاندەرە بۆ درووستبوونی یەکێتی نەتەوەیی هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە هەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان؟

پەیمان ڤیان: دەتوانم بڵێم ئەم سەردەمە سەردەمی یەکێتی گەلی کوردە، ئەم یەکگرتنە هەڵوێستێکی ڕوونە بۆ دووژمن و داگیرکەر لەسەر گەلی کورد، هەمیشە ئەو قسەیە وتراوە کە گەلی کورد نابنە یەک، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرجار داگیرکەران لەو یەکنەگرتنە ویستویانە سوود وەرگرن، هێزی بەشێک لە بەرامبەر بەشێکی تری کوردستان بەکاربێنن، بەڵام ئیدی گەلی کورد گەشتە ئەو باوەڕەی کە ئیدی پێویستی بە یەکڕیزیی و یەگرتوویی هەیە، گەیشتووەتە ئاستێک کە دەزانێت ئیدی پێویستی بە چی هەیە بۆیە ئەو یەکگرتنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری دەبێت لەسەر بەشەکانی تریش.

وتیشی: لە ئێستادا گرنگە گەلی کورد لە هەر بەشێک یەکگرتوویی درووست بکات، یەکگرتنی ماڵی خۆی پێکبێنێت، دەتوانم بڵێم یەگرتنی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێتە زەمینەیەک بۆ یەکێتیی نەتەوەیی لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، دەتوانین پێکەوە ئەم سەردەمە بکەینە سەردەمی کورد.

سەرچاوە ماڵپەری ڕۆژ نیوز - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ستراتیژی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچە

دکتۆر ڕامین مەفاخری

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە خێرا و قووڵە ستراتیژییەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی پاش هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بارودۆخێکی نوێی جیۆپۆلیتیکی و ستراتیژی دروست بووە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر هاوسەنگیی هێز و ئاراستەی پەرەسەندنی داهاتووی سیاسیی ناوچەکە هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران لەژێر گوشاری هاوبەشی سەربازی، سیاسی و ئابووریی دەرەوەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە شێوەیەکی بەرچاو لاوازتر دەبێت، هەروەها لە چوارچێوەی پلانی ئەم دوو ئەکتەرە سەرەکییە نێودەوڵەتییەدا هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرز بووەتەوە. ئەم پەرەسەندنە جۆرێک لە بارودۆخی نوێی ستراتیژی دروست دەکات کە لە ناویدا ئەگەری بەشداریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەم هێزانە لە شەڕەکەدا بەرز دەبێتەوە. بەم شێوەیە، هاوپەیمانیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانێت بە فەرمی ببێتە لایەنێکی نوێ لە کێشەکە کە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە - ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ - دژی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران لایەنگری و پشتگیری لە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات.

لەو چوارچێوەیەدا، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە هاوپەیمانیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیار، ئاڵۆز و گۆڕانکارەدا بکات؟ لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، ئەم قۆناغە هاوکات هەم دەرفەت و هەم مەترسی دروست دەکات. لە لایەکەوە، ئەگەری لاوازبوونی دەسەڵاتی تاران و کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵات، دەتوانێت دەرفەت بۆ گەشەی دەسەڵات و دامەزراندنی کیانێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕەخسێنێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەرداره ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە تەنیا تاکتیکی و کورتخایەن بێت و لە کۆتاییدا لە ئەنجامی مامەڵە و تەوافقی سیاسی لەگەڵ تاراندا پشتی هێزە کوردییەکان چۆڵ بکرێت و مێژووی شەڕی نایەکسانی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە کوردییەکان دووبارە بێتەوە. بەتایبەتی لە سیستەمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، هاوپەیمانی و تەوافقی دەوڵەتەکان زۆرجار لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و کاتی دروست دەبێت، و مێژوو زۆرجار سەلماندوویەتی کە هاوپەیمانییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی هەمیشەیی جێ متمانە نین. بەتایبەتی ئەمە دەبێت لەبیر نەکرێت کە ئەمریکای ژێر دەسەڵاتی ترامپ زیاتر بە شێوەیەکی تاکتیکی و کورتخایەن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات. هەرچەندە پلان و ستراتیژییەکانی ئیسرائیل زۆرجار درێژخایەنترن، بەڵام ئەگەر ئەمریکا لە شەڕەکەدا بکشێتەوە، زۆر دوور نییە کە ئیسرائیل نە توانایی و نە ویستی بەردەوامبوونی لە پشتگیرییەکی درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەبێت.

لە ئەگەرێکی وادا، ئەگەر پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی درێژخایەن بەردەوام نەبن، دەوڵەتی ناوەندی لە تاران دەتوانێت بە ئاسانی دەستی واڵا بێت بۆ بەکارهێنانی هەموو شێوەکانی گوشار – لە سیاسی و ئابوورییەوە تا سەربازی – بۆ زەخت خستنە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و لە کۆتاییدا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بارودۆخێکی کارەساتبار دروست بکات. هەروەها، ئەوەش نابێت لەبیر بکرێت کە سەرنەکەوتنی هەر هەوڵێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر باشووری کوردستانیش هەبێت و مەترسییەکی جدی بۆ سەقامگیری و پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات. لەبەر ئەمە، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێویستە ستراتیژییەکی هاوبەش، تۆکمە و درێژخایەن داڕێژن کە لە ئەگەری ڕوودانی هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی نەخوازراو یان چاوەڕواننەکراودا ئامادە بن و نەکەونە ناو تەڵە ستراتیژییەکانەوە.

لەبەر ئەمە، زۆر گرنگە هێزەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی یەکگرتوو و سەربەخۆ پێناسە بکەن و بڕوایان بە هێز و قورسایییان هەبێت، و لەسەر ئەم بنەمایەدا ستراتیژییەکی هاوبەش و تۆکمە داڕێژن.
ئەم ستراتیژییە دەبێت لە چوار کۆڵەکەی سەرەکی – جیاواز بەڵام پێکەوە گرێدراو – پێکبێت.

یەکەم و گرنگترین کۆڵەکە، پێکهێنانی تیمێکی دیپلۆماتکار، لێهاتوو و خاوەن ئەزموونە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم تیمە جگە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و سیناتۆرەکانی واشینگتۆن،

سەرچاوە
Serchawe

دەبێت پەیوەندییەکی چالاک لەگەڵ وڵاتە کاریگەرەکانی ئەم یارییە جیۆپۆلیتیکییە – وەک ئیسرائیل، فەرەنسا، عەرەبستان و وڵاتانی دیکە – پەرەپێ بدات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی و دارایی. بەتایبەتی، پێویستە هاوکارییەکی نزیک لەگەڵ ئیسرائیل ڕێک بخرێت بۆ بەدەستهێنانی گەرەنتیی دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگریی دژەمووشەک و فڕۆکە لە ڕۆژهەڵات. لێرەدا، خاڵێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە ئەوەیە کە هەرچەشنە پەیوەندی و گرێبەستێک لەگەڵ دەوڵەتەکان یان بە ئاشکرا یان بە ناوبژیوانی لایەنێکی متمانەپێکراو ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی ڕادەیەکی بەرپرسیارێتی بۆ جێبەجێکردنی بەڵێن و بڕیارەکان دروست بکرێت. هەروەها، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم دیپلۆماسییە دەبێت هەوڵدان بێت بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ مووچە و ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵات (بۆ لانیکەم ماوەی یەک ساڵ) تا کۆمەڵگە بتوانێت لەو قۆناغە قەیراناوییەدا تێپەڕ ببێت. لە هەمان کاتدا، کوردەکانی دیاسپۆراش دەتوانن لە ڕێگەی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە - وەک دانانی سیمینار، خۆپیشاندان، پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان و تەنانەت یارمەتیی دارایی - پشتگیری بۆ ڕۆژهەڵات دابین بکەن.

ستراتیژیی دووەم پێکهێنانی تیمێکی تۆکمە، پسپۆڕ و لێهاتووە بۆ دروستکردنی گوتارێکی سیاسیی هاوبەش و سیستماتیک کە بتوانێت بنەمای هاوپەیمانییەکی فراوان لەگەڵ باقی نەتەوە مافخوازەکان و هێزە دیمۆکراسیخوازەکان لە ئێران دامەزرێنێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم گوتارە سیاسییە ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ داهاتووی ئێران پێشنیار بکات کە بتوانێت بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ناوچەییە جیاوازەکان لە دڵی سیستەمێکی دیمۆکراتیکدا کۆ بکاتەوە. لە چوارچێوەی ئەم دیسکۆرسە ستراتیژییەدا، دەکرێت دامەزراندنی سیستەمێکی نامەرکەزی و گشتگیر پێشنیار بکرێت کە لەسەر بنەمای سنوورە نەتەوەیی-ئێتنیکییەکان دامەزرابێت و وەک جۆرێک لە دیمۆکراسیی تەوافقی یان ئەنجومەنی کار بکات. ئەم مۆدێلە حکومڕانییە، لە لایەکەوە شەرعییەت و دەسەڵاتی یاسایی بە حکوومەتە ناوچەییەکان دەبەخشێت، و لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی دابەشکردنی هێز و هاوبەشبوون لە دەسەڵاتی ناوەندی، سیستەمێکی فیدراڵی و هاوسەنگ بۆ بەڕێوەبردنی ئێران پێشنیار دەکات. بەم شێوەیە، ئەم گوتارە سیاسییە دەتوانێت ببێتە بنەمای هاوپەیمانییەکی فراوان لە نێوان هێزە جۆراوجۆرە مافخواز و دیمۆکراسیخوازەکانی ئێراندا و هاوکات چوارچێوەیەکی واقیعبینانە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و دابەشکردنی دەسەڵات لە ئاستی ناوەندی و ناوچەیی دابین بکات. بەم شێوەیە، ڕۆژهەڵات دەتوانێت لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیی گوتاری – بەتایبەتی لە نێوان نەتەوە غەیرە فارسەکاندا وەکوو تورک، عەرەب و بەلووچ – گوشار و زەخت بخاتە سەر تاران و بەشێکی بەرچاو لە لایەنە نادیمۆکراتیکە ئێرانییەکان. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی چەند بەرەکی لە نێوان هێزە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی ئێران، لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران و لە کۆتاییدا کەمکردنەوەی گوشار لەسەر ڕۆژهەڵات. هەروەها لە ئاستی تاکەکەسیشدا، هەر تاکێکی دڵسۆزی کورد لە سۆشیاڵ میدیا دەتوانێت بە شێوەیەکی عەقڵانی و سیاسی - بە دوور لە هەست و سۆز - دەوری گرنگ

ببینێت لە پەرەپێدانی ئەم گوتارە بۆ غەیرەکوردەکان و بە گشتی لە پانتایی ئێراندا.

ستراتیژیی سێیەم – کە زۆر هەستیار و گرنگە – یەکخستنەوەی هێزی سەربازیی حیزبەکانە پێش گەڕانەوە بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە دەتوانێت شەرعییەت و قورساییەکی نوێ ببەخشێت بە هێزە هاوپەیمانەکانی ڕۆژهەڵات، هەم لە چاوی خەڵک و هەم لە ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا. هەروەها، ئەم یەکخستنەوەیە دەتوانێت پێگەی حکوومەتی ڕۆژهەڵات بەهێز بکات و زەمینەیەکی باشتر بۆ دیپلۆماسی و لابی کردن لەگەڵ دەوڵەتەکان پێک بێنێت.

کۆڵەکەی چوارەمیش پێکهێنانی میکانیزم و سیستەمێکی حکومڕانیی هاوبەشە بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵات لە ڕووی سیاسی، ئەمنی و ئابوورییەوە. لە پێناوی ئەم ئامانجەدا، پێویستە هەر لە ئێستاوە چارتی سازمانیی وەزارەتەکان و دامەزراوە حکوومییەکان، وەک ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان، دیاری بکرێت. بەتایبەتی، بۆ پڕکردنەوەی پۆستە سەرەکییەکان دەبێت کەڵک لە پسپۆڕانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات وەربگیردرێت. هەروەها، پێویستە پێش گەڕانەوە بە شێوەیەکی جدی بیر لە دانانی میکانیزمێکی عەقڵانی و کارا بکرێتەوە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان – وەک مووچە، کارەبا و خزمەتگوزارییە گشتییەکان – بۆ ئەوەی بنەمایەکی تۆکمە بۆ سەقامگیری و حکومڕانیی داهاتووی ڕۆژهەڵات داببین بکرێت.

کۆبەند

لە کۆتاییدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بارودۆخی نوێی ستراتیژی لە ناوچەکەدا – کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سەربازی و سیاسییە خێرا و قووڵەکانی دوای هێرشەکان بۆ سەر ئێران دروست بووە – بۆ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات هەم دەرفەتێکی گرنگ و هەم مەترسییەکی جدی دروست کردووە. لە لایەکەوە، ئەم بارودۆخە دەتوانێت بوار بۆ گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز، پەرەپێدانی پێگەی سیاسی و دامەزراندنی شێوەیەکی نوێی دەسەڵات و حکومڕانی لە ڕۆژهەڵاتدا بگاتە ئاراستەیەکی نوێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەم قۆناغە بە ستراتیژییەکی ورد و درێژخایەن نەهێنرێتە پێشەوە، دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی گوشارە سەربازی و سیاسییەکان، تێکچوونی سەقامگیریی ناوخۆیی و دروستبوونی بارودۆخێکی نائاسایی کە مەترسییەکی گەورە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات دروست بکات.

لەبەر ئەمە، سەرەکیترین ئەرکی هێزەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە خۆیان وەک ئەکتەرێکی یەکگرتوو، سەربەخۆ و خاوەن قورسایی سیاسی و سەربازی پێناسە بکەن و لەسەر ئەم بنەمایەدا ستراتیژییەکی هاوبەش و درێژخایەن داڕێژن. ئەم ستراتیژییە دەبێت لەسەر چەند کۆڵەکەی سەرەکی دامەزرابێت: یەکەم، پەرەپێدانی دیپلۆماسییەکی چالاک، فرەڕەهەند و بەهێز بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؛ دووەم، دروستکردنی گوتار و هاوپەیمانییەکی سیاسی

لەگەڵ هێزە مافخواز و دیمۆکراسیخوازەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ دامەزراندنی چوارچێوەیەکی نوێی هاوبەش بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران و بەرگری کردن لە سەرهەڵدانی دووبارەی تارانێکی بەهێز و دیکتاتۆر؛ سێیەم، یەکخستنەوەی هێزی سەربازیی حیزبەکان لەژێر فەرماندەییەکی یەکگرتوو بۆ بەهێزکردنی شەرعییەت و توانای بەرگری؛ و چوارەم، دامەزراندنی سیستەمێکی حکومڕانیی هاوبەش و کارا بۆ ئیدارەی سیاسی، ئەمنی و ئابووریی ناوچەکە، کە بتوانێت بنەمایەکی تۆکمە بۆ سەقامگیری و پەرەسەندنی داهاتووی ڕۆژهەڵات دابین بکات.

بە کورتی، داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیدارە بە توانای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە دروستکردنی یەکگرتووییەکی ڕاستەقینە، هەڵسوکەوتی عەقڵانی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێرا و ئاڵۆزەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی، و دامەزراندنی بنەمایەکی تۆکمە بۆ حکومڕانی و دیپلۆماسییەکی کاریگەر. لە جیهانێکدا کە بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی زۆرتر تاکتیکی و کورتخایەن دابین دەکرێت، تەنیا ئەو هێزانە دەتوانن شوێن و قورساییەکی پایەدار بەدەست بهێنن کە خۆیان وەک ئەکتەرێکی یەکگرتوو و خاوەن پلان و ستراتیژی درێژخایەن پێناسە بکەن. لەبەر ئەمە، ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات بتوانن لەم قۆناغەدا لەسەر بنەمای هاوبەشی نەتەوەیی، عەقڵانییەتی سیاسی و پلانێکی ستراتیژیی هاوبەش هەنگاو بنێن، ئەوا دەتوانن ئەم گۆڕانکارییە ناوچەییانە بگۆڕن بۆ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ دامەزراندنی پێگە و کیانێکی سیاسی - نەتەوەیی تۆکمە، نەک تەنیا بۆ ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ داهاتووی پرسی کورد و کوردستان لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا.

بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە

١٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥ی کوردی

٦ی مارچی ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چی بۆ دۆزی کورد بەرهەم دەهێنێت؟

ناوەندی هەواڵەکان

بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حزب و سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسییان لە ژێر ناوی"هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران "پێکهێنا، ئەوەش دۆزی کورد لە ئێراندا چەندین هەنگاو دەباتە پێشەوە و دەشبێتە هەوێنی یەکێتی نەتەوەیی کورد.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو, پێنج هێزی سیاسیی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بریتی بوون لە (پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)، پارتی ئازادیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) گەیشتن بە یەکگرتنێکی سیاسیی و بەرنامەیەکی هاوبەشی کاری پێکەوەیی لە داهاتووی ئێراندا.

سەرنجڕاکێشە یەکەمجارە لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حزب و سەرکردە سیاسییەکان لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی ڕێک دەکەون، ئەمە وا دەکات لە داهاتوودا حزبەکان لە ڕۆژهەڵات لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا یەک هەڵوێست و یەک دیدگای هاوبەشیان هەبێت.

سەرچاوە
Serchawe

بەرهەمی هاوپەیمانێتییەکە بۆ دۆزی کورد چی دەبێت؟

ئەم هاوپەیمانییە تەنیا هەڵوێست و دیدگای حزبەکان یەکناخات، بەڵکو گەل و شەقام یەکگرتوو دەکات و ڕێگە لە پارچە پارچە بوونی گەل دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە ڕێگری لەبەردەم هەر هەوڵێکی خیانەت و دووبەرەکیی ناوخۆیی لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

یەکێکی تر لە لایەنە گرنگەکانی ئەم هاوپەیمانییەتە ئەوەیە لە هەر پێشهات و قۆناغ و گۆڕانکارییەکدا، کورد خاوەن پرۆژە و دیدگایەکی هاوبەشی خۆیەتی کە دەبێتە پرۆژەیەکی جێگرەوە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەجۆرێک کورد لە کاتی داواکارییەکانیدا سەرگەردان نابێت و بێ پرۆژە نابێت.

ئەم پرۆژە هاوبەشەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەی یەکریزی و یەکگرتوویی لە ڕۆژهەڵات مسۆگەری دەکات، هاوکات دەبێتە هەوێنی یەکێتی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کە هێز و پێگەی کورد بەرامبەر دووژمنان بەهێزتر دەکات، بۆیە ئەم هاوپەیمانییە بە یەکگرتوویی پیلانی داگیرکەران دژ بە کوردان پووچەڵ دەکاتەوە.

لەبەرامبەر ئەو هەل و دەرفەتانەش، هاوپەیمانێتییەکە بێگرفت نییە، گەورەترین ئاڵنگاری لەبەردەم ئەو پرۆژە هاوبەشە، بەشداری نەکردنی دوو حزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتە، کە لە دەرەوەی هاوپەیمانێتییەکە ماونەتەوە، هەر دوای واژووکردنی ئەو هاوپەیمانییە، یەکێک لەسەرۆکی ئەو حزبانە لەگەڵ کوڕی شا دەرکەوت و وێنەی بڵاو کردەوە، کە دارودەستەی شا، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد بە نەیار و دوژمن لە قەڵەم دەدەن و هەمان دیدگای ڕژێمی ئێستایان هەیە، دەربارەی سیاسەتکردن و تێکۆشان و مافە نەتەوەییەکانی کورد.

ئەم هاوپەیمانێتییە و بەشداری نەکردنی ئەم دوو حزبە دوو هێڵی ڕوونی کێشا، یەکێکیان هێڵی نەتەوەییە، کە لەگەڵ خەم و ئازار و داوا ڕەواکانی گەلی کوردایە و دووەمیشیان هێڵی دژبەرە و دەکەوێتە خزمەت داگیرکەران و دەبێتە ئاستەنگ و مەترسی لەسەر پرسی کورد، دووریش نییە لە داهاتوودا ببێتە داردەستی دوژمن دژی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئێستا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆکراوە و یەکگرتووترن، بە یەکدەست ڕووبەڕووی ڕژێم دەبنەوە و بە یەک پرۆژە گفتوگۆ دەکەن، گەلی ڕۆژهەڵاتیش پەیامی خۆشحاڵی و پشتیوانی دەدەن بەم یەکگرتووییە، ئاسۆیان بۆ داهاتوو ڕوونترە.

ئەو ئامانج و ستراتیژانەی ئەو پێنج حزبەی ڕۆژهەڵات لەسەری ڕێککەوتوون بریتین لەمانە:

– یەکڕیزی و هاوخەباتی
– خەبات دژی ڕژێمی ئێران و ڕووخاندنی
– دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان
– چۆنیەتیی دارشتنەوەی سیستەمی ئێرانی داهاتوو
– بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد
– بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دیموکراتیک
– بە فەرمی ناسینی مافی نەتەوەکان
– قبووڵکردنی دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک دەبێت
– پاراستنی ژینگە
– دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی
– مافی یەکسانی ژنان و پیاوان
– چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد
– سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەلات

هـ.ح

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژن نیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانی کوردستانی؛ هەنگاوێک بەرەو گوتاری هاوبەشی کوردی

نووسین: دکتور ئازاد محەمەدیانی

یەک لەو بابەتە گرینگانەی کە بە درێژی تەمەنی سیاسی کورد بە تایبەت خەباتی سەردەم وەک خەساری سیاسەتی ئەو گەلە باسی کراوە نەبوونی گوتاری هاوبەش بووە، گوتارێک کە دەبێتە هۆی لێکگرێدانەوەی هێز و پێکهاتە سیاسیەکانی کورد و ساز بوونی رۆحێکی گەشە کردووی گشتی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی. لە ڕاستیدا گەورەترین کێشەی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ئێران تەنیا لێک بڵاو بوونی هێزەکان نیە، بەڵکو نەبوونی هاودەنگیەکە کە بتوانرێت بە روونی پێی بگوترێت «گوتاری هاوبەشی کوردی». ئەمە واتە نەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە کێشەی کورد، نەبوونی چوارچێوەیەکی مانادار بۆ دیاریکردنی شوێنی کوردستان لە ئێران و لە داهاتوودا و نەبوونی ئەو توانایەیە کە هێزە جۆراوجۆرەکان وێڕای هەموو جیاوازییەکانیان بتوانن لە سەر یەک سفرەی هاوبەش و چەند خاڵی دیاریکراوی درێژماوەدا بە دوور لە خواستی حیزبی و تاکە کەسی کۆبننەوە بۆ دەستەبەرکەردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان.

هاوپەیمانیی نوێی نێوان شەش حیزبی کوردستانی ئێران، یەک لەو هەواڵە خۆشانە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووە کە تا رادەیەکی زۆر توانیویەتی بابەتی نایەکگرتوویی کورد، قەرەبوو بکاتەوە و ئەو هومێدە بە کۆمەڵگا بدات کە ناهاوهەڵوێستی و ناهاودەنگی لایەنە کوردیەکان ئیتر ناتوانێ ببێتە هۆی خەسارەت لەم بزووتنەوەیەو داواکاریە نەتەوەییەکانی. ئەم هاوپەیمانەتیە لە ڕاستیدا یەک لەو هەنگاوە هەرە گرینگانەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات توانیویەتی

هەڵبیبێنێتەوە بۆ گەیشتن بە دۆخێکی هەموار و ساز کردنی ئەو وێژمانەی کە دەتوانێ مۆرکی کوردایەتی و ڕۆژهەڵاتیبوونی پرسەکانی پێوە دیار بێ.

بەڵام دیارە خۆی ئەم هاوپەیمانەتیە ناتوانێ وەک گەیشتن بە وێژمانی هاوباش باس و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، چون هاوبەشی ئەو گوتارە تەنیا بە ساز کردنی هاوپەیمانەتیەک مومکین نابێ، بەڵکو راوەستان لە سەر هێندێک هێمای هاوبەش، خوێندنەوەی هاوچەشن لە مێژوو، ڕوانگەی هاوشێوە بە نیسبەت داواکاری گەلی کورد و سازان لە سەر دژبەری هاوچەشنی دەرەکی ئەو خاڵانەن کە لە ئێستادا دەتوانن ئەو چەمکە هاوبەشانە بن کە لە ڕەوتێکی زەمانیدا شکڵ دەگرن و قەوارەیەکی دیاریکراو دەدەن بە گوتاری گشتی کورد. بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی دروستمان لە سەر ئەو دەرفەتە هەبێ کە هاوپەیمانەتی هێزە کوردستانیەکان بۆ شکڵ گرتنی ئەو گوتارە هاوبەشەی پێک هێناوە، دەتوانین ئاماژە بکەین بە دوو خاڵی گرینگی بەیانیە هاوبەشەکان و لۆگۆی هاوبەش.

پەیامە هاوبەشەکان؛

دەرچوونی بەیانیەو پەیامە هاوبەشەکان لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکان دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێت بۆ دروستبوونی وێژمانێکی هاوبەش. ڕاستە کە بەیانیەکان دەقێکی سیاسیین بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوێست. بەڵام لە ڕاستیدا، هەر پەیامێکی هاوبەش پێش ئەوەی بڵاوبکرێتەوە، دەرئەنجامی پرۆسەیەکە لە نێوان ئەو هێزانەدا کە بریتیە لە جیاوازیی ڕا، ڕاوەرگرتن، گفتوگۆ، هەڵبژاردنی وشەکان و دواجار گەیشتن بە جۆرێک لە هاودەنگی. ئەو دەقەی لە کۆتاییدا بڵاودەبێتەوە، بەرهەمی ئەم پرۆسەیە لە ڕاگۆڕینەوەو لە ئاکامدا سازانە.

لە ڕاستیدا گرینگیی سەرەکیی بەیانیەکان لەوەدایە کە هێزەکان ناچار دەکات لەسەر مانا و زمان ڕێک بکەون. کاتێک شەش حیزب لە پەیامێکی هاوبەشدا باس لە نەورۆز دەکەن، یا لە ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یا لە شەڕ و گۆڕانکارییە ناوچەییەکان دەدوێن، یا پەیامێک ئاراستەی نەتەوەکانی تری ئێران دەکەن، ئەوانە تەنیا هەڵوێست نیشان دان نیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک حەولە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتانە. کە بە درێژایی ڕەوتی ڕووداوەکان و کاری گشتی، دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانێکی هاوبەش.

ئەو زمانە لە چکۆلەترین شتەکانەوە دەست پێدەکات: لە وشەیەکدا، لە دەستنیشانکردنی مانایەک، لە هەڵبژاردنی ئەوەی چی بخرێتە ناو دەق و چی تێدانەبێ. کاتێک ئەم هەڵبژاردنانە بەردەوام دەبن، هێواش هێواش دەبنە بەشێک لە شێوازی

بیرکردنەوەی هاوبەش. گوتار لەو کاتەدا دەست پێدەکات کە هێزەکان تەنیا لەسەر هەڵوێست ڕێک نەبن، بەڵکو لەسەر زمانیش ڕێک بکەون.

لە هەمان کاتدا، بەیانیە هاوبەشەکان شتێکی دیکەش دروست دەکەن کە کەمتر دێتە بەرچاو، ئەویش؛ دروستکردنی کات و شوێنی سیاسیی هاوبەشە. هەر جارێک ئەم هێزانە لەسەر ڕووداوێک بە هاوبەشی دەدوێن، ئەوان دیاری دەکەن کە چی گرینگە، چی نابێت لەبیر بکرێت، و چۆن دەبێت لەم ڕووداوانە تێبگەن. بەردەوامیی ئەم کارە دەتوانێت ببێتە بنچینەی بیرەوەرییەکی هاوبەش، کە بێ هەبوونی ئەو بیرەوەریە هیچ گوتارێکی سیاسی ناتوانێت خۆی جێگیر بکات.

لە لایەکی ترەوە، ئەم بەیانیانە سنووری «ئێمە» دروست دەکەن. کاتێک پەیام ئاراستەی نەتەوەکانی تری ئێران دەکرێت، بە تایبەتی تورکەکان، ئەمە تەنها گفتوگۆ نییە؛ بەڵکو هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی شوێنی کورد لە ناو پێوەندییە نەتەوەییەکاندا. ئەمە گرنگە، چون گوتاری هاوبەش ئەگەر بخوازێت بگاتە ئاستێکی بەهێز، پێویستە بتوانێت پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر بە ڕوونی بنیات بنێت. کە دیاری کردنی ئەو کات و شوێنە هاوبەشە ڕێک ئەو خاڵەیە کە گوتاری هاوبەشی تێدا بنچ دادەکوتێ.

لۆگۆی هاوبەش

هەوڵی دروستکردنی لوگۆیەکی هاوبەش، بە تایبەتی کاتێک ئاماژەیەکی مێژوویی لەخۆدەگرێت، لە هەمان چوارچێوەدا دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لۆگۆ تەنیا نیشانەو وێنە نییە؛ هەوڵێکە بۆ پەیوەستکردنی هەموو بەشداربوانی هاوپەیمانەتیەک بە یەکتر و ئەگەر ئاماژەی مێژوویی لەو لۆگۆیەدا هەبێ حەولیشە بۆ لێکگرێدانەوەی ئێستا بە ڕابردووەوە لە پێناو دروستکردنی هەستێک کە مێژووی کەونارا بە هەنووکەوە گرێ دەداتەوە و مێژووی هاوبەش و جۆری خوێندنەوەی هاوبەش بۆ ئەم دیرۆکە ساز دەکات. لە سیاسەتدا، هێز زۆرجار لەو شوێنە دروست دەبێت کە مانا و بیرەوەری یەکدەگرن، بیرەوەریەکی کۆن و درێژەی مێژوویی یەک نەتەوە و ڕەنگدانەوەی چەمکەکانی وەک خۆر بەرهەمهێنی هێزە لە ئێستادا هێزێک کە ئەو هاوبەشیە پێکی دێنێ. کەواتە لۆگۆی هاوپەیمانەتی بەرهەمی تێڕوانینێکی هاوبەشە لە هێما و چەمکە مێژوویەکانی کورد و خاڵێکی گرینگی دیکەی ساز بوونی ئەو وێژمانە هاوبەشە کوردیەیە.

هەرچەندە هەموو ئەمانە گرینگن، بەڵام پێویستە بگوترێت کە ئەم پرۆسەیە لە سەرەتاکانی برینی ئەو ڕێگەیە دایە. گوتاری هاوبەش تەنها ئەو کاتە دروست دەبێت کە ئەم زمانە لەناو بەیانیەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو ژیانی ڕۆژانەی

سیاسی: بۆ ناو حیزبەکان، بۆ ناو میدیای کوردی، بۆ ناو گفتوگۆی ڕووناکبیران، و بۆ ناو کۆمەڵگا. ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، ئەم هەموو هەوڵانە دەتوانن لە ئاستی ڕێککەوتنێکی حیزبیدا چەق ببەستن.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم قۆناغە خۆی گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە یەکەمجارە هێزەکان لە جیاوازییەکانەوە دەچنە ناو پرۆسەیەکی هاوبەش بۆ دروستکردنی مانایەکی تایبەت. گوتاری هاوبەش ئەگەر دروست بێت، لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەدا ناوەستێت؛ لە ناو ئەم پرۆسەیەدا دەستپێدەکات ڕۆدەچێتە دەمارەکانی کۆمەڵگاوە.

دەتوانین بڵێین: هاوپەیمانی و بەیانیە هاوبەشەکان، ئەگەرچی خۆیان گوتاری هاوبەش دروست ناکەن، بەڵام ڕێگای گەیشتن بەو گوتارە دەکەنەوە. گرینگی ئەوە لەوەدایە کە هێزەکان لە جیاوازییەکانەوە دەگوازرێنەوە ناو زمانێکی هاوبەش. ئەگەر ئەم زمانە بەردەوام بێت، دەتوانێت ببێتە بنچینەی یەک لە چەمکە هەرە گرینگەکانی وێژمانی هاوبەش واتە زمانی هاوبەش، چون گوتار لە ڕەهەندیکەوە لە چەمکی زمان کەڵک وەدەگرێ بۆ بەرهەمهاتن، جا ئەگەر ئەو زمانە هاوبەش بێ، ئەو گوتارەی کە پێک دێ گوتاری هاوبەشە.

وەک کوترا، گوتاری هاوبەش هێشتا شکڵی نەگرتووە، بەڵام هەنگاوی یەکەم بۆ دروستکردنی زمانێکی هاوبەش هەڵهێندراوەتەوە. لە ڕاستیدا وێڕای ئەو مێژووە دوور و درێژە لە ناهاوهەڵوێستی و نایەکگرتوویی ئەوە هەنگاوێکی بە بایەخە، بە چەشنێک کە درێژەی ئەم هاوپەیمانەتیە، کارکردن لەو چواەچێوەیەدا و سەرکەوتنەکەی، دەستپێکی گۆڕانکاریەکی قووڵە لە سیاسەتی کوردیدا و دەتوانێ بەرهەمهێنی دوا قۆناغی یەکگرتوویی یانی گوتاری هاوبەشی نەتەویی کورد بێت.

سەرچاوە ماڵپەڕی: ڕۆژهەڵات نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

لە سەر پێویستی هاوپەیمانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات



نووسین: دکتور کامران مەتین

بە پێی هەواڵەکان سەرەڕای هەوڵەکان، حەوت حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (جارێ) نەیانتوانیوە هاوپەیمانی سیاسی (پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەش) پێک بێنن چونکە «کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان» و «کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حکا» ئامادە نەبوونە بچنە ناو هاوپەیمانیەکە.

گۆیا کۆمەڵەی شۆڕشگێر دژایەتی بنەمایی لە گەڵ هاوپەیمانی نیە بەڵام داوای ڕوون بوونەوەی چوارچێوە و پرۆتۆکۆڵەکانی سیاسی، نیزامی و ڕێکخراوەیی هاوپەیمانیەکە دەکا. ئەم کێشەیە دەتوانێ چارەسەر بێ و هیوادارم چارە سەر بێ. بەڵام وا وێدەچێ هەڵوێستی کۆمەڵەی کۆمۆنیست ڕیشەی قووڵتر و جیددی تری هەبێ کە ئەگەر وابێ ئەم نووسراوەیە زۆرتر ڕووی لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستە.

پێک نەهاتنی هاوپەیمانیەکی بەرینی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی سیاسی و مێژوویی ئێستای ئێران دا دەتوانێ ئاکامی زۆر کارەساتباری بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ خۆدی ئەم حزبانەش لێ بکەوێتەوە. بەڵام بۆ؟

بۆ وەڵام بەو پرسیارە دەتوانین دۆخی ئێستای ئێران لە گەڵ دۆخی ئاڵمان لە ١٩٣٠ەکان بەراورد بکەین. هەر وەک چۆن ئێستا لە ئێران ڕەوتی فاشیستی پەهلەوی خەریکە بە هێز دەبێ، ئەو کاتیش لە ئاڵمان ڕەوتی کلاسیکی فاشیستی ئوروپا،

سەرچاوە
Serchawe

یانی «حزبی ناسیۆنال سۆسیالیست» یا «نازی» بە ڕێبەری هیتلێر، خەریکی گەشە و پەرەسەندن بوو. بەستێنی ئەو گەشەیە دۆخی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە بە شکستی ڕەسمی ئاڵمان کۆتایی پێهات. دەوڵەتە سەرکەوتووەکان، بە تایبەت بریتانیا و فەڕانسە، ڕێککەوتنێکی ئاشتیان بە سەر ئاڵمان داسەپاند کە بەرپرسیارەتی شەڕی بە تەواوەتی خستە سەر شانی ئەم وڵاتە و مەجبووری کرد کە تەواوی زەرەر و زیانەکانی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە شەڕ دا قەرەبوو بکاتەوە. لە ئاکام دا ئابووری ئاڵمان تووشی قەیرانێکی قووڵ بوو و چینی کرێکار و بەشێکی زۆری چینی بۆرژوا و وردەبۆرژوای ئاڵمانیش تووشی هەژارێکی بەرین و بێ وێنە بوون.

نازیەکان خەڵکی یەهوود و چەپەکانیان وەک بەرپرسی شکستی ئاڵمان، کارەستانی ئابوری و سیاسی، و تەحقیر بوونی ئاڵمانیەکان پێناسە کرد و گووتیان چەپ و یەهوود لە پشتەوە خەنجەریان لە ئاڵمان داوە. ئەو کات لە ئاڵمان دو حزبی چەپی سەرەکی هەبوون: حزبی کۆمۆنیست و حزبی سۆسیال دێمۆکرات. ژێرخانی کۆمەڵایەتی هەرتک حزب چینی کرێکای بە ژمارە زۆری ئاڵمان بوو هەر چەند یەکیەتیە کرێکاریەکان زۆرتر سەر بە سۆسیال دێمۆکراتەکان بوون. حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان ئەندامی ئەنترناسیۆناڵی دووهەم (کۆمینتێرن) بوو و بە تەواوی گوێڕایەڵی یەکیەتی سۆڤیەت. ئەم حزبە بە پێی لێکدانەوەی ستالین، سۆسیال دێمۆکراتەکانی وەک دووژمنی سەرەکی خۆی پێناسە دەکرد و پێی دەگووتن «سۆسیال فاشیست».

ئەو دووبەرەکیە قووڵە بوو بە هۆی ئەوەی هێز و وزەی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری ئەم دو حزبە چەپە لە باتی بە ئامانج گرتنی نازیەکان (وەک مەترسیەکی بوونی بۆ سەر کۆمەڵگا و خۆیان) خرا خزمەتی ململانەی سیاسی لە گەڵ یەکتر. ئەم دۆخە هۆیەکی گرینگی سەرکەوتنی نازیەکان بوو. مێژووی دوای سەرکەوتنی نازیەکان بۆ هەموان ڕوونە : نازیەکان کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان و یەهوودیەکانیان کۆمەڵکووژ کرد و شەڕی دووهەمی جیهانیان دەست پێ کرد و سەرەڕای ڕێککەوتنی نەهێنی «دەستدرێژی نەکردن» (بە فارسی «پیمان عدم تجاوز») لە گەڵ ستالین (١٩٣٩) لە ساڵی ١٩٤١ دا شەڕیان دژی شووڕەویش دەست پێکرد کە تێیدا لانی کەم ٢٥ ملیۆن شارۆمەندی یەکیەتی سۆڤیەت کووژران.

بە دەسەڵات گەیشتنی پەهلەوەی دەتوانێ هەمان ئاکامی بۆ کوردستان و چەپەکان و هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازەکان بە گشتی هەبێ. هەر وەک چۆن نازیەکان لە ئاڵمان لە ١٩٠٣٠ە کان دا چەپ و یەهوودیان وەک دوژمنانی سەرەکی کە دەبێ لە ناو بچن پێناسە دەکرد، ئێستاش لە گوتاری سیاسی ڕەوتی پەهلەویچیەکان دا چەپ و کورد دوژمنی سەرەکین و دەبێ لە ناو بچن. چەپ بە دروست کردنی شۆرشی ١٣٥٧ («فیتنەی ٥٧» بە قەولی ئەوان) و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی تاوانبار دەکرێ و کوردیش وەک سەر چاوەی لێکترازانی ئێران و «تەجزیە تەڵەب». لە ڕاستی دا ڕیزەکانی ئەم ڕەوتە بە

هەمان ئەندازە و ڕەنگە زۆرتر لە سەر دوژمنایەتی چەپ و کورد لێک ئاڵقە دراون تا دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی.

ڕەوتی پەهلەوی لە ئاستی ناسیۆنالیزمی توند ئاژۆ و ڕەگەزپەرەستانەی ئێرانی و هەر وەها دووژمنایەتی لە گەڵ چەپ و کورد جیاوازێکی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی نیە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بە دەسەڵات بگا بە هۆی ئەوەی بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی پەیوەندی گەرم و گووڕی لە گەڵ ئەمریکا و ئورووپا دەبێ دەستی بۆ سەرکووتی چەپەکان و کوردەکان و باقی نەتەوە بندەستەکان بە دەیان قات لە ئی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵاتر دەبێ و سەرچاوەی ئابووری و ئامرازی سەرکووتیشی زۆرتر و زەبەلاحتر دەبێ.

ئەگەر وای دانێین کە ئەو کێشە نابنەماییانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر دەستنیشانی کردوون چارەسەر دەبن (کە هیوادارم ببن) تەنیا کۆمەڵەی کۆمۆنیست لە دەرەوەی هاوپەیمانیەکە دا دەمێنێتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵەی کۆمۆنیست حزبەکانی تری ڕۆژهەڵات کەم و کووڕیان هەیە یا جیاوازی سیاسیان لەگەڵیان هەیە دەبێ ئەمەیان بۆ ڕوون بێ کە ئەمانە کێشەی ناوخۆیی کوردستانن و دەچنە خانەی ململانەی سیاسی دێمۆکراتیک لە کۆمەڵگایەکی فرە حزبی و ئازاد دا و نەک خانەی مەترسی بوونی هەر وەک چۆن حزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئاڵمان لە ١٩٣٠ەکان دا مەترسی بوونی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان نەبوو. بۆیەش بڕیاری چوونە ناو هاوپەیمانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیەکی مێژوویی و سیاسی و ستراتێژیکە هەم لە ڕوانگەی سیاسەتی سۆسیالیستیەوە و هەم لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بزاڤی دێمۆکراتیکی نەتەوەیی کوردستان. لە ١٩٣٠ەکانیش دا کۆمۆنیستەکانی سەربەخۆی نەبەستراوە بە ستالین، بە تایبەت ترۆتسکی، بەردەوام لە بارەی مەترسی بە دەسەڵات گەیشتنی فاشیزم هووشداریان دەدا و پێشنیاری پێکهاتنی «بەرەی یەکگرتوو (United Front)» «لە نێوان کۆمۆنیستەکان و سۆسیال دێمۆکراتەکانیان کرد، بیرۆکەیەک کە بەداخەوە ئەو کات سەرنجی پێ نەدرا بەڵام دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهان بوو بە بنەمای هاوکاری کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان و سۆسیال دێمۆکراتەکان و وەک تاکتیکێکی سیاسی چەپ هەر ماوەتەوە.

مەنتقی پێکهێنانی وەها بەرەیەک لە قۆناغی ئیستاش دا بە تەواوی مەوزوعیەتی هەیە. لە پەیوەندی لە گەڵ پەهلەوی و ناسیۆنالیزمی ڕاستی توند ئاژۆی ئێرانی دا کۆمەڵەی کۆمۆنیست و هەموو هێزەکانی تری ڕۆژهەڵات بە یەک ئەندازە لە مەترسی بوونی دان و بە دڵنیایەوە ئەگەر ڕەوتی پەهلەوی بە یارمەتی ئەمریکا و ئیسرائیل بە دەسەڵات بگا بەزەیی بە هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی کوردستانی و چەپ ناکا.

ناسینی ئەولەویەتەکانی ستراتێژیک گرینگترین هونەرە لە سیاسەتی کۆنکرێت و قاچ لە سەر عەرز. ئەولەویەتی سەرەکی

و ستراتیژیکی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لە قۆناغی ئێستا دا یەکگرتوویی و هاوپەیمانی سیاسیە. پرسی سیاسی ئێستا نەک پرسی ململانەی سیاسی ناوخۆیی بەڵکوو پرسی مان و نەمانە.

بژی هاوپەیمانی سیاسی ڕۆژهەڵات!

ڕۆژهەڵات نیوز

سەرچاوە ماڵپەڕی: ڕۆژهەڵات نیوز - ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

محەممەد نەزیف قادری: کوردستانی ئێران دەبێتە سەرمەشق و نموونەی یەکگرتوویی بۆ هەموو گەلانی ئێران تاوەکو پێکەوە کۆتایی بەم دەسەڵاتەی ئێران بهێنین



قەندیل پرێس- وتووێژی تایبەت

وتووێژی تایبەتی "قەندیل پرێس" لەگەڵ بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەستەی کارگێری و بەرپرسی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران.

قەندیل پرێس: بەڕێز کاک حەمە نەزیف، زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە. وەک دەزانرێت ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی نوێی پێنج لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. ئەگەر بکرێت لە سەرەتادا بۆمان باس بکەن ئەم هاوپەیمانییە چۆن لەدایکبوو؟ ئایا تەنها بڕیارێکی کاتی بوو یان زەمینەسازییەکی مێژوویی لەپشت بوو؟

محەممەد نەزیف قادری: زۆر سوپاس بۆ ئێوە و بینەر و خوێنەرانی (قەندیل پرێس). لە ڕاستیدا ئەم هاوپەیمانییە کارێکی هەڵبەز و دابەز و بڕیارێکی سەرپێیی نەبووە؛ دەمەوێت لێرەوە بۆ یەکەمجار ڕاییبگەیەنم کە ئێمە وەک پێنج لایەنی سیاسی، زیاتر لە دوو ساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام، شەو و ڕۆژ خەریکی کارکردن، کۆبوونەوەی چڕ و زەمینەسازیی سیاسی و مەیدانی بووین بۆ دروستکردنی ئەم هاوپەیمانییە. ئێمە وەک ئەو پارتە سیاسییانەی کە ئەم قەوارە نوێیەمان دامەزراندووە، خاوەنی مێژوویەکی درەوشاوەی خەباتگێڕین و ساڵانێکی درێژە لە مەیدانی کردەوەدا لەگەڵ خەڵکی خۆمان لە

گفتوگۆ و دیالۆگی بەردەوامدابن. خەڵکی کوردستان زۆر بە گەرمی پێشوازییان لەم هەنگاوە کردووە، چونکە دەزانن ئەم یەکگرتووییە وزەیەکی بێپایان دەبەخشێتە ئیرادەی خەباتگێڕانەی گەلەکەمان. ئامانجی ئێمە تەنها کۆبوونەوەی چەند حزبێک نییە، بەڵکو دارشتنی گەڵاڵەیەکی نیشتمانییە بۆ رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکرات، فیدراڵ و سۆشیال دیموکرات کە تێیدا مافی چارەی خۆنووسین و مافی پێکهاتەکان و بەتایبەت پێگەی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا پارێزراو بێت.

قەندیل پریس: دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا جەختی کردەوە کە نابێت خاکی هەرێم بۆ هێرش و چالاکی دژی وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنرێت. ئەمە وەک جۆرێک لە گوشار لێکدرایەوە، ئێوە لەم بارەیەوە چ دەڵێن و پەیوەندیتان لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە چ ئاستێکدایە؟

محەممەد نەزیف قادری: ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی هەموو ئەو هێزانەی لە حکومەتدا بەشدارن، پەیوەندییەکی دۆستانە و توندوتۆڵمان هەیە. سەبارەت بەو ڕاگەیەندراوە، دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم کە هیچ جۆرە حەساسییەت و نیگەرانییەکمان بەرامبەری نییە؛ هەقی یاسایی و سیاسیی حکومەتی هەرێمە کە لە چوارچێوەی سیستەمی حوکمڕانیی خۆیدا پارێزگاری لە ئەمن و ئاسایشی خاک و خەڵکەکەی بکات. ئێمە هەمیشە فاکتەری ئارامی بووین و ڕامانگەیاندووە کە خاکی هەرێمی کوردستان لای ئێمە پیرۆزە و لە هیچ بارودۆخێکدا نایەکەینە مەیدانی جووڵەی سەربازی یان شوێنێک بۆ ضربەدان لە وڵاتانی جیران. سیاسەتی ئێمە دەستوەرنەدانە لە کاروباری هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی باشوور بە ئەرکی نەتەوەیی خۆمان دەزانین. چەقی خەباتی ئەم هاوپەیمانییە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندایە، نەک بەکارهێنانی خاکی هەرێم و عێراق بۆ مەرامی سەربازی، بۆیە هەڵوێستی ئێمە و حکومەتی هەرێم تەواو تەریب و هاوتەریبە لە پاراستنی ئارامیی ناوچەکەدا.

قەندیل پریس: پرسیارێکی زۆر لەسەر "ئاڵا" کرا؛ هەندێک دەڵێن لە کاتی ڕاگەیاندنەکەدا ئاڵای کوردستان بوونی نەبووە و ئەمەش نیگەرانیی دروست کردووە. ئایا ئەمە پەیوەندی بە ڕێککەوتنە سیاسییەکانەوە هەبوو؟

محەممەد نەزیف قادری: نەخێر، بە هیچ شێوەیەک. لێرەدا جۆرێک لە لێکتێنەگەیشتن دروست بووە کە پێویستە ڕوونی بکەینەوە. ئاڵای کوردستان بۆ ئێمە سیمبولی هەرە بەرزی نەتەوەییە و لە هەموو بنکە و بارەگاکانی ئێمەدا بە ڕێزەوە هەڵدراوە. ئەوەی لە مەراسیمەکەدا هەبوو، تەنها پۆستەرێکی هاوبەشی پێناسەکراو بوو کە ئارمی هەر پێنج حزبە بەشدارەکەی تێدا بوو وەک هێمایەک بۆ یەکگرتوویی ئەو هێزانە لەو ساتەدا. ئێمە ڕێزێکی بێپایان بۆ ئەو ئاڵایە دەگرین کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە و بە هەستی نەتەوەیی خۆمانی دەزانین. کەواتە نەبوونی ئاڵاکە تەنها

ڕێکخستنێکی تەکنیکیی پۆستەری هاوپەیمانییەکە بووە، نەک هەڵوێستێکی سیاسی. هیچ هەستیارییەک بەرامبەر ئاڵا لە ئارادا نییە و نابێت.

قەندیل پریس: باس لەوە دەکرێت کە تەنها پێنج حزب لەم هاوپەیمانییەدان. ئایا دەرگاتان بۆ لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵات واڵایە؟ و پرۆژەتان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە چییە؟

محەممەد نەزیف قادری: ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەندیی دۆستانەمان هەیە و هەموویان لای ئێمە جێی ڕێزن.

ئەم پێنج لایەنە گەیشتوونەتە ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی زۆرمان هەیە و لێکتێگەیشتنی مەیدانیمان زیاتر بووە، بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم دەستمان پێکرد. بەڵام ئەمە قەوارەیەکی داخراو نییە؛ دەرگای دیالۆگی ئێمە بۆ هەموو هێزەکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش واڵایە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا هاوکارییەکانمان بکەین. سەبارەت بە پێشمەرگەش، لە گەڵاڵە هاوبەشەکەماندا جەختمان لەوە کردووەتەوە کە دەبێت هێزی پێشمەرگە لە ناوخۆی وڵاتدا بەپێی پرۆگرامێکی نیشتمانی ڕێکبخرێتەوە، بە جۆرێک کە وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتوو بەرگری لە خەڵک و خاکی کوردستان بکەن و ئامانجە نەتەوەییەکان وەئەستۆ بگرن.

قەندیل پریس: ئێوە دۆخی ئێستای ناوخۆی ئێران و ئەو قەیرانە گەورانەی ڕووی لەو وڵاتە کردووە چۆن دەبینن؟ ئایا هیچ هیوایەک بەم ڕژێمە ماوە؟

محەممەد نەزیف قادری: دۆخی ئێران ئێستا گەیشتووەتە بنبەستێکی تەواو. وڵات لە خراپترین باری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و ئەمنیدایە. کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و مەعیشەتی خەڵک دۆش داماوە و تەواو پەکیکەوتووە. دوای چل و حەوت ساڵ لە تاقیکردنەوەی ئەم سیستەمە ستەمکارە، خەڵکی ئێران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هیچ هیوایەک بۆ چاکسازی و ئاڵوگۆڕ لە ناو ئەم دەسەڵاتەدا نییە. خەڵک تەنها یەک داخوازییان هەیە، ئەویش ڕووخانی تەواوەتیی ئەم ڕژێمەیە. ئێمە وەک هاوپەیمانی، پێمان وایە کوردستانی ئێران دەبێتە سەرمەشق و نموونەی یەکگرتوویی بۆ هەموو گەلانی ئێران تاوەکو پێکەوە کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنین و سیستەمێکی نوێ بنیات بنێین کە ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ هەمووان دابین بکات. تەنها ڕێگەی ڕزگاری، ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە و ئێمە هەموو توانای خۆمان بۆ ئەو ئامانجە تەرخان دەکەین.

کۆمەڵێک بەیاننامە، لێداون و هەڵوێستی نووسەران

قەندیل پرێس: **هەڵوێست و سیاسەتی هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەرانبەر بە ڕەزای پەهلەوی و سەلتەنەت تەڵەبەکان چییە؟**

محەممەد نەزیف قادری: ڕوانگەی ئێمە بە نیسبەت ڕەزا پەهلەوییەوە ڕوونە؛ هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەموو کوڕ و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش، بە نیسبەت ڕەزا پەهلەوییەوە سیاسەتیان ڕوونە. بڵاوکراوەکانی پەیوەندیدار بە ڕەزا پەهلەوییەوە هیچ بابەتێکی دانپیانانی بە نیسبەت مافی نەتەوەکانی ئێرانەوە تێدا نییە و هیچ جۆرە گۆڕانێک لە فکر و ئەندێشەی ڕەزا پەهلەوی و ئەمسالی ڕەزا پەهلەوی بە نیسبەت ئەو بابەتە گرنگ و سیاسییانە بەدی ناکرێت، کە ئاڵوگۆڕێک بێت بتوانێت یارمەتی دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران بکات. هەر بۆیە، هیچ هیوا و ئومێدێک بە ڕەزا پەهلەوی نییە و هاوپەیمانی کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە گشتی و بزووتنەوەی گەلانی ئێران زیاتر خەبات بۆ سیستمێک دەکەن؛ سیستمێکی دیموکراسی بێت، سیستمێکی سێکۆلار بێت، سیستمێکی فیدراڵ بێت لەسەر ئەساسی دابەشکردنی دەسەڵات. بۆیە ڕەزا پەهلەوی هیچ خێروبێرێکی بۆ کورد و بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران نییە".

سەرچاوە: قەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ٢٦ی شوباتی ٢٠٢٦

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە تەنگەژەی بڕیارێکی دژوار: یەک دەلاقە و چواردیوار

د. محەممەد حسێن‌زادە

- ئەمڕۆ یەکشەممە ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٦، جی.دی. ڤانس جێگری دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاند دوای ٢١ کاتژمێر وتوویژ لەگەڵ شاندی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامی لە ئیسلامئابادی پاکستان، کۆماری ئیسلامی نەچووەتە ژێر باری مەرجەکانی ئەمریکا و هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە. جی.دی.ڤانس بەوە دەناسرا کە نوێنەرایەتی ئەو بازنەیە دەکات کە هەر لە سەرەتاوە دژی هێرشێکی بەربڵاو و بەتایبەت درێژخایەن دژی کۆماری ئیسلامی بوون و پێیان وابوو کە پێویستە وڵاتەکەیان زیاترین وزەی خۆی بۆ کێبڕکێ لەگەڵ چین و ڕێگریکردن لە هێزگرتنی ئەو زلهێزە تەرخان بکات. بۆیە زۆرێک لە چاوەدێران پێیان وابوو دەستنیشانکردنی جی.دی.ڤانس وەکوو سەرۆکی شاندی دانوستانکاری ئەمریکا ئەگەری سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دوای نزیکەی چل ڕۆژ شەڕ و هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و هێرشی مووشەکی و درۆنیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیسرائیل و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچە و دامەزراوەکانی هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیی هاوپەیمانی ئەمریکا و هەروەها هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی هێرشی چڕ بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، زیاتر دەکات. هەر لەبەر ئەوەی ڤانس سەرۆکایەتی شاندی ئەمریکای لە ئەستۆ بوو، هەندێک دەیانگوت دانوستانەکانی پاکستان دوا دەرفەتی دیپلۆماسییە. ڕەنگە ئەم ڕوانگەیە زێدەڕۆیانە بێت و هێشتا دەرفەت بۆ

کۆبوونەوە و دانوستانی دیکەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی مابێت، چونکە وەک لە میدیاکان و هەروەها لە لێدوانەکانی هەردوو لادا باسکراوە، لە هەندێک لە بابەتەکاندا لێکتێگەیشتن و مەیل بۆ سازان هەبووە. بۆیە نابێ وەک شکستێکی ڕەهای ڕەوتی دیپلۆماسی و دانوستان سەیر بکرێت.

- ئامانجی ئەم نووسراوە لەم کاتەدا و لە دۆخێکدا کە پێشبینی داهاتوو زۆر دژوارە، باسکردنە لە هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی ئەو هاوپەیمانێتییە کە لە نێوان پێنج لایەندا پێکهاتووە لە میانەی ئەم جەنگەدا. بێگومان هەندێ لەم باسانە و بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە دۆخی پاش ڕێککەوتنی ئەگەری و شیمانەکراوی نێوان واشنتۆن و تارانەوە هەیە، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ناگرێتەوە. بەو مانایە کە دەرئەنجامەکانی ڕێککەوتنێکی ئەگەری نێوان واشنتۆن - تاران ڕەنگە هاوشێوەی پەیهاتەکان بۆ باقی حیزبەکان نەبێت، لەبەر ئەوەی هێزەکانی ئەو پارتە لە شاخەکان و بنکە و بارەگای جێگیریان لە ناو خاکی باشووری کوردستاندا نییە.

- وەک دەزانین، هاوپەیمانێتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی چل ڕۆژی ڕابردوودا و لە میانەی ئەو جەنگەدا کە باسکرا لە لایەن بەشیک لە خەڵکی کوردستان بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بووەتەوە کە چاوەڕوانی چی دەکەن و پلان و بەرنامەیان چییە و دەیانەوێت چی بکەن و چۆن ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە کە بە هۆی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆیان ڕەخساوە.

لەم پەیوەندییەدا، هەندێک پێیان وایە شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی دەلاقەیەکی بۆ ڕزگاری ڕۆژهەڵات کردەوە و دەرفەتێکی زێڕینی بۆ حیزبەکان ڕەخساند، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە. مەبەستی ئەم ڕەخنەگرانە ئەوەیە کە حیزبەکان هەڵەیان کرد کە بڕیاری جووڵە و ناردنەوەی هێزی پێشمەرگەیان نەدا و دەشڵێن ئێستا ئیدی ئەو هەلە بە هۆی زاڵبوونی ڕەوتی دیپلۆماسی لە نێوان لایەنەکانی شەڕەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە کیس چووە.

- دەستەی دووەم هەمان ڕەخنە لە حیزبەکان دەگرن بەو جیاوازییەوە کە پێیان وایە ئەو دەرفەتە هێشتا لە کیس نەچووە و حیزبەکان ئێستاش دەتوانن بڕیاری شەڕی پێشمەرگانە بدەن. ئەوان دەڵێن بە تایبەتی ئیسرائیل لە ماوەی جەنگەکەدا بە خەستی بنکە و دامەزراوە سەربازییەکانی سوپای پاسدارانی لە شار و گوندەکان و خاڵە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکاوە و هێزەکانیان لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە شڵەژاو و شپرزەن و ورەیان دابەزیوە. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ ڕاپەڕین ئامادەیە و بە کردە پێشوازی لە هێزی پێشمەرگە دەکەن.

- بە پێچەوانەی ئەو دوو دەستەیە، ژمارەیەکی زۆریش پێیان وایە ئەندامانی هاوپەیمانێتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن کەسانێکی خاوەن ئەزموونەوە بەڕێوە دەبرێن کە بەشێکیان خۆیان لە ڕابردوودا لە مەیداندا بوون و بە کردە بەشداری شەڕی دژ بە کۆماری ئیسلامی بوون و تا ئێستاکەش بە شێوەیەکی ژیرانە و لێزانانە جووڵاونەتەوە و هەر ئەوانیشن کە دەتوانن لە کۆتاییدا باشترین بڕیار لە گونجاوترین ساتەکاندا بدەن.

ئەم دەستەیە دەڵێن، زۆرینەی ڕەخنەگرانی حیزبەکان و بەتایبەتی ئەوانەی خوازیاری جووڵەی هێزی پێشمەرگەن یان لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزبیدان و ئاگاداری بەربەست و کێشە و تەنگوچەڵەمەکان نین، یان زانیاری وردیان لە بارودۆخی حیزبەکان و هەروەها هێزەکانی دوژمن لەسەر واقیعی مەیدانی نییە یاخود هیچ ئەزموونێکیان سەبارەت بە شەڕ بە شێوازی پێشمەرگانە نییە. گرینگتر لەوەش، دەڵێن ئەوان دواجار بەرپرسیاریەتی دەرئەنجامی بڕیارەکانیان لە ئەستۆ ناکەوێ بۆیە لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە دەتوانن چۆنیان پێ خۆش بوو درووشم بدەن و فشار بۆ هەر جۆرە بڕیارێک بە هەر تێچوویەکەوە بدەن. بێگومان ئەم دەستەیە حاشا لەوە ناکەن ڕۆچنەیەک بە ڕووی حیزبەکاندا کراوەتەوە، بەڵام دەڵێن هاوکات لەگەڵ ئەو دەرفەتە، حیزبەکان لە چواردیوارییەکی تەنراو لە بەربەست و هەڕەشەکاندا گەمارۆدراون. دەڵێن ئەوانەی لە دنیای خەیاڵاندا دەژین، درک بەم ئاستەنگانە ناکەن.

- بەم ڕوونکردنەوەیە، من هەوڵ دەدەم لە درێژەدا سەرەتا باسێک لەو ئاستەنگ و کێشە و گرفتانە بکەم کە ئەم دوایین دەستە ئاماژەیان پێ دەکەن و بە ڕوونی هۆکارن بۆ ئەوەی حیزبەکان بەرەوە حاڵەت و هەڵوێستی لاپارێزانە ڕا بکێشرێن و بە پارێزەوە بڕیار بدەن. دواجاریش باس لەوە دەکەم کە ئەگەر ئەم نەسازان و ڕێک نەکەوتنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکاندا بەردەوام بێت، بۆچی پێویستە حیزبەکان زیاتر قەبووڵی ڕیسک و سەرکێشی بکەن و بە لای بڕیارگەلێکی بوێرانەدا بشکێنەوە کە دەکرێت هاوەڵی هەندێ هەڕەشە یان جێی مەترسیش بن. دیارە ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوو بدات و ئەمریکا و ئێران لە دەرفەتێکی دیکەی دانوستاندا ڕێککەوتن بکەن ئەوا حیزبەکان بە ئەگەری زۆر ڕووبەڕووی ئەو دۆخە سەخت و دژوارە دەبنەوە کە هەر لە درێژەی ئەم بابەتە باسی لێ کراوە.

- هەڵبەت لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە من خۆم لانیکەم لە دوو قۆناغی سەردەمی "ڕاپەڕینی ژینا" و هەروەها "شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران" کە ئەوکاتیش بەشێک لە ئەندامانی حیزبەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پێیان وابوو ڕژێم لاواز بووە و تەنانەت هەندێک بە شێوەیەکی ناواقیعی باسیان لە ڕووخانی ڕژێم دەکرد و بە پێویستیان دەزانی کە حیزبەکان بڕیاری ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بدەن، بەو پاشخان و زانیاری و ناسینەی کە هەم لە حیزبەکان و هەم لە توانا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەمبوو، ئەو ڕوانگەیەم بە زێدەڕۆیانە و

هەڵە دەزانی، بە توندی و بە جیدی پشتگیریم لە بڕیاری حیزبەکان کرد و بڕیاری ئەوانم بە بڕیارێکی واقیعبینانەتر زانی. دیارە بۆ ئەوەش زۆر جار ڕووبەڕووی ڕەخنەی هەندێ لە هاوڕێیان و خوێنەرانی بابەتەکانم و بە تایبەتی زۆرێک لەو کەسانە دەبوومەوە کە ڕەنگە بە هۆی نووسینەکانی ساڵانی پێشووم بە تایبەت سەبارەت بە "ڕاسان"ی حیزبی دێموکرات، منیان بە لایەنگری جدی خەباتی چەکدارانە ناسیوە. هەڵبەت ڕوونە من پشتگیری ئەو شێوازە خەباتە دەکەم، بەڵام بێگومان لایەنگری لەو شێوازە خەباتە لەگەڵ دیاریکردنی قۆناغ یاخود دەستنیشانکردنی کات و شێوازی تەکتیکی ئۆپەراسیۆنی چەکدارانە جیاواز دەبینم. من قایلم بەوەی کە دەتوانم بەرگری لە ڕوانگەم بۆ خەباتی چەکدارانە بکەم، بەڵام بەوەش دەزانم باسکردن لە جێبەجێکردن یان نەکردنی پلانی سەربازی بوارێک نییە کە من شارەزاییم تێیدا هەبێت. دیارە ئەوە دوو بوار و بابەتی جیاوازن و ئەمەش بابەتێکی زۆر ئاساییە.

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسە سەرەکییەکە سەبارەت بەم شەڕەی ئەم دوایانە و هەڵوێستی هاوپەیمانیتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، ئاشکرایە کە سەرباری کرانەوەی دەلاقەیەک لە هیوا، بە هۆی لێدان و گورزوەشاندنی قورس لە سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی و هەروەها تێکشاندنی بەشێکی زۆر لە توانا ستراتیژییەکان و دامەزراوە سەربازییەکانی ئەو ڕژێمە لە زۆربەی شارەکان و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە لەسەر ئەرزی واقیع هاوسەنگی هێز لە زیانی کۆماری ئیسلامی هێندە گۆڕدرابێت کە ئەو هاوسەنگییە لە قازانجی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش شکابێتەوە. بە پێچەوانەوە، کۆماری ئیسلامی هێشتا خاوەن هێزێکی زەبەلاحی زەمینییە. زیاد لەوەش، بە پێی هەندێ هەواڵ تەنانەت بەشێک لە میلیشیا و گرووپە چەکدارە تیرۆریستییەکانی لە عێراق لە بڕێک لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر کردوون. هەروەها، بەرپرسانی سیاسی و سەربازی کۆماری ئیسلامی پەیتا پەیتا دووبارەیان کردووەتەوە کە لە ئەگەری هەر جووڵەیەکی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕۆژهەڵات، ئەوا باشووری کوردستان و هەموو دامەزراوەکانی دەکەنە ئامانج. ئەمە شێوازێکە لە سیاسەتی چاوترسێنکردن.

بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم سیاسەتە، باش دەبێت خوێنەر وا وێنا بکات کە وەک چۆن کۆماری ئیسلامی گەرووی هۆرمۆز دژ بە جووڵەی وڵاتانی ئەورووپی و بەشێک لە وڵاتانیی عەرەبی ناوچە بەکار دەهێنێت، باشووری کوردستانیشی وەک بارمتە گرتووە و بەو شێوەیە فشارێکی زۆری خستووەتە سەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات، چونکە دەزانێ هەموو ئەو هێزانە گرینگی بە سەقام و ئاسایش و بە گشتی بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی باشوور دەدەن و نایانەوێت ئەو پارچەیە بخەنە بەر مەترسییەکی خەسارهێنەر لانیکەم تا ئەو کاتەی لە سەرکەوتن لە ئەگەری هەر جووڵەیەکدا دڵنیا ببنەوە.

- گرفتێکی دیکە لەبەردەم بڕیاردانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەوان بە ئەزموون لەوە دڵنیان کە هەر جووڵەیەکی

ئەوان دەتوانێت ببێتە هۆی فتوایەکی هاوشێوەی فتواکەی خومەینی بۆ شەڕ دژ بە کوردستان. حیزبەکان بە ئاشکرا نیگەرانی پاکتاو و کۆمەڵکوژکردنی هاووڵاتیانن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- هەروەها وەک فاکتەرێکی هەرێمی و بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، حیزبەکان چاویان لە هەندێ ئەکتەری هەرێمی وەک تورکیا و ئازەربایجان و مەترسییەکانی دەستێوەردانی ئەو وڵاتانەیە لە ئەگەری هەر جۆرە جووڵەیەک لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت هێزەکانی پەژاکەوە کە تورکیا دەتوانێت بیانکاتە بیانووی هەر جۆرە سیاسەتێکی دەستدرێژکارانە. بێگومان ئەمە نیگەرانییەکی کەم نییە، چونکە هەمووان ئاگاداری ئەوە هەین کە ئەو وڵاتانەش پلان و پیلانێکی زۆریان هەیە لانیکەم بۆ ئەو بەش و شارانەی کوردستان کە ئازەری/ تورک و کورد پێکەوە دەژین.

- نیگەرانییەکی دیکەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکەوە سازان و ڕێککەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لەگەڵ پاشماوەی دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی کە لەم ڕۆژانەی دواییدا تامەزرۆییەکی زۆر لە نێویاندا بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بەرچاو دەکەوێت و هەر ئێستاکەش کە لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا کە باس لە شکستی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکا لە پاکستان دەکرێت، بەڵام ڕاگەیەندراو و بەیاننامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێژەیەکی بەرچاو لە نەرمونیانییان پێوە دیارە و وا دەردەکەوێت هەوڵ دەدەن دەرەتانێک بۆ بەردەوامی وتووێژەکان بهێڵنەوە. بڕیاردەرانی حیزبەکان هەر سەرەتا وایان دەخوێندەوە و ئێستاکەش وای بۆ دەچن کە سازان و پێکهاتنی لایەنەکانی شەڕ وا دەکات لە ئەگەری هەر جووڵەیەکی هێزی پێشمەرگە، کورد بە تاقی تەنیا لە مەیدانی دژ بە کۆماری ئیسلامیدا بمێنێتەوە و ئەوسا لە نێوان پیلانەکانی ئێران و ئەو دوو ئەکتەرە هەرێمییەی پێشتر ئاماژەم پێدان لە دوێرد بدرێت.

- ئەوەی لە سەرەوە باس کرا گرینگترینی ئەو مەترسی و هەڕەشانەن کە زەینی بڕیاردەرانی حیزبەکانیان سەرقاڵی خۆیان کردووە. بێگومان لە پاڵ ئەمانەدا، دەکرێت هەندێ هۆکاری دیکە بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری سەربازی و لاوازییە تەکتیکییەکان و کەموکورییەکان هەبن کە بۆ نووسەری ئەم دێڕانە نەناسراو و شاراوە بن و باسکردن لە بەشێکی دیکەش لە دۆخی ئێستادا قازانجی نەبێت. لەبەرچاوگرتنی ئەم نیگەرانیانەی بڕیاردەرانی حیزبەکان، لانیکەم هەڵگری ئەو قازانجەیە کە تاکی کورد لە پاڵ بینینی ئەو دەلاقەیەی بە ڕووی حیزبەکاندا کراوەتەوە، کۆی ئەو چواردیوارییە ببینێت کە دەوری حیزبەکانی پێ گیراوە. بێگومان ئەو هەڕەشە و بەربەستانە ئەوەندە هەن کە پرۆسەی بڕیاردان سەخت و دژوار بکەن و ڕەوایی بە ئاستێک لە دووربینی و خۆپارێزی بڕیاردەرانی حیزبی بدەن. بەڵام باسەکە بەمە کۆتایی نایەت.

- دەکرێ بڕیاردەرانی حیزبەکانیش ئەم جۆرە پرسیارانە بە ڕەوا ببینن کە دەڵێن ئایا دەرفەتێکی لەم چەشنە کە بە هۆی هێرشی زلهێزێکی جیهانی و زلهێزێکی ناوچەیی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان ڕەخساوە، شایەنی ئاستێک لە سەرهەڵگرتن و سەرکێشی و قەبووڵی مەترسی لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بە گشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە؟ ئایا دەرفەتێکی لەو جۆرە بە هۆی بیرکردنەوە لە تێچوو و مەترسییە ئەگەرییەکان بە فیڕۆ نەچووە و ناچێت؟ ئایا کەنارگیربوونی حیزبەکان لە کات و ساتێکی لەم جۆرە قومار کردن بە داهاتووی خودی حیزبەکانەوە نییە؟ ئایا حیزبەکان دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بن کە ئاواتی بۆ دەخوازن و بە کاتی پێویستی خۆتێوەردانی وێنا دەکەن یاخود خۆیان بەشێک بن لە گۆڕانکارییەکان؟ ئایا مانەوەی کۆماری ئیسلامی بە واتای بەردەوامی و توندتربوونەوەی گوشارەکان لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و چڕترکردنەوەی هەوڵەکان بۆ تەفروتووناکردن و لانیکەم دەرپەڕاندنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور نییە؟ ئەو باجەی بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەدرێت بۆچی نەبێتە دەسمایەی سەرکێشییەک کە ڕەنگە هاوەڵی سەرکەوتن بێت؟

- من ئێستا خۆم لە بازنەی ئەو کەسانەم کە پێشبینی ئەوە دەکەن لە ئەگەری سازان و ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران و مانەوەی کۆماری ئیسلامی و گەڕاندنەوەی سەقامگیری، چیتر بوار بۆ کاری حیزبی و چالاکی سیاسی بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەرگیز بە شێوازی پێشوو نارەخسێت و تەنانەت ناکرێت شکستی سیاسەتی گوشاری هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرحیزبەکان لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینی ژینا وەک نموونە بهێنرێتەوە، چونکە ئەم جار دۆخەکە زۆر جیاوازترە و حیزبەکان وەک بەشێک لە هێزی دوژمن بۆ کۆتاییهێنانی یەکجارەیی بە مانەوەی ڕژێم و تەنانەت مانەوەی ئێران حسێبیان بۆ دەکرێت. بۆیە بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی لەنێوبردن و لانیکەم پەرتەوازەیی و دەرپەڕاندنیان دەدرێت. بچووکترین هۆکاری ئەوەیە کە خوێندنەوەی بڕیاردەرانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دوای لێدوانەکانی ترامپ سەبارەت بە ناردنی چەک بۆ هێزێکی کوردی بە مەبەستی پڕچەککردنی خۆپیشاندەران لە ئێران، ئەوەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەم شەڕەدا هاوکار و هاوبەرەی ئیسرائیل و ئەمریکان و جووڵە نەکردنیشیان دیسان پەیوەندی بە ڕێگریکردنی ترامپەوە بووە. واتە نەهاتنەوە نەبووە، بەڵکوو دواکەوتنی جووڵە بووە تا ئەو ساتەی جووڵەیان لە بەرژەوەندی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت. بچووکترین نیشانەی ئەو خوێندنەوەش ئەوەیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەسی دوو هەفتەیی لەگەڵ ئەمریکا، داوایان لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی باشوور دەر بکەن.

تەنانەت ئەگەر وا وێنا بکرێت کە کۆماری ئیسلامی دوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکاش لە پاکستان، سەرقاڵی ڕاگیری و چەسپاندنەوەی دەسەڵاتی نێوخۆیی و چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی دوای شەڕ دەبێت و بیر لە هێرش بۆ سەر

حیزبەکان ناکاتەوە، ئەوە بە واتای دەربازبوونی حیزبەکان لە مەترسییەکانی بەردەم نابێت. بەبۆچوونی من پاشهات و لێکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتنە بۆ دۆخی نێوخۆیی حیزبەکانیش بەرفراوان دەبن. کەمترین پەیهاتی ئەوەیە کە کەشێکی بێ هیوایی لە نێو پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکاندا درووست دەبێت کە دوور نییە تا سنووری قەیران و بگرە دابڕان بیانبات. بە ئەگەری زۆر پرسیاری لەم چەشنە لە سەرکردایەتی حیزبەکان، لە تاروپۆیان دەدات: ئایا هیچ پلانێکی پێشبینیکراو و ئامادەکراوی پێشوەختە بۆ دۆخی شەرێکی لەو جۆرە لە نێو حیزبەکاندا هەبوو؟ ئەگەر هەبوو بۆ جێبەجێ نەکرا و ئەگەر نا حیزبەکان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەرقاڵی چی بوون؟ ئایا چاوەڕوان بوون چ فاکتەرێکی قورستر و بەهێزتر لەو بۆردومانە ئاسمانیانە یارمەتیدەر بێت بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی پێشوەختە ئامادەکراو؟ هەڵبەت وەک وتم، ئێستاش و تەنانەت دوای شکستی دانوستانەکانی ئەمڕۆی پاکستان هێشتا دیار نییە ڕووداوەکانی داهاتوو بە چ ئاقارێکدا دەچن. ئەگەر وای دابنەین دانوستانی دیکە لە ئارادا بێت و ڕێککەوتن بکرێت بە ئەگەری زۆر دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین حیزبەکان زیاتر سەرقاڵی ئەم ڕەخنە نێوخۆییانە و خۆپاراستن لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بن. ئەوەندە دەتوانم بڵێم دۆخێکی بێ هیواکەر دەبێت. بەڵام ئەگەر کاردانەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل بەم شکستە دیپلۆماسییەی ئەمڕۆ دەستپێکردنەوەی هێرشەکان بە شێوازی چل ڕۆژی ڕابردوو بێت تا ئەو کاتەی ئێران بە ناچاری بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانوستان، چی؟

- بە بۆچوونی من سەرباری ئەوەی کە نکۆڵی و حاشا لە هەڕەشە ئەگەرییەکان و ئەو دۆخە پڕ لە مەترسییە ناکرێت، بەڵام پێویستە لە هەڵسەنگاندنەکانی هاوپەیمانێتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەمجار گرینگییەکی زیاتر بە سەرکێشی و خۆ خستنە نێو مەترسییەکان بدرێت. بۆچی و لۆژیکی پشت ئەم پێشنیارە چییە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی نیگەرانی حیزبەکان و باقی ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، توخم و فاکتەرگەلێکی نەگۆڕ و تا ڕادەیەکی زۆر پاوەجێن. ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوەی کە بۆ نموونە دژایەتی تورکیا لەگەڵ کورد فاکتەرێکە کە هیچ هۆکارێکی نییە مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە بکات کە لە ساڵانی داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. لە هەر شوێنێکی ئەم گەردوونە کورد دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت یەکێک لە هەڕەشەکان کە دێتە بەردەمی پیلانگێڕی تورکیایە. ئەوان هێشتا گرینگی بەو ئامۆژگارییە دەدەن کە پێشینیانیان گوتوویانە "کورد لە گۆی مانگ دەوڵەت بنیات بنێت، ئەرکی تورکیایە بیرووخێنێت". هەروەها هەڕەشەکردن لە هەرێمی باشووری کوردستانیش فاکتەرێکە کە هەمیشە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ دەبات، مەگەر ئەوەی دڵنیا بێت کە هێزی پێشمەرگەی باشوور دژ بە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات دەجەنگێت و لە باشوور وەدەریان دەنێن کە لانیکەم لە ڕوانگەی منەوە ئەوە دوور و ئەستەم و نزیک لە مەحاڵە کە ڕوو بدات. بۆیە هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات چە ئێستا و چ لە داهاتوودا هەر جۆرە جووڵەیەک دژ بە کۆماری ئیسلامی بکات، چاوەڕوانی لێدان لە بەرژەوەندییەکانی باشوور دەکرێت. توخمێکی نەگۆڕە و هیچی پێ ناکرێت.

ئەوەش کە کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی سەردەستی ئێستا مەترسین بۆ سەر کوردستان و ئەگەری ئەوەی هەیە بڕیاری کۆمەڵکوژکردنی خەڵک بدەن، دەکرێ وەک فاکتەرێکی نەگۆڕ سەیر بکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و هەروەها ئەزموونی کۆماری ئیسلامی و بگرە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیونی ئێستای فارس بەرامبەر کورد، من گومانێکم لەوەدا نییە هەر دەسەڵاتێکی تاران لە قاڵبی دەوڵەتی فارس- ئێرانیدا نەک مووشەک، بگرە فیشەکیشی نەمێنیت هێشتا لەسەر ئەوە حسێب دەکات کە خەڵکەکەیان دوو دەست و دە قامکیان هەیە بۆ خنکاندن و شکاندنی ملی کورد.

- کەوابوو، ئەگەر نیگەرانی لەو فاکتەرە نەگۆڕانە ببنە هۆی پارێز و بڕیاری خۆپارێزانە، ئەوا دەبێ ببنەری بەردەوامبوونی گۆشەگری و دوورەپارێزی لە گۆڕانکارییەکان تا داهاتوویەکی چاوەڕوانکراو بین. ئەوەی بگۆڕە ئاستی قەبووڵکردنی مەترسییەکان و بە واتایەک سەرکێشی سیاسییە. سیاسەت هاودەمی ڕیسک و خەتەرکردنە، بە تایبەت بۆ ئەو ئەکتەرانەی شتێکیان بۆ لە دەست دان نییە، دەبێ بژاردەیەکی بەردڵتر بێت!

- لە کۆتاییدا، خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو ڕەخنەیە لەم نووسراوەیە بگرێت کە زیاتر هاندانە تا نەخشەڕێگا، بێگومان بەشیک لەو ڕەخنەیە ڕاستە، بەڵام گریمانەی نووسەر ئەوەیە حیزبەکان وەک خۆیان بانگەشەی دەکەن، خاوەن نەخشەڕێگای پێشوەختە ئامادەکراون!

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پریس - ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٦

هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پێویستییەک لە قۆناغی گۆڕانکاریی ئێراندا

شەهێن زادئەحمەد

هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان خۆبەخۆ گەرەنتیی گۆڕانکاری ناکات، بەڵکوو مەرجی سەرەکییە بۆ کۆتاییهێنان بە پەرتەوازەیی، داڕشتنی گوتارێکی هاوبەش و، بەشداریکردنی کاریگەر لە داڕشتنەوەی چارەنووسی سیاسیدا.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە هاوپەیمانی کاتێک دەتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی بخوڵقێنێت کە پشتبەستوو بە پەیوەندیی پتەو لەگەڵ جەماوەر، بەرنامەیەکی تۆکمەی کار و توانای بڕیاردان و مانۆڕی سیاسیی هاوبەش بێت. لەو

ڕوانگەیەوە، پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەنگاوێکی مێژوویی و گرنگە؛ بەڵام کاریگەری و سەنگەکەی بە کردار و بەردەوامیی ئەو هاوپەیمانییە لە گۆڕەپانی خەباتدا دیاری دەکرێت، نەک تەنها بە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی.

ئەم بابەتە پێویستە لە سێ ئاستی سەرەکیدا هەڵبسەنگێندرێت:

یەکەم: یەکڕیزی و هاوئاهەنگیی نێوخۆیی حیزبەکانی کوردستان؛
دووەم: هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران و نەتەوە بندەستەکانی دیکە؛
سێیەم: پەیوەندی و دیپلۆماسیی کاریگەر لەگەڵ وڵاتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان.

ئەم سێ ئاستە تەواوکەری یەکترن، بەڵام جیاوازن و پێویستە لە هەر یەکەیاندا بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ و بەرپرسیارانە هەنگاو بنرێت.

هاوپەیمانی لە مێژوودا

نموونەی بزووتنەوەی «سۆلیداریتی» لە لەهێستان نیشان دەدات کە هاوپەیمانیی سیاسی دەتوانێت دەروازەی سەرەکیی گۆڕانکاری بێت کاتێک لەسەر بنەمای هاوکاریی فراوان، دیالۆگی نیشتمانی و ڕێککەوتنی ستراتیژیک بنیات بنرێت. گفتوگۆکانی مێزی بازنەیی لە ٦ی فێوریە تا ٥ی ئاوریلی ١٩٨٩ بەڕێوەچوون و بە ڕێککەوتن لەسەر ڕیفۆرمی سیاسی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نیمچەئازاد کۆتاییان هات. لە هەڵبژاردنەکانی ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا، کاندیدەکانی سۆلیداریتی هەموو ئەو کورسییانەیان بردەوە کە لە پەرلەمانی خوارووی ڕێگەی کێبڕکێیان پێدرابوو و، ٩٩ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسیی ئەنجومەنی سێناتیشیان (پیران) بەدەستهێنا. ئەو سەرکەوتنە گەورەیە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیی لەهێستانی خێراتر کرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆتالیتێر هێنا.

ئەم نموونەیە بە مانای ئەوە نییە کە هەمان ڕێڕەو بە هەموو وردەکارییەکانیەوە لە ئێرانیش دووبارە دەبێتەوە؛ چونکە بارودۆخی مێژوویی، پێکهاتەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی هەر وڵاتێک جیاوازن. بەڵام وانەیەکی گشتگیر و حاشاهەڵنەگر پێشکەش دەکات: هاوپەیمانی کاتێک دەگاتە ئامانج کە ڕەگی لە نێو کۆمەڵگەدا بێت، لە ئاستی نەتەوەییدا خاوەنی هێزی دیالۆگ بێت و، بۆ قۆناغی دوای ڕووخان بەرچاوڕوونی و ڕێڕەوی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت. هاوپەیمانییەک کە لە

سەرچاوە Serchawe

سنووری ڕاگەیاندنی هاوبەشدا قەتیس بمێنێتەوە، ناتوانێت بە تەنیا هاوسەنگییە سیاسییەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بگۆڕێت.

قەیرانی ئێران و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە چاوخشاندنێک بە قەیرانی گشتیی ئێران و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبینین کە ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت لە کۆتایی ٢٠٢٥ و سەرەتای ٢٠٢٦، پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسساز و شەپۆلێکی فراوانی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی بەخۆوە بینیوە. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش ڕاپۆرتی حکوومەتی بریتانیا، ئاماژە بەوە دەکەن کە نارەزایەتییەکان لە ٢٨ی دێسامبری ٢٠٢٥ لە بازاڕەکانی تارانەوە بەهۆی دارمانی ئابووری و خراپبوونی بژێویی ژیان سەریان هەڵدا و بە خێرایی تەواوی جوغرافیای ئێرانیان گرتەوە. ئەم نارەزایەتییانە تەنیا داخوازیی کاتیی ئابووری نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ویستێکی گشتگیر و شۆڕشگێڕانەی زۆرینەی ڕەهای خەڵکن بۆ تێپەڕین لە تەواوی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی.

لەو نێوەندەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرباری هاوبەشی لە قەیرانە گشتییەکانی ئێراندا، بەهۆی ستەمی نەتەوەیی و سیاسەتی سیستماتیکی دەسەڵات، بارودۆخێکی تایبەت و هەستیارتری هەیە. هەڵاواردن، بێکاریی بە ئەنقەست، گەشەپێنەدراوی و هەژاریی سەپێنراو بەسەر شار و ناوچەکانی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ سنووردارکردنی دەرفەتەکانی کار، خوێندن بە زمانی دایک و بەشداریی سیاسی، پرسی کوردستانی لە بابەتێکی سادەی ئابووری و کولتوورییەوە گۆڕیوە بۆ کێشەیەکی بنەڕەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دابەشکردنی عادڵانەی دەسەڵات و سامانی وڵات و، چەسپاندنی دادپەروەری.

لە لایەکی ترەوە، شوێنی ژێئۆپۆلیتیکی و ستراتیژیکی کوردستان لەسەر سنوورەکان و دۆخی ئەمنیی ناوچەکە، خەباتی سیاسی ئاڵۆزتر و لە هەمان کاتدا کاریگەرتر دەکات. هەر بۆیە دارشتنی سیاسەتی هاوپەیمانی پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەیە کە هاوکێشە ناوچەییەکانیش لەبەرچاو بگرێت.

هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانیی ئێران

لە ٢٢ی فێوریەی ٢٠٢٦دا، پێنج حیزبی سەرەکیی کوردستانیی ئێران دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی

کوردستانی ئێران»یان ڕاگەیاند. ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کە لە درێژەدا حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیشی پێوە پەیوەست بوو). پلاتفۆرمی ئەم هاوپەیمانییە لەلایەن بەرپرسانی باڵای حیزبەکانەوە واژۆ کرا و دوای زنجیرەیەک گفتوگۆی چڕ و بەرپرسیارانە بە فەرمی ڕاگەیەنرا.

لەم پرۆسەیەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی دیاریکەری لە دارشتنی بیرۆکەکە، لێکنزیککردنەوەی دیدگاکان و پێداگری لەسەر پێویستیی حاشاهەڵنەگری یەکڕیزی گێڕاوە. بێگومان واژۆکردنی پلاتفۆرمەکە لەلایەن سەرجەم لایەنەکانەوە، سەرمایەیەکی نیشتمانی و دەستکەوتێکی هاوبەشە بۆ تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم هاوپەیمانییە لە بەهێزکردنی یەکڕیزی و هاوئاهەنگیی مەیدانی، بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و ئازادییە دیمۆکراتیکەکان و، مسۆگەرکردنی بەشداریی کاریگەری گەلی کورد لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی ئێران کورت دەبنەوە؛ ئامانجگەلێک کە دەبێ لە ڕێگەی کرداری شۆڕشگێڕانە و کاری بەردەوامەوە بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە.

پێنج خاڵی بەهێزی هاوپەیمانی کە پێویستە بکرێنە بنەما

پێنج خاڵی بەهێز و بنەڕەتی لەم هاوپەیمانییەدا هەن کە پێویستە بکرێنە سەنگەری سەرەکیی خەباتی هاوبەش:

– **یەکخستنی گوتار:** پەیامی حیزبە بەشداربووەکان بەرامبەر بە ڕووداوەکان و لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا یەکگرتوو و کاریگەرتر دەکات.

– **بەهێزکردنی سەنگی دانوستان:** توانای نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی گەلی کورد لە هەر گفتوگۆ و هاوکێشەیەکی سیاسیی چارەنووسسازدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە.

– **هاوکاری لەگەڵ پاراستنی فرەڕەنگی:** بوار بۆ بەکارهێنانی خاڵە هاوبەشەکان دەکاتەوە، بە شێوەیەک کە تایبەتمەندی و ناسنامەی سیاسیی هەریەک لە حیزبەکان پارێزراو بێت.

سەرچاوە Serchawe

– چەسپاندنی پرسی کورد: دۆزی ڕەوای کوردستان و خواستە نەتەوەییەکان دەخاتە چەقی هەموو گفتوگۆیەکی پەیوەندیدار بە داهاتووی سیاسیی ئێران.

– پلاتفۆرمی هاوبەش بۆ دیالۆگ: دەبێتە چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ هەڵوێستوەرگرتن و دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران.

سێ ئاستی پێویستیی هاوپەیمانی بۆ حیزبەکانی کوردستان

– ئاستی یەکەم؛ هاوئاهەنگیی نێوان حیزبەکانی کوردستان:

ئەم ئاستە پێویستی بە بەرنامەیەکی کاری هاوبەش، میکانیزمی بڕیاردانی خێرا و لێکتێگەیشتن لەسەر بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان هەیە. جیاوازیی بیروباوەڕ و شێوازی خەبات لە نێو بزووتنەوەیەکی فرەڕەنگدا دیاردەیەکی سروشتییە؛ گرنگ ئەوەیە ئیرادەی سیاسی بۆ پاراستنی هاوپەیمانییەکە لە سەرووی هەموو جیاوازییەکانەوە بێت.

– ئاستی دووەم؛ هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران و نەتەوەکانی دیکە:

هەر چەشنە دیالۆگ و پەیمانێک لەم ئاستەدا دەبێت لەسەر بنەمای دانپێدانانی ڕوون بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دێموکراسیی ڕاستەقینە، سیستەمی فیدراڵ و مافی یەکسانی نەتەوەکان بێت؛ بە جۆرێک کە کوردستان وەک هاوبەشێکی سەرەکی و بڕیاردەر لە هاوکێشەکەدا ئامادە بێت.

– ئاستی سێیەم؛ پەیوەندی و دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان:

وتاری یەکگرتووی دیپلۆماسی و دیپلۆماسییەکی چالاک دەتوانن دۆزی کورد بگەیەننە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان. پشتیوانیی نێودەوڵەتی ئەو کاتە بەدەست دێت کە هاوپەیمانییەکە وەک ئەلتەرناتیڤێکی دیمۆکراتیک، یەکگرتوو و خاوەن پێگەی بەهێزی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربکەوێت.

سنوورەکان و پێوەرەکانی سەرکەوتن لە هاوپەیمانیدا

سەرکەوتنی هاوپەیمانی تەنها لە ڕاگەیاندنی سەرەتاییدا کورت نابێتەوە. پێوەری سەرەکیی سەرکەوتن بریتییە لە:

بەڕێوەبردنی هاوبەشی قەیرانەکان، بەکرداریکردنی بڕیارەکان لە مەیداندا، بەردەوامیی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە نێوخۆی وڵات و، بەرفراوانکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان و چالاکوانانی مەدەنی.

ئەم ڕوانگە واقیعی و نیشتمانییە ئێستا لە هەنگاوەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا بەدی دەکرێت، بەڵام پێویستی بە بەردەوامی، چاودێری و تۆکمەکردنی زیاتر هەیە تا بتوانێت وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانییە بەرزەکانی گەلی کورد لەم قۆناغە هەستیارەدا بێت.

کۆتایی و دەرەنجام

لە کۆتاییدا، قەیرانی هەمەلایەنەی ڕژێمی ئێران، ڕاپەڕینی بەردەوامی جەماوەر بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و، هەستیاریی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە، پێویستیی یەکڕیزی و هاوپەیمانیی سیاسییان لە هەموو کات زیاتر کردووە.

پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان وەڵامێکی بەرپرسیارانە بوو بە داخوازیی مێژوویی کۆمەڵگە. وانەی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەر دەبێت کاتێک بەرنامەی سیاسیی هاوبەش، ئیرادەی حیزبەکان و پشتیوانیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلی کوردستان لە یەک سەنگەردا یەک دەگرنەوە. ئەم هاوپەیمانییە خاڵی وەرچەرخانە بۆ مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئایندەی سیاسیی ئێراندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سپاس و پێزانین

بۆ نووسین و ئامادەکردنی بەیاننامە، ڕاگەیاندن و لێدوانەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران،

هەروەها؛ وتارو نووسراوەکانی هەموو هاوڕێ و دۆستان

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe